# زاخۆ و دهۆک

## لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٥٥-١٣٤٢ کۆچی

١٨٤٠-١٩٢٤ زایینی

**بەرگی دەیەم**

هەواڵنامەی کتێب

**بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان**

**خانەی بەڵگەکان**

**٢٠١٩**

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# پێرســت


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | چەند رونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی | ١٠ |
| ٤ | کۆد و ووشەی رەسەنی کۆدەکان | ١٦ |
| ٥ | بەڵگەکان | ٢١ |


هەواڵنامەی کتێب





• ناوی کتێب • زاخۆ و دهۆك له بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا
بەرگی دەیەم ١٢٥٥-١٣٤٢ كۆچی/ ١٨٤٠-١٩٢٤ زایینی
• ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
• وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی رەحمان
• بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
• دیزاینی ناوەڕۆک • سومەییە مورادی
• بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی بەڵگەکان
• تیراژ • ١٠٠٠ دانە
• چاپ • یەکەم ٢٠١٩ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠١٩ی وەزارەتی رۆشنبیری



Download Books بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان:
www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وشە و بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە
سەرچاوەکەی بەڵگەکانە و ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی
زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پێشەکی

زاخۆ ناوچەیەکە دەکەوێتە پارێزگاری دهۆک، لە هەمان کاتدا دەکەوێتە سنووری تورکیا، رووباری خابوور سنووری زاخۆ و تورکیا جیادەکاتەوە و لە تورکیاوە دێت و بە ناو زاخۆ تێدەپەرێت. دانیشتووانەکەی لە موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی پێکدێن.

ئەم ناوچەیە شوێنەوارێکی زۆر لە خۆ دەگرێت؛ لە مزگەوت و قشلە لەوانەش پردی دەلالە کە لە سەردەمی عەباسییەکان بونیاد نراوە، جگە لەمە لە رووی مێژووییەوە چەندین مێرنشینی تێدا دامەزراوە وەکو بادینان دواتریش کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان، لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان مایەوە تا خرایە سەر ووڵاتی عیراق.

بێگومان هەرناوچەیەک وشوێنێک لەرووی کارگێری وسیاسییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەو ناوچانەی دەکەوێتە سەرسنوور بایەخەکەی زیاتر دەبێ، چونکە نزیک دەبێ لە کێشەی سەرسنوور، لەبەر ئەوەی زاخۆش لەگەڵ تورکیا هاوسنوورە، گرفتی لەگەڵ هۆزە کۆچەرییەکان هەبووە، جگە لە ئەم هۆزانە لە کاتی پەرینەوە کێشەیان بۆ ناوچەکە دروست کردووە، گرفتی ئیداریشی هەبووە و بە تایبەتی لە کۆکردنەوەی باجدا بە هێزی مەفرەزەی سەربازی داهاتی کۆکردۆتەوە.

هەروک لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێت بەهۆی زۆری باج دانیشتووان نەیانتوانیوە پابەندی رێژەی باجەکان بن، بۆیە بە زەبری هێز باج کۆکراوەتەوە و زۆربەی کاتیش لە وەرگرتنی کێشە دروست بووە، لەلایەکی تر لە نێوان هۆزەکان کێشە و شەڕی ناوەخۆ سەری هەڵداوە، دەوڵەتی عوسمانی دەستپێشخەری کردووە تاوەکو نێوانیان ئاشت بکاتەوە و بارودۆخەکە هێور بکاتەوە.

بەڵگەکانی ئەم بەرگەیە لە (٣٢٠) بەڵگە پێک دێت و لە بابەتی سیاسی و ئیداری پێکهاتوون، هیواداریـن مێژوونووسان سوود لە بابەتەکان وەربگرن.

د. نەوزاد یەحیا باجگر
سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

# چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان

١ • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و رۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومی یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

٢ • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

٣ • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان روون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

٤ • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

٥ • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

٦ • هەندێک ووشە یاخود راستترە بڵێن زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە رۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە

پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی
یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان
هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند ٧
بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت، واتە هەر لاپەرەیەک
بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی
وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی
تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد،
بابەتەکە لە چەند لاپەرەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی ٨
بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت
کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەیان نەدراوەتێ.

• لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی
بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ٩
ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە
کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری ١٠
نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ ڕێزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ
و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی
سەر بەرگەکەی گۆڕانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی
نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە ١١
کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک
نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

• هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت
ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ ەکەی فرێ داوە، یا ئەگەر نووسرابێت ساڵی (٣٣٦) ١٢
ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ ەکەی فرێ داوە.

**وەرگێـر**

# شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ئالای (الای) | ئالای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئالایەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بریارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی والا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵک جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق (اوجاقلق) | ئەو زەوییانەن کە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک دەڕۆیشت. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئەو سەربازەیە کە قوماندانیەتی ١٠ کەسی کردووە، ئەمەش لە نێوان کەس و چاوشەکە دەبێت. |
| ئیستدعانامە (استدعانامه) | ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە . |
| ئیستعلامنامە (استعلامنامه) | ئیستعلام واتە بە نووسراو داوای زانیاری کراوە، هەرچی ئیستعلامنامەیە ئەوائەو نووسراوە بووە، بەڵگەی لەگەڵ بووە. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەو بریارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بریارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر واتە لە ئەو بەرزتر دەکرا، تا بریارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی همایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیبی، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی رێک نەخراو یاخود نارێک. |
| باش مودیرەت (باش مدیرت) | باش بە مانای سەرۆك یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەرێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەرێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەرێوەبەرایەتی دێت. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بیمباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بیمباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەرێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| پلەی حەرەمەین (درجه حرمین) | بەو کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە. زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبۆڵ پلەیەکی بەرزە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا رۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەو فەرمانبەرەیە کە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانە) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بووە کاروباری کەشتیە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تەغار (تغار) | چوار ربە یەك تەغارە. |
| تەنزیمات (تنظیمات) | لە رووی زاراوەدا بە مانای رێکخستن و رێکوپێکی و خستنە سەر رێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ساڵی ١٨٣٩ ی ٣ی قاسم لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی هومایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی راگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی (تنظیمات خیریه) بوو. |
| تیمار | ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بە شێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە لە پلەیەك دانیشتووە واتە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەرێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە یاخود ئەو کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان هەروەها کە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |

| | |
|---|---|
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا. |
| داعی | ئەو کەسە دەگەرێتەوە کە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردنە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبۆل پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە فەرمانگەیەك بووە کاروباری پارەی دەوڵەت، موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| دوخان | تووتن. |
| دوخانچی | تووتنچی؛ ئەو کەسە دەگەیەنێت کە کاری تووتن دەکات. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری رووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە وتراوە رەدیف کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو رۆژەیە لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و رۆژە گەرمەکان نیشان دەدات. |
| رسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| رسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ریاسەتپەناهی. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاویە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب هومایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| زەربخانەی عامیرە (ضربخانه العامره) | ئەو شوێنەیە پارەی دەوڵەتی لێ دروست دەکرا. |
| سالیانە | ئەو باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان کە ئەرك هەبووە، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك (سفربرلك) | واتە چوونە شەر، بەو کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەو ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سوریچی | ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بووە، بەکری گیراوە تا بارگیرەکان بە رێگا ببات. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر (سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەو پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە شەرەکان بە چەك شەریان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر(شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لەدەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەودامەزراوەیە،ئەنجوومەنی والاکارەکانی دەکرد،دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا،لەساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا،جۆری کارەکەی لەکاری کارگێری پێک دەهات،ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێرییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |

| | |
|---|---|
| چاوش | وشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمڕۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوك (چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان سەر بە خەزینە و فەرمانبەرێک بوو، ئەو داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەرێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، وایکرد بوو ناوە ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە کۆن لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەرک و خزمەت بوو، ئەو فەرمانبەرانە بوون لە بابی عالی لە ویلایەت لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەرێوەبەری ئەو چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغایە کسانە بە ئەفسەری قۆڵەکی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەو پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ كردن دەكردرێت، هەرچی قولی؛ ئەو فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە بە قورسایی ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەو پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و یەك لە دوای یەك لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، ئەمەش بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەرێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان لەو کرێیە پێك هاتبوو، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەو کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێلە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| کیل | کیل، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| گاردیان | فەرمانبەری گرتووخانە. |
| مەشروتیەت(مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتە واتە لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەو حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وولاتی عوسمانی. |
| مەمالیك(ممالك) | وولاتەکان، مەمڵەکەتەکان، خاکی وولاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەوییانە بوونە کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی ڕێککەوتن بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| نەزارەت (نظارت) | لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. بە زاراوەی ئێستا بە مانای وەزارەت دێت. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی ڕەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

هەواڵنامەی کتێب

## کۆد و ووشەی ڕەسەنی کۆدەکان

| | | |
|---|---|---|
| A.AMD. | Bab-i Âsafî<br>Âmedî Kalemi | بابی عەسافی |
| A.DVN. | Sadaret<br>Divan Kalemi Evrakı | سەدارەت، کاغەزەکانی دیوانی قەڵەم |
| A.E.I. ABDÜLHAMİD. | Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid | پۆلینکردنی میری عەلی، عەبدولحەمیدی یەکەم |
| A.E.III. OSMAN. | Ali Emiri Tasnifi III. Osman | پۆلینکردنی میری عەلی، عوسمانی سێیەم |
| A.E.III.AHMED. | Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed | پۆلینکردنی میری عەلی، ئەحمەدی سێیەم |
| A.E.III.MUSTAFA. | Ali Emiri III. Mustafa | پۆلینکردنی میری عەلی، مستەفای سێیەم |
| A.MKT. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi | سەدارەت، قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.DV. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Deavî | سەدارەت، دیوانی قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.MHM. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Mühimme | سەدارەت، قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان |
| A.MKT.MİTM. | B.E.O. Sadaret Evrakı | بابی عالی، کاغەزەکانی سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Meclis-i Vala | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری ئەنجوومەنی والا |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.NZD. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>نەزارەت و دیوان |
| A.MKT.UM . | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Umum Vilayet | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>گشت ویلایەتەکان |
| BEO. | Babıali Evrak Odası | کاغەزەکانی ژووری بابی عالی |
| C.AS. | Cevdet<br>Tasnifi Askeriye | جەودەت، پۆلینکردنی سەربازی |
| C.EV. | Cevdet<br>Evkaf | جەودەت، ئاوقاف |
| C.NF. | Cevdet<br>Nafia | جەودەت، نافیە |
| C.T. | Cevdet<br>Timar | جەودەت، تیمار |
| DH.EUM.EMN. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi | نەزارەتی ناوەخۆ، یەکەی<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی<br>گشتی |
| DH.EUM.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta Mecmuası | نەزارەتی ناوەخۆ،<br>بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی<br>پۆستەی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.I.UM.EK. | Dâhiliye Nezareti<br>İrade-iUmummiye Ekleri | نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی<br>فەرمانی گشتی |
| DH.ID. | Dâhiliye Nezareti İrade | نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان |

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye-Hapishâneler | نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی میری-گرتووخانەکان |
| DH.MB.HPS.M. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی بینایەی میری |
| DH.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Mektubi Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی تۆمار |
| DH.ŞFR. | Dâhiliye Nezareti<br>Şifre Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی شیفرە |
| DH.SN.THR. | Dâhiliye Nezareti<br>Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری ناسنامە، فەرمانی گشتی قەڵەمی تۆمارکردن |
| DH.TMIK. M. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela | نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.TMIK.S. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu | نەزارەتی ناوەخۆ، قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.UMVM. | Dâhiliye Nezareti<br>Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat Müdürlüğü Kataloğu | نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری دارایی و کەتەلۆگی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت |
| HR.MKT. | Hariciye Nezareti<br>Mektubi Kalemi Evrakı | نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمار |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HR.SYS. | Hariciye Nezareti<br>Tahrirat-ı Hariciye Odası | نەزارەتی دەرەوە، ژووری<br>تۆماری دەرەوە |
| I.AS. | Irade Askeri | فەرمانی سەربازی |
| İ.DH. | Irade Dâhiliye | فەرمانی ناوەخۆ |
| I.DUIT. | Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifî | ڕێگاکانی فەرمانی دۆسیە،<br>پۆلینکردنی فەرمان |
| I.HB. | Irade Harbiye | فەرمانی جەنگی |
| I.HUS. | Irade Hususi | فەرمانی تایبەتی |
| İ.ML. | Irade Maliye | فەرمانی دارایی |
| İ.MMS. | Irade Meclis-i Mahsus | فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت |
| I.MVL. | Irade Meclis-i Vâlâ | فەرمانی ئەنجوومەنی والاّ |
| I. ŞD. | Irade Şura-yı Devlet | فەرمانی شورای دەوڵەت |
| İ.TAL. | Irade Taltifat | فەرمانی ڕێزگرتن و بەخشین |
| İE.EV. | Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf) | پۆلینکردنی وەقفی<br>ئیبنولئەمین |
| MF.MKT. | Maarif Mektubi Kalemi | قەڵەمی تۆماری مەعاریف |
| MV. | Meclis-i Vükela<br>Meclis-i Vükela Matbataları | ئەنجوومەنی بریکارەکان،<br>چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی بریکارەکان |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MVL. | Meclisi Vâlâ | ئەنجوومەنی والا |
| MVL. | Meclis-i Vâlâ<br>Meclis-i Vâlâ Evrakı | ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی<br>ئەنجوومەنی والا |
| Ş.D. | Şura-yı Devlet Evrak | کاغەزەکانی شورای دەوڵەت |
| Y.A.HUS. | Yıldız<br>Sadâret Hususi | ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت |
| Y.MTV. | Yıldız<br>Mütenevvi Maruzât Evrakı | ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە<br>وون بووەکان |
| Y.PRK. AZJ | Yıldız<br>Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu | ئەستێرە، نارێك، کەتەلۆگی<br>داواکاری و ژورنال |
| Y.PRK.ASK. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat | ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی<br>کاغەزەکانی داواکاری سەربازی |
| Y.PRK.DH. | Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı | کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی<br>ناوەخۆ |
| Y.PRK.PT. | Yıldız<br>Perakende Posta ve Telgraf | ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی<br>نارێك |
| Y.PRK.SH. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı | ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی<br>داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی<br>تەندروستی |
| Y.PRK.UM. | Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı | کاغەزی گشتی، تۆماری<br>ویلایەتەکان |



هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>C.DH.</td><td>00015.00736</td><td>زیلحیجه 1255</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە ئەیالەتـی موسـڵ لەلایـەن قـەزا و هۆزەكانـی عەقـرە و عەمادییـە و دهـۆك و زاخـۆ داواكاری وەرگێـردراو هاتـووە ماوەیەكـە لـە ئەیالەتـی موسـڵ نوێنـەری دەوڵـەت و پلەبـەرزەكان بەرامبـەر بـە هـەژار و خەڵـك بـە میهرەبـان نەبوونـە و بـە بـێ ویـژدان و بـە بـێ سـگ سـووتانەوە بوێـری ئەوەیـان كـردووە تاقمێـك رووداوی وەرگرتنـی خـەرج و رسـوماتی زاڵمانـە جێبەجـێ بكـەن، زۆربـەی دانیشـتووان لـە بەرامبـەر ئـەو زوڵـم و سەركەشـیانە خۆراگـر نەبوونـە و لـە نیشـتیمانی خۆیـان كۆچیـان كـردووە، لـە ئەنجامـدا تووشـی پەرێشـانی بوونەتـەوە، لـەم بابەتـەدا حاشـا دیسـان ئـەوە سـنووری ئێمـە نییـە لـە بەرامبـەر دەوڵـەت پیاوانـی خانەدانـی دەوڵـەت بـە زاڵـم وەسـف بكەیـن، بـەڵام ئـەو بارودۆخـە بـاس كراوانـە ئەگـەر ئێمـە كەمێـك دەسـتمان لـە كاری ترسـنۆكانە و بەرهەمـی هەبووبێـت ئـەوا تۆبـە و ئیسـتغفار دەكەیـن، نزامـان بـەم نزیكانـە قەبـوڵ بێـت، پێشـەكی لـە ئەیالەتـی ناوبـراو محەمـەد تەیـار پاشـا لەلایـەن دەوڵـەت دانـراوە، ئـەم ماوەیـە لەلایـەن ناوبـراو كاری بـاش و كاروچاڵاكـی بـە ویژدانـی ئەنجـام داوە، لەگـەڵ تەواوبوونـی مـاوەی كارەكـەی دوورنەخرێتـەوە و هـەر لـە سـەر كارەكـەی بمێنێتـەوە، چەنـد سـاڵێك بمێنێتـەوە و جێگیـر بكرێـت، لـە سـەر دەرچوونـی فەرمانـی سـەروو ئەمـر و فەرمـان.</td></tr>
</table>




A.}TŞF.00011.00083.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.TSF.</td><td>00011.00083</td><td>14 شەوال 1268</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ لایەنی میری میرانی بەگ ئەفەندی لە دیوانی هومایۆن<br>بـۆ دووبـارە نـوێ کردنەوە و رێکخسـتنەوەی قائیمقامەکانی ئەیالەتی کوردسـتان، بە فەرمانی پاشـای شـاهانە عەبدوڵڵا بـەگ لـە قائیمقامـی سـانجەقی زاخۆ و میری میران کەنعان پاشـا بۆ قائیمقامیەتی سـەعرد دامەزرێـن و جێگیر بکرێن، بـە فەرمانـی موشـیر هـەواڵ و زانیـاری دراوەتـە ژووری مەکتوپچـی سـەدری عالـی جەنابـی پایەبەرزی بـەگ ئەفەندی.<br>لە ١٤ شەوال ١٢٦٨<br>مۆری حیشمەت سەید عەبدولقادر</td></tr>
</table>


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)


١٤ ل ١٢٦٨

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.NZD
57 | 2

هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.NZD.00057.00002.001


<table>
<tr><td>A.MKT.NZD.</td><td>00057.00002</td><td>14 شەوال 1268</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ژووری مەكتوپچی سەدری عالی جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بـە فەرمانی پاشـای شـاهانە، بـۆ دووبارە نـوێ كردنەوە و ڕێكخسـتنەوەی قائیمقامەكانی ئەیالەتی كوردسـتان، عەبدوڵڵا بـەگ لـە قائیمقامـی سـانجەقی زاخـۆ و میری میران كەنعان پاشـا لە قائیمقامیەتی سـەعرد دامەزرێـن و جێگیر بكرێن، ئەمەش بە فەرمانی موشیر هەواڵ و زانیاری دراوەتە ژووری مەكتوپچی سەدری عالی جەنابی پایەبەرزی بەگ ئەفەندی.<br>له ١٤ شەوال ١٢٦٨<br>مۆری حیشمەت سەید عەبدولقادر</td></tr>
</table>




A.}TŞF.00015.00052.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.TŞF. | 00015.00052 | 8 شەعبان 1269 |
|---|---|---|
| بۆ ژووری دیوانی هومایۆن میری میران بەگ ئەفەندی<br>فەرمانی عالی دەرچووە و فەرمانی پاشای شاهانە فەرموویەتی، لە ناو ئەیالەتی کوردستان عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی سانجەقی زاخۆ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی پێشووی ماردین متەوەلی سەید سەعیدی پاشازادە جەمال بەگی سیواسی وەکو قائیمقام دامەزراوە و جێگیر کراوە، هەواڵ و زانیاری بە فەرمانی شەریفەی ژووری دیوانی هومایۆن میری میران بەگ ئەفەندی دەرچووە، لە ٨ شەعبان ١٢٦٩. | | |




A.}TŞF.00016.00046.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.TŞF.</td><td>00016.00046</td><td>8 زیلقەعدە 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ قەڵەمی دیوانی هومایۆن<br>فەرمانـی عالـی و فەرمانی پاشـای شـاهانە فەرموویەتی، لە ناو ئەیالەتی کوردسـتان جەمال بەگ قائیمقامـی زاخۆ داوای دەسـت لـە کارکێشـانەوەی کـردووە، بەهـۆی دوورخسـتنەوەی لـە کارەکـەی لـە شـوێن ئـەو حوسـنی بـەگ قائیمقامی پێشـووی زەغـرەی عەتیـق دابمەزرێـت، بـە فەرمانـی شـەریف هـەواڵ و زانیـاری دراوەتـە قەڵەمـی دیوانـی هومایـۆن.<br>لە ٨ زیلقەعدە ١٢٦٩</td></tr>
</table>




A.}AMD.00046.00069.001

| A.AMD. | 00046.00069 | 5 شەوال 1269 |
|---|---|---|
| نووسراوی سەدری ئەعزەم<br>بەراییەكانی ئەنجوومەنی والا لەگەڵ بریارنامە پێشكەشی جەنابی پاشا كراوە، تاوەكو فەرمانی لەسەر دەربكات، بەكر ئاغا بەڕێوەبەری قەزای چلگەی سەر بە سانجەقی زاخۆ، كاری سەرپێچی ئەنجام داوە، بۆیە لە كارەكەی دوورخراوەتەوە و سادق ئاغا بە وەكالەت لە شوێنەكەی دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەی ١٠٠٠ قوروش مووچەی بۆ دابین كراوە، والی كوردستان جەنابی میری میرانی پاشا ئاماژەی پێكردووە، نووسراو لە خەزینە جێبەجێ كراوە و حەوالەی نەزارەتی دارایی جەلیلە كراوە، بەڵام لەم بابەتەدا جەنابی شاهنشا چ بفەرموویەت بە گوێرەی ئەو جولە دەكرێت، لەگەڵ راگەیاندنی نووسراو كرا. | | |




کتێبی هەواڵنامەی

HR.MKT.00059.00053.001

| HR.MKT. | 00059.00053 | 2 شەعبان 1269 |
| --- | --- | --- |


بۆ جەنابی سەر عەسكەری پاشا
بۆ والی كوردستان
شـێخ یوسـف ئەفەنـدی لـە خانەدانـە دێرینەكانـی قـەزای زاخـۆ و لەسـەر تەریقەتـی نەقشـبەندی، لەبـەر دێرینـی و كەسـایەتی شـایەنی رێـز و چاودێـری كردنـە، ئەمجـارە ناوبـراو لەبـەر رێكخسـتنی هەندێـك بەرژەوەنـدی رایگەیانـدووە دەچێتـە دیاربەكـر، بۆیـە ئاسـانكاری بـۆ بكرێـت و هـاوكاری بكرێـت، لەسـەر ئـەوەی لـە خەڵكـی نـاودار و میهرەبانـی دەسـتوورە، ئەفەنـدی ناوبـراو مامەڵـەی جوانـی چاودێـری كارانـەی لەگـەڵ دەكرێـت، هەروەهـا هیممـەت بكرێـت لـە ئاسـانكاری و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراو بـۆ سـەروو كـراوە.



A.}MKT.NZD.00064.00077.001

| | | |
|---|---|---|
| 1269 موحەررەم 22 | 00064.00077 | **A.MKT.NZD.** |


بۆ نەزارەتی دارایی
لـە نـاو ئەیالەتـی کوردسـتان، قەپوچـی باشـی دەرگای عالـی حاجـی عەبدوڵـڵا بەکـر لـە قائیمقامیەتـی زاخـۆ دادەمەزرێـت، بەهـۆی کاروکردەوەکانـی جێگـەی خۆشـحاڵی و مەمنونیـەت بـووە، بـە سوپاسـەوە لـە پـارەی گشـتی ئاقچـەی ڕێکخسـتووە و جێبەجیـێ کـردووە، بۆیـە لەلایـەن دانیشـتووانەوە دوو پارچـە بڕیارنامـەی گشـتی دراوەتـە ئەنجوومەنـی والا و لـەوێ خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بـە ناردنـی بـۆ سـەروو نـووسراو کـراوە.




A.}MKT.DV.00070.00023.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>A.MKT.DV.</td><td>00070.00023</td><td>19 جەمادی یەکەم 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی پاشای سەر عەسکەر<br>بۆ حلمی پاشا موتەسەرفی موسڵ<br>ئەحمـەد ئەفەنـدی پشـكێنەری زاخۆ داواكاری پێشـكەش كردووە، تێدا هاتووە؛ شـێخ یوسـف ئەفەندی بـرادەری ناوبراو هەروەها لە دانیشـتوانی موسـڵ ئەبوبەكر ئەفەندی زادە ئەحمەد ئەفەندی و زەنون زادە حەمید ئەفەندی و شـەحادە زادە محەمەد ئەفەندی لەگەڵ مستەفا قەپوچی بە سەنەد ١٨٠٠٠ قوروشیان لەلایە، كە بەم قوروشە ١٠٠ تەغار گەنمیان دەكـڕێ، لـە كاتـی كڕینەكـە كێشـە كەوتۆتـە نێوانیـان، لە كاتـی بەرزكردنـەوە، داواكـراوە بە زانیاری شـەرعی شـەریف و ئەنجوومـەن سـەیری بابەتەكە بكرێت، ئەو بڕیـارەی دەردەچێت هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی، نـووسراو كراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.NZD.00086.00032.001


<table>
<tr><td>1269 زیلقەعدە 8</td><td>00086.00032</td><td>A.MKT.NZD.</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی ئەفەندم<br>بۆ ژووری مەکتوبچی سەدری عالی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەسەر فەرمانی عالی کە دەرچووە و فەرمانی پاشای شاهانە جێبەجێ کردنی کارەکەی فەرمووە، لە ئەیالەتی کوردستان جەمال بەگ قائیمقامی سانجەقی زاخۆ داوای کردووە لە کارەکەی ببوردرێت، بۆیە لە کارەکەی دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو حوسنی بەگ قائیمقامی پێشووی زەغرەی عەتیق دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە فەرمان ئاگاداری و هەواڵ دراوەتە ژووری مەکتوبچی سەدری عالی پایەبەرزی ئەفەندم.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

A.}DVN.00089.00054.001


<table>
<tr><td>A.DVN.</td><td>00089.00054</td><td>29 شەعبان 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بـۆ جەنابـی پایەبـەرزی بەندەمـان، لـە نـاو ئەیالەتـی کوردسـتان وەکـو کاتیبـی تۆمـاری سـانجەقی زاخـۆ ئەرکـم پێدراوە و دامـەزراوم، لـەم ڕۆژانـە دەسـت بـە ڕۆیشـتن دەکـەم، بـۆ ئـەوەی کاری بەندەتـان ئاسـان بکـەن و یارمەتیـم بـدەن، لەلایـەن والـی ئەیالەتـی ناوهاتـوو جەنابـی ڕاغـب پاشـا فەرماننامەی پاشـام پـێ بدرێـت، شـایەنی یارمەتیدانی پایەبـەرزی ئێـوەم، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەكات و میهرەبانـی بـۆ ئەفەندیمانـە.<br>بەندە یوسف زیا لە خەلیفەکانی مەکتوپچی</td></tr>
</table>




A.}MKT.UM.00112.00044.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>A.MKT.UM.</th><th>00112.00044</th><th>25 موحەررەم 1269</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی والی حەلەب<br>حاجـی ئەحمـەد بـەگ ماوەیەکـی زۆرە سـەرکردایەتی قـەزای زاخـۆی سـەر بـە ئەیالەتـی موسـڵی کـردووە و لـە هەندێـك ئەرکیشـدا خزمەتـی کـردووە، هەروەهـا لـەو سـەرکردایەتیەی کـە باسـکراوە، خزمەتـی باشـی کـردووە و دەسـت و پەنجـەی دیـار بـووە و بریارنامـەی هەیـە، بـەڵام ئـەم ماوەیـە بـێ کارە و تووشـی تەنگانـە بۆتـەوە، پشـت بەسـتن بـە نیزامنامـە لـە ئەیالەتـی حەلـەب لـە گونـدی سـەرمین سـەرکردایەتی بگرێتـە ئەسـتۆ، بـە نـووسراو کۆتایـی پێهاتـووە و داواکاری کـردووە، لەبـەر ئـەوەی خزمەتـی باشیشـی کـردووە، لـە سـەرکردایەتی ناوهاتـوو یاخـود لـە خزمەتێکـی گونجاوتـر بـەکار بهێنرێـت، بـە گوێـرەی دەسـتور لـە ئەنجوومەنـی واڵا قسـەی لەسـەر کـراوە و بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە نـووسراو بـۆ سـەروو کـراوە تـا هیممـەت بکرێـت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.UM.00137.00019.001

| A.MKT.UM. | 00137.00019 | 2 رەمەزان 1269 |
|---|---|---|

بۆ والی كوردستان

ئەحمەد ئەفەنـدی موفتـی قـەزای زاخـۆ بـووە و ماوەیەكـە لـە دەرسـەعادەتە، هـەر لـە هەمـان زاخۆشـدا مـاوەی سـاڵێكە قۆناغەكـەی بەبـێ مۆڵـەت كراوەتـە قۆناغـی قائیمقـام، زۆربـەی شـوێنەكانی وێـران بـووە، ماڵومنداڵەكەشـی لـە كێڵگـە بـە شـێوەیەكی پەرێشـانی دەژیـن، بـە خۆشـی ئەمجـارە دەچێتـە ئۆڵجانیـە، قۆناغـی باسـكراویش تـا ئـەو ماوەیـەی بـە كـرێ دراوە و شـوێنی نیشـتەجێ كـردن بـووە، ئـەوا بـە گوێـرەی لایـەق بـوون ئـەو شـوێنانەی كـە تێكچـووە نـۆژەن بكرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن ئەفەنـدی ناوبـراوەوە داواكاری بـەرز كراوەتـەوە تـا بـڕە پارەی پێویسـت دابیـن بكرێـت، چۆنیەتـی كارەكـە حەواڵەی ئەنجوومەنـی واڵا كـراوە، بە گوێـرەی داواكردنەكـە لێكۆڵینەوەی لەسـەر بكرێـت و بـە گوێـرەی دەسـتوور ئامـاژەی پـێ بكرێـت، هیممـەت بكرێـت بـۆ بەرزكردنـەوەی نـووسراو.





MVL.00259.00030.001

هەواڵنامەی کتێب


| MVL. | 00259.00030 | 26 ڕەمەزان 1269 |
|---|---|---|

بریارنامە
یـەك پارچـە نـووسراوی والـی کوردسـتان جەنابـی پایەبـەرزی پاشـا لەگـەڵ بریارنامـەی ئەنجوومـەن دراوەتـە ئەنجوومەنـی واڵا و تێـدا هاتـووە؛ لـە نـاو سـانجەقی زاخـۆ بەکـر ئاغـا بەڕێوەبـەری قـەزای چیلفـە لەبـەر کارە نەگونجاوەکانـی لـە ئەنجوومەنـی خۆچێـی کارەکـەی کۆتایـی پـێ هاتـووە، لەسـەر دوورخسـتنەوەی لـە شـوێن ئـەو بـە وەکالـەت سـادق ئاغـا بـە مووچـەی ١٠٠٠ قـوروش لـە سـاڵی ٦٩ ی سـەرەتای حوزەیرانـەوە لـە بەڕێوەبەرایەتـی دادەمەزرێـت، لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی ڕەزامەنـدی لەسـەر بنەچەکـەی دراوە، بۆیـە فەرماننامـەی جەنابـی والـی پاشـا و لـە خەزینـەش کارەکـە جێبەجـێ کـراوە و حەواڵـەی نەزارەتـی جەلیلـە کـراوە، ئەگەرچـی لـە ئەنجوومەنـی واڵاش نـووسراوی بـۆ کـراوە، بـەڵام لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان دەربچێـت.




A.}DVN.00095.00036.001


| A.DVN. | 00095.00036 | 14 رەمەزان 1270 |
| --- | --- | --- |
| حوسین ئاغا لە روکابی هومایۆنی قەپوچی باشی حەواڵەی قائیمقامیەتی زاحۆ کراوە.<br>لە ١٤ رەمەزان ١٢٧٠ | | |



A.}MKT.NZD.00108.00008.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.NZD. | 00108.00008 | 12 رەبیعی كۆتایی 1270 |
|---|---|---|
| بۆ سەرۆكی ئەنجوومەنی ژمێریاری دارایی<br>جەنابی میری میرانی ئەفەندم<br>خەلیل مومتاز ئەفەندی جێگرەوەی ژمێریاری داهاتی روم ئیلی و باش كاتیبی پێشووی تۆماری سانجەقی زاخۆ لەگەڵ ئەوەی لە كاروبار و ئەركەكەیدا خزمەتی باشی كردووە، لە كارەكەی جیابۆتەوە، بەڵام مووچەیەكی بۆ دابین نەكراوە، بۆیە بە گوێرەی رێنمایی نیزام كارەكەی جێبەجێ بكرێت، فەرمان بۆ ئەفەندیمانە. | | |




A.}AMD.00062.00024.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>1271</td><td>00062.00024</td><td>A.AMD.</td></tr>
<tr><td colspan="3">نووسراوی سەدری ئەعزەم<br>لـە لایەنـی موسـڵ ئـەو سـەربازانەی ئەرکیان پـێ دراوە بۆ زاخۆ ڕۆیشـتون و لەگـەڵ چەتە کوردەکان شـەڕیان کـردووە، لـە ئەنجامیـش سـەرکەوتنیان بـە دەسـت هێنـاوە، هەروەهـا لـە لایەنـی بەغدادیـش ئـەو سـەربازە شـاهانەیەی کـە ڕەوانـی میدیـات و جەزیـرە کـراوە، لـە بـارەی گەیشـتن و زانینـی هەواڵیـان ئـەوا لەلایـەن والـی سـیواس جەنابـی میری میرانـی پاشـا نـووسراو هاتـووە، لەگـەڵ بەراییـەکان پێشـکەش کـراوە و ڕاگەیەنـدراوە، لەگـەڵ ئـەوەی جەنابـی پاشـا بە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، بـەڵام والـی ناوهاتـوو وەڵامـی تێروتەسـەل دەنووسـێتەوە، بـە ڕاگەیاندنی نـووسراو کراوە.</td></tr>
</table>




A.}MKT.MHM.00067.00089.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.MHM. | 00067.00089 | 9 رەجەب 1271 |
|---|---|---|
| بۆ جەنابی والی سیواس<br>لـە لایەنـی موسـڵ بـە ئـەرك سـەرباز نێردراوەتـە زاخـۆ، لەگـەڵ كـوردە چەتـەكان شـەڕیان كـردووە و كـوردەكان شـكاون، هەروەهـا لەلایەنـی بەغـداد سـەربازی شـاهانە بـۆ لایەنـی میدیـات و جەزیـرە نێـردراوە، باسـكراوە كـە گەیشـتوونەتە شـوێنەكە، دوای هاتنـی نـووسراوی بەهیـە هاوپێـچ لەگـەڵ كاغـەزی پەیوەسـت بـە بابەتەكـە پێشكەشـی جەنابـی تاجداریـمان دەكرێـت، لەلایـەن جەنابـی پاشـاوە پلانـی پەیوەسـت بـەم بابەتـە دەرچـووە و بـەم شـێوەیە هەواڵـی ئـەرك و رووداوەكان چـۆن بـووە وەكـو خـۆی راگەیەنـدراوە و نـووسراو كـراوە.<br>لە ٩ رەجەب ٧١ | | |




A.}MKT.MHM.00114.00099.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><th>A.MKT.MHM.</th><th>00114.00099</th><th>6 زیلحیجە 1273</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی سەر عەسکەری پاشا<br>ئەو دوو تابوورە سەربازیە شاهانەی کە بۆ موسڵ داواکراوە، لە دیاربەکر یاخود لە شوێنێکی نزیکی موسڵ رێك بخرێت و پەرشوبڵاو بکرێتەوە، هەروەها رەزامەندی بدرێت کە لە قەزای زاخۆ بوونیان هەبێت، بۆ ئەمەش نووسراوی سەر عەسکەری عالی راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، ئەو پەراوێزەی لە نووسراوەکە نووسراوەتەوە، جەنابی فەرمانڕەوا بە فەرمانی پاشا بە سوپاسالاری فەرمووە و هاوپێچ نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراوی ناوهاتوو بنێردرێتەوە و فەرمان بۆ ئەفەندیمە.</td></tr>
</table>




A.}MKT.NZD.00212.00002.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.NZD. | 00212.00002 | 3 جەمادی یەکەم 1273 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>ئـەو نووسراوانـەی پەیوەندییـان بـە مسـتەفا لامـع ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری قـەزای زاخـۆ هەیـە، لـە مـاوەی ڕابـردوو لەلایـەن خەزینـەی جەلیلـە هێـنراوە و سـەیر کـراوە، پێویسـت بـە بینینـەوەی نـاکات و بـە مەبەسـتی هەڵگرتنـی لـە ئەنجوومەنـی واڵا بـۆ سـەروو نێردراوەتـەوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە لەسـەر لایەنـی بەهیـە وەسـتاوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.NZD.00232.00007.001

| A.MKT.NZD. | 00232.00007 | 7 جەمادی کۆتایی 1273 |
|---|---|---|
| جەنابی پایەبەرزی ئەفەندی<br>دوو تابوری سـەربازی شـاهانە کە بۆ موسـڵ داواکراوە، لە دیاربەکر یاخود لە نزیك موسـڵ نیشـتەجێ بکرێن، بۆ ئەمەش رەزامەندی دراوە لە قەزای زاخۆ نیشـتەجێ بن، نووسراوی عالی سـەر عەسـکەر راگەیەندراوە و پێشـکەش کراوە، لەسەر پەراوێـزی نـووسراوی نـووسراوە، جەنابـی فەرمانـرەوای جیهـان بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، بـە ناردنـی هاوپێـچ بە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە نووسراوی ناوهاتوو بنێردرێتـەوە، بۆ ئەمەش فەرمانی ئەفەندیمانە، لـە ٧ جەمادی کۆتایی ٧٣. | | |





هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.NZD.00244.00083.001


| A.MKT.NZD. | 00244.00083 | 18 ڕەبیعی کۆتایی 1274 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی دارایی
لـە نـاو ئەیالەتـی کوردسـتان میـری میـران مسـتەفا لامعـی پاشـا لـە بەڕێوەبەرایەتـی قـەزای زاخـۆ دوور خراوەتـەوە، هەروەهـا ئـەو مووچەیـەی کـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی باسـکراو بـۆی تەرخـان کـراوە بەشـی نـاکات، لـە شـوێن ئەویـش وەکیلێـك دامـەزراوە، خۆشـی چۆتـە دەرسـەعادەت، لـە ئەنجوومەنـی ئەیالەتـی ناوهاتـوو بڕیارنامـە و ئـەو کاغەزانـەی ڕێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە، لـە نەزارەتـی جەلیلـە پارێـزراوە، بـە نـووسراو ڕاگەیەنـدراوە، بـۆ ئـەوەی لـە موشـیرەتی عالـی خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت، نـوسراوە لـە کۆمەڵـەی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران کـراوە.




هەواڵنامەی کتێب


| 10 سەفەر 1274 | 00379.016607 | I.MVL. |
|---|---|---|
| جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>شـێخ یوسـف ئەفەنـدی لـە شـێخەکانی تەریقەتـی نەقشـبەندی عالیـە، لەسـەر دەسـتی پاکانـەی چەندیـن والـی پێشـوو دەرچـووە، لەلایـەن ئـەم والیانـەوە لـە گوندەکانـی کسـتە گونـدی تـام و بیـداری سـەر بـە قـەزای زاخـۆی سـانجەقی ماردیـن، نیـوەی داهاتـی دە یەکـی بـۆ دابینکـراوە، بـە هەژمـار چەنـد قـوروش دەکات بە شـێوەی مووچە دراوەتـە ناوبـراو، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـەش نـووسراو کـراوە و حەواڵـەی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە کـراوە، لـە ئەنجوومەنـی والاش ئـەو بریارنامەیـەی کـە ڕێکخـراوە بـۆ ئـەوەی بەیەکـەوە بدرێتـە جەنابـی پاشـا، ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا هـەر چۆنێـك بێـت جەنابـی پاشـا چ بفەرموویـت بـە گوێـرەی ئـەوە کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم، لـە ١٠ سـەفەر ٧٤. | | |



هەواڵنامەی کتێب


A.}DVN.00137.00043.001

| | | |
|---|---|---|
| **A.DVN.** | 00137.00043 | **3 موحەررەم 1275** |
| لامعی پاشا قائیمقامی پێشـووی زاخۆ حەواڵەی قائیمقامی قەرەعیسـالو بووە. | | ٣ موحەررەم ١٢٧٥ |




A.}DVN.00156.00015.001


| A.DVN. | 00156.00015 | 23 سەفەر 1277 |
|---|---|---|
| عەلی بەگ بەڕێوەبەری پێشووی زاخۆ حەواڵەی قائیمقامیەتی حەما بکرێت. | | لە ٢٣ سەفەر ١٢٧٧ |




هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00436.019309 | کۆتا رۆژی سەفەر 1277 |
|---|---|---|

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لـەو داواكاريـەی كـە لـە ئەنجوومەنـی واڵا رێكخـراوە و لەگـەڵ بەرايیـەكان راگەيەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، روون و ئاشـكرايە ئێسـتا سـەر بـە سـانجەقی ماردينـە، بـەڵام لـە كۆنـەوە سـەر بـە موسـڵ بـووە، كەچـی بـەم دواييـە بـە پارچـە كردنـی بەسـتراوەتەوە بـە ئەيالەتـی كوردسـتان، قـەزای زاخـۆ لـە دياربەكـر ٨٠ كاتژمێـر دوورە، هەروەهـا ٢٠ كاتژمێريـش لـە موسـڵ نزيكـە، بـۆ ئـەوەی پەرشـوبڵاوی دروسـت نەبێـت، هـەر لـەم مێـژووەی كـە نيشـان دراوە وەكـو جـاران ببەسـترێتەوە بـە موسـڵ، بـۆ ئەمـەش نـووسراو لـە خەزينـە جێبەجـێ كـراوە و حەواڵـەی نەزارەتـی دارايـی كـراوە، بـەڵام لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمانـی جەنابـی پاشـا چـی بێـت بـەم شـێوەيە جولـە دەكرێـت، بـە راگەياندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار كـرا ئەفەنـدم، لـە كۆتـا رۆژی سـەفەر ١٢٧٧.





A.}MKT.UM.00453.00044.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.UM. | 00453.00044 | 25 رەجەب 1277 |
|---|---|---|

بۆ جەنابی عەلی رزا پاشا والی کوردستان
لـە شـێخەکانی بەغـداد سـەید حاجـی محەمـەد ئەفەنـدی لەگـەڵ مـاڵ و منداڵەکانـی بەیەکـەوە هاتوونەتـە کوردسـتان، لـە کاتـی هاتنیـان پارەوپـول و کەلوپەلـی لـەلا بـووە، لەلایـەن چەتەکانەوە تـاڵان کـراوە و بـردراوە، لەبەر ئەمـە تووشـی پەرێشـانی و دەردە سـەری بۆتـەوە و چۆتـە زاخـۆ، لـەوێ نیشـتەجێ بـووە، باسـکراوە کـە پارەوپـول و کەلوپەلـە تاڵانکراوەکانـی بگەرێندرێتـەوە و رادەسـتی ناوبـراو بکرێتـەوە، هەروەهـا ئـەم جـۆرە چەتـە و رێگرانـە لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکرێـت و لـە کاتـی دەسـت بەسـەرکردنیان ئـەو پارەوپـول و کەلوپەلانـەی کـە دزیویانـە بگەرێندرێتـەوە و بدرێتـەوە خاوەنەکانیـان، لـە کاتـی دادگایی کردنیشـیان بە گوێرەی جـۆری تـاوان و کارە بەدەکانیان مامەڵـەی یاسـاییان لەسـەر جێبەجـێ بکرێـت، بەدواداچوونـی پێویسـت ئەنجـام بدرێـت و چەتـەکان بهێنرێـن و بـە ئـاگاداری ئەنجوومـەن لێکۆڵینەوەیـان لەگـەڵ بکرێـت و دادگایـی بکرێـن، کەلوپەلـە تاڵانکراوەکانیـش بـە تەواوەتـی لێیـان وەربگیرێتـەوە و بدرێتـەوە ئەفەنـدی ناوبـراو، لەگـەڵ جـۆر و پلـەی تـاوان و کارە بەدەکانیـان بـە بریارنامـە ئامـاژەی پێکـراوە و هیممـەت بکرێـت، بـە ووردیـەوە کار بکرێـت کـە جارێکـی تـر کاری لـەم شـێوەیە روو نەداتەوە.
لەلایەن موفید بەگی ئەفەندی



| A.MKT.MVL. | 00132.00014 | 4 رەبیعی یەکەم 1278 |
| --- | --- | --- |

بۆ یوسف پاشا موتەسەرفی موسڵ و نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە ناو ئەیالەتی موسڵ، یوسف بەگ بەڕێوەبەری قەزای زاخۆ لە ئەركەكەی داوای لێبووردنی كردووە، بۆیە لە كارەكەی دوور دەخرێتەوە و لە شوێن ئەو بە مووچەی ٣٠٠٠ قوروش بە وەكالەت شەمسەددین...................
وەكو بەڕێوەبەر دادەمەزرێت، لەم بارەیەوە لە مێژووی ١٥ موحەررەم ٧٨ كە بە مۆر و بە ژمارە ١ تۆمار كراوە، نووسراو هاتووە و حەواڵەی ئەنجوومەنی والای كۆڵكەی داد بووە، دەركەوتووە پێویستە لەم شوێنانە بە شێوەی هەڵبژاردن كەسانی گونجاو دابمەزرێن، بە تێڕوانین لە ئاماژەی نووسراوی خواروو ئەو بەڕێوەبەرانەی دادەمەزرێن لە خۆچێی دەدۆزرێنەوە، بۆیە پەسەند كردنی زانیاری كەسێتی بنەچەی گونجاو نییە، لە پایەی بەڕێوەبەری ئستەبڵی عامیرە مستەفا ئەفەندی بەڕێوەبەری پێشووی مەڵاتیە بە هەمان بری دیاریكراوی مووچە لە بەڕێوەبەرایەتی ناوهاتوو دابمەزرێت، چۆنیەتی كارەكەش لە نەزارەتی دارایی جەلیلە دەرچووە، نووسراو كراوە تا هیممەت بكرێت لە خۆچێی كارەكە جێبەجێ بكرێت.



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.DV
200 71 1

هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.DV.00200.00071.001


<table>
<tr><td>A.MKT.DV.</td><td>00200.00071</td><td>25 سەفەر 1278</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ یوسف پاشا موتەسەرفی موسڵ<br>لەلایـەن ئیبراحـام بازرگانـی ئەوروپـا داواکاری پێشـکەش کـراوە، کـە لـە دانیشـتوانی قـەزای زاخـۆ بـە ناوی یوزباشـی شـەمدین ئاغا شـوێنگرەوەی دە یەکی لەلایە، لەگەڵ ناردنی ئەوەی وەریدەگرێت ٣٠٠٠ قوروش دەکات، لە جێبەجێ کردنـی کات تێدەپەڕێـت، بۆیـە بـرە پـارەی باسـکراو وەربگیرێـت و لـەم لایەنە مەحمـود ئەفەندی وەکـو وەکیل ئەم بـرە پارەیـەی رادەسـت بکرێـت، بەم داواکاریە بـە زانینی ئەنجوومـەن رادەگەیەندرێت و برە پارەی باسـکراو لە ئاغای ناوبـراو وەردەگیرێـت و رادەسـتی وەکیلـی ناوهاتـوو دەکرێت، چۆنیەتی کارەکـە ئاماژەی پێکراوە و نـووسراو بکرێت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.UM.00484.00021.001

| A.MKT.UM. | 00484.00021 | 4 رەبیعی یەکەم 1278 |
| --- | --- | --- |
| بۆ موتەسەرفیەتی موسڵ<br>لەسـەر ئـەو نووسراوانـەی کـە راگەیەنـدراوە، مسـتەفا ئەفەنـدی لـە پایـەی بەڕێوەبـەری ئسـتەبڵی عامیـرە لـە بەڕێوەبەرایەتـی قـەزای زاخـۆ دامـەزراوە، ئەمجـارە بـە چوونـی بـۆ شـوێنەكە بـە گوێـرەی ڕێنمایـی هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی كارەكـەی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو بـۆ سـەروو كـراوە.<br>لە ٤ رەبیعی یەكەم ١٢٧٨ | | |





هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.MHM.00418.00051.001

| 12 جەمادی یەکەم 1285 | 00418.00051 | **A.MKT.MHM.** |
|---|---|---|


بۆ ویلایەتی بەغداد و نەزارەتی دارایی جەلیلە
لەلایـەن دانیشـتوانی قـەزای زاخـۆ ٢٩٤٠٠٠٠ قـوروش بەخـشراوە و بەجـێ هێڵـدراوە، لیسـتی ئـەم بـڕە پارەیـە كراوە و نـووسراوی دەوڵـەت هاتـووە و ڕاگەیاندنـی ئـەم خزمەتـە جێگای بەختەوەریـە، ڕێزنامەی (تحسـیننامە)ی ویلایەتی بەغـداد و لیسـتەكان بـە هاوپێـچ بـۆ لایەنـی سـەدری ئەعـزەم نێـردراوە، لـە خەزینـەش هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی كارەكـە و ئامـاژە حەواڵـەی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە كـراوە، لـە كاتـی ڕاگەیاندنـی نـووسراو كـراوە.




A.}MKT.MHM.00430.00092.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM .</td><td>00430.00092</td><td>16 ڕەمەزان 1285</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دەریایی جەلیلە<br>ئـەو كانـزا خەڵـوزەی لـە نێـوان زاخـۆ و قـەزای حاجـی بەهرامـدا هەیـە، خەریكـە كاری پـێ دەكرێـت، بۆیـە كانزاچییـەك لەگـەڵ یاریدەدەرێـك دابمەزرێـت و ڕەوان بكرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ویلایەتـی بەغـداد تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، لەسـەر فەرمـان واڵا هاوپێـچ دەنێردرێـت، جێبەجـێ كـردن و ووتـە بـۆ بەهیەیـە ئەفەنـدم.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00440.00012.001

هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.MHM. | 00440.00012 | 15 زیلحیجە 1285 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی بەغداد و نەزارەتی دارایی جەلیلە
پێشبینی دەكرێت هەندێك جۆری كانزا لە ناو ویلایەتی بەغداد هەبێت، بە تایبەتی لەلایەنی زاخۆ كانزای خەڵوز دۆزراوەتەوە، بۆ دەست كردن بە كارەكان لە پارەوپولی ویلایەتی بەغداد ساڵانە ١٥٠٠٠ فرانك مووچە و كە گەیشتە شوێنی مەبەست وەكو خەرجی رێگا ٢٥٠٠ فرانك پارەی پێ بدرێت، لە ئەوروپا ئەندازیارێك بهێنرێت و پێشەكی ماوەی ٦ تا ٧ ساڵ لە بەغداد نیشتەجێ بكرێت، لەم دەوروبەرە دەست بە گەران بكات، قائیمقام مەسعود بەگ لە هەندێك خزمەتی پێشوو بەكار هێنراوە، بۆیە ٦٠٠٠ قوروش مووچە و برێك خەرجی رێگای بۆ دابین بكرێت و پێی بدرێت، بە ناردنی بۆ ئەم شوێنە لەلایەنی واڵا ئاماژەی پێكراوە، بە رەزامەندی جەنابی پاشا فەرمانی پاشا دەرچووە و فەرموویەتی، هەروەها چۆنیەتی كارەكەش بە نەزارەتی دارایی جەلیلە راگەیەندراوە، نووسراو كراوە تا هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی كارەكە.



تلغرافنامە

OSMANLI ARŞİVİ
A.}MKT.MHM
440 40 5

A.}MKT.MHM.00440.00040.005

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM.</td><td>00440.00040</td><td>10 رەمەزان 1285</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ پایەبەرزی پەیوەندیدارانی سەدارەتی پیرۆز<br>لە نێوان زاخۆ و قەزای حاجی بەهرام لە نزیك ئاو كانزای خەڵوز دۆزراوەتەوە، ٢٥٠٠٠ قیە نموونەی ئەم كانزایە هێنراوە، لە كەشتی هومایۆن تاقیكردنەوەی لەسەر كراوە، لە ئەنجامدا چەند كاتژمێرێك جولەی كردووە و ڕۆیشتووە، دەركەوتووە كە بە تەواوەتی لەگەڵ داواكاری دەگونجێت و یەكسان بووە، ئەوەی ئاشكرایە كەشتەكانی هومایۆن ئەم كانزایە لە دەرەوە دەكرن، بۆیە بەردەوام پێویستیان بە كانزای خەڵوزە، جەنابی پاشا بە ڕەزامەندییەوە ڕایگەیاندووە و بە سوپاسەوە بۆ ئەوەی كانزای باسكراو بە كار بخرێت، داوا دەكرێت بەپەلە لەگەڵ یاریدەدەری كانزا كانزاچییەكی لێهاتوو و ئامادە دابمەزرێت و بڕواتە شوێنەكە.<br>لە ١٣ كانوونی یەكەم ٨٤<br>محەمەد تەقیەددین والی بەغداد</td></tr>
</table>



T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.}MKT.MHM
443 | 39 | 1

هەواڵنامەی کیتێب

A.}MKT.MHM.00443.00039.001

| 9 شەوال 1289 | 00443.00039 | A.MKT.MHM. |
|---|---|---|
| ٩ شەوال ١٢٨٩<br>بۆ ویلایەتی بەغدادی جەلیلە و نەزارەتی دەریایی جەلیلە<br>ڕاگەیەنـدراوە لـە نێـوان جەزیـرە و زاخـۆ كانـزای خەڵـوز دۆزراوەتـەوە، دۆزینـەوەی ئـەم سـامانە و گفتوگۆكـردن لەسـەری، خراوەتـە سـەر كارگێـری ڕووبـاری تەرسـانەی بـەسرا، بـۆ ئـەوەی دەریاوانـی كاری لەسـەر بـكات داوا لـە ویلایەتـی بەغـدادی جەلیلـە كـراوە ڕەزامەنـدی لەسـەر بـدات، هەروەهـا لـە دۆزینـەوەی ئـەم كانزایـە و پشـكنین لەسـەری، ئاغـای قـول چراخچـی حەقـی ئەفەنـدی خزمەتـی باشـی بینـراوە، بۆیـە لـە پلـەی پێنجـەم یـەك پارچـە مەجیـدی نیشـانی پـێ بدرێـت، لەسـەر ئامـاژەی دەوڵـەت بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی تایبەتـی وەكیلـەكان و دوای ڕەزامەنـدی جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی لـەم بارەیـەوە وێنەیەكـی تەلەگرافنامـەی پەیوەسـت بـەم بابەتـە نێـردراوە، بـۆ ڕاگەیاندنـی حاڵەتەكـە نـووسراو بـۆ سـەروو كـراوە، بـۆ ئـەوەی هیممـەت بكرێـت تـا لـەوێ كارەكـە جێبەجـێ بكرێـت، نـووسراو بـۆ خـواروو كـراوە. | | |




ŞD.01454.00023.003


| 1289 شەعبان 17 | 01454.00023 | ŞD. |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بۆ پایەی جەلیلی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت

لە نێوان هۆزی ئەرتوش لە ناو قەزای زاخۆی سەر بە سانجەقی موسڵ لەگەڵ هۆزی هویری جەزیرە ناكۆكی روویداوە، بۆیە لەلایەن زاخۆوە زیاتر لە ٥٠٠ كەس كۆبوونەوتەوە و چوونەتە سەر هۆزی هویری و هێرشیان كردۆتە سەریان، خەڵكێكی زۆریان كوشتووە و كاری بەدی زۆریان ئەنجام داوە، لەسەر ئەم بوێرەی كە ئەنجام دراوە، بۆ لەناوبردنی رووداوی باسكراو لە موتەسەرفیەتی ماردین راگەیەندراوە و بە گوێرەی توانا پۆلیسی پاراستن چوونەتە جەزیرە، هەروەها بە بریاری ئەنجوومەنی كارگێری ویلایەت ئاگاداری پێویست دراوەتە موتەسەرفی ناوهاتوو، دۆراوەكان هاتوونەتە زاخۆ و لەگەڵ موتەسەرفی ناوهاتوو گفتوگۆیان كردووە، بۆ نەهێشتنی ئەم رووداوە و سەبارەت بە دەستگیركردنی بادینیەكان، مامەڵەی یاسایی بكرێت و لە ویلایەتی موسڵ رووداوەكە بە ویلایەتی بەغدادی جەلیلە راگەیەندراوە، بوێری كراوە لە راگەیاندن و ئاماژە پێكردنی، فەرمان، لە ٨ تشرینی یەكەم ٨٨.

ئیسماعیل حەقی والی ویلایەتی دیاربەكر




هەواڵنامەی کتێب

ŞD.02149.00015.002


| ŞD. | 02149.00015 | 23 شەعبان 1289 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بۆ پایەی سەدارەتی پایەبەرزی جەلیلە

لـە نێـوان هـۆزی هویـری سـەر بـە جەزیـرەی ویلایەتـی دیاربەکـر لەگـەڵ هـۆزی ئەرتوشـی سـەر بـە زاخـۆ دوژمنایەتـی هەیـە و ئـەم دوژمنایەتیـە کۆنـە، ئەمجـارە لـە دژی یەکـتر جموجـۆڵ دەکـەن و هـەواڵ هاتـووە کـە لـە نێوانیـان نزیکـەی ٥٠ تـا ٦٠ کـوژراو و برینـدار هەیـە، هەروەهـا لەگـەڵ ویلایەتـی دیاربەکـری جەلیلـە گفتوگـۆ کـراوە، لەلایەکـەی تـر موتەسـەرفی ماردیـن بـۆ جەزیـرە ڕۆیشـتووە، لـەم لایەنـەش لەگـەڵ بینباشـیەك یـەك تابـور سـەربازی نیزامیـە و پارچەیـەك تۆپـی چیـا لەگـەڵ موتەسـەرفی موسـڵ بەیەکـەوە چوونەتـە زاخـۆ و بـە ڕۆیشـتنیان بـۆ ئـەوێ، بەپەلـە چاکسـازی پێویسـت ئەنجـام دراوە، لەگـەڵ جێبەجـێ کردنـی چاکسـازی و تەمبـێ کردنـی پێویسـت، لەلایـەن جەنابـی پاشـاوە ڕێکخسـتن و ئەنجامەکـەی رادەگەیەندرێـت و کۆتایـی پـێ دەهێنرێـت، بـەڵام بـۆ راگەیاندنـی زانیارییـەکان نـووسراو کـراوە، لـە ١٤ تشرینـی یەکـەم ٨٨.

محەمەد ڕەئوف





هەواڵنامەی کتێب

ŞD.02899.00029.001

| | | |
|---|---|---|
| 1297 شەوال 22 | 02899.00029 | **ŞD.** |


٢٢ شەوال ٩٧
نووسراوی پەیوەندیداری سەرۆکایەتی بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
سـلێمان پاشـا زادە ئەمیـن بـەگ لـە خانەدانەکانـی سـانجەقی بابـان مـردووە، لـە بەرامبـەر ئەملاکـە دەسـت بەسـەرکراوەکانی داوای کـردووە مووچـەی بـۆ ببرێتـەوە، داواکاری پێشکەشـی پەیوەندیدارانـی وەکالـەت کـراوە و دواتریـش حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، پاشـان بـە ئـاگاداری فەرمانگـەی ناوەخـۆی هاوپێـچ بـۆ عالـی نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە بـە زانیـاری و خوێندنـەوەی خەزینـە ئامـاژە و داواکاری ناوهاتـوو دەنێردرێتەوە.




DH.MKT.01347.00059.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01347.00059</td><td>19 ڕەمەزان 1302</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٩ ڕەمەزان ٣٠٢<br>٢٠ حوزەیران ٣٠١<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>ئـەو ناحیانــەی کــە بەســتراونەتەوە بــە قــەزای زاخــۆ لــە نــاو حکوومــەت هۆزەکانــی بــە نــەزان نــاسراون، داواکــراوە هێــزی ســەربازی بنێردرێتــە ســەریان، بۆیــە تێچــووی میــری داواکــراوە، هەروەهــا ئــەو جــۆرە مامەڵەیــەی لەگەڵیــان دەکرێــت دەبێتــە ڕەزیلــی و پەرێشــان بوونیــان، بۆیــە داواکــراوە ناحیــەی ناوهاتــوو لــە هــەکاری نزیکــە، بۆیــە لــە نــاو ویلایــەت بــە قــەزای بەیتولشــەباب ببەســترێتەوە، بــە داواکاری ســەرۆکی ناحیــەی ســندی کلــی و واژووی گشــت لایــەك تەلەگرافنامــە هاتــووە، هاوپێــچ بــۆ والا نێــردراوە، بــە تێروانیــن لــە بەراییەکانــی بــە لێکۆڵینــەوە هیممــەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی کارەکــە و کۆتایــی پــێ بهێنرێــت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.01360.00031.001


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01360.00031</td><td>14 زیلقەعدە 1303</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٤ زیلقەعدە ٣٠٣<br>٢ ئۆغستۆس ٣٠٢<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>قائیمقامی قەزای زاخۆ دووبارە رسوماتی مەرومالاتی وەرگرتووە، جگە لەمە مامەڵەی دەستگیرکردنی پیاو ئەنجام دەدات و رۆژانە كاری سەرپێچی ئەنجام دەدات، خۆشی دوورەپەرێز دەگرێت، بۆیە سكالای لەسەر تۆمار كراوە و دانیشتوان تووشی دەردەسەری دەكات، بە واژووی ئیبراهیم و سێ لە هاوەڵانی لە مەركەزی باشیكە تەلەگرافنامە دەرچووە، وێنەیەكی تەلەگرافنامەكە هاوپێچ نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەكە دوای لێكۆڵینەوە بەپەلە ئاماژە بە راستییەكە بكرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| 15 رەبیعی یەکەم 1304 | 01014.080001 | I.DH. |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
بۆ جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە ناو ویلایەتی موسڵ، بۆ شارۆچکەی زاخۆ لەگەڵ ناحیەکانی دوزخورماتو و سورچی و کۆپری چوار کەس بە کاتیبی باج دامەزراون، مانگانە بۆ هەر یەکە ٣٠٠ قوروش دابین کراوە، پێویستە ١٢٠٠ قوروش لە موازەنەی ساڵی ٣٠٢ بە شێوەی پێشنیار تۆمار کراوە، لە بارەی وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر خەرج کردنی ١٥٠٠٠٠ قوروش، نووسراوی ئەمانەتی باج لەگەڵ راپۆرتی نەزارەتی دارایی جەلیلە بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چی بفەرمووێت ئەو جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ پەلە کردن لە راگەیاندنی، نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ١٥ رەبیعی یەکەم ٣٠٤ و لە ٣٠ تشرینی دووەم ٣٠٢.
سەدری ئەعزەم



هەواڵنامەی کیژ

DH.MKT.01381.00111.001

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01381.00111</td><td>4 رەبیعی یەكەم 1304</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ رەبیعی یەكەم ٣٠٤<br>١٨ تشرینی دووەم ٣٠٢<br>بۆ لایەنی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>قائیمقامیەتـی قـەزای رەققـەی سـەر بە ویلایەتـی حەلەب، بە وەكالـەت بەڕێوە دەچێـت و ئیدارەكـەی بەڕێوەچووە، دوای كۆتایـی هاتنـی ئەركـی ئـەو تاقمـە هەڵبژێـردراوەی كـە لـەوێ بوونـە، بـۆ ئەمجـارە سـلێمان قـەدەم بـەگ قائیمقامـی پێشـووی قـەزای زاخـۆ تاقـی كردنـەوەی ئەنجـام داوە و هەڵبژاردننامـەی قائیمقامیەتـی چینـی سـێیەمی لـە دەسـتە و ئامـاژەی پێكـراوە كـە ناوبـراو دامەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبەران بڕیارنامـە دەرچـووە لەگـەڵ كاغـەزی وەرگێـردراوی كەسـێتی پێشكەشـی جەنابـی پاشـای پەیوەندیدارانـی وەكالـەت كـراوە و ڕاگەیەنـدراوە، جێبەجـێ كردنـی كارەكـە و ئەمـر و فەرمـان دەگەڕێتـەوە بـۆ خدێوانـەی پایەبـەرز.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01396.00030.001

هەواڵنامەی کێبر

| 5 جەمادی یەکەم 1304 | 01396.00030 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٥ جەمادی یەکەم ٣٠٤
١٧ کانوونی دووەم ٣٠٢
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لـە رۆژانـی رابـردوو بـە بڕیـاری قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران، رەزامەنـدی دراوە قائیمقامی پێشـووی قەزای زاخـۆ سـلێمان قـەدەم بـەگ لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رەققـەی سـەر بـە ویلایەتـی حەلـەب دابمەزرێـت، بۆ شـوێنی ئەویـش بـە نـووسراوی تایبەتـی بـاش کیتابەتـی جەلیلـەی مابەینـی هومایـۆن ئـاگاداری دراوە، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشا جێبەجـێ کـراوە، لەسـەر ئـەو ئەمـر و فەرمانـەی نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی هاتـووە، بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو یەکێکـی گونجاوتـر هەڵبژێردرێـت، بـەڵام نیـازی وایـە ناوبـراو قـەدەم بـەگ لـە قائیمقامیەتێکـی تـر دابمەزرێـت، هەروەهـا لـە بـارەی داواکاریەکـە قۆمیسـیۆن دوودڵـە، بۆیـە چۆنیەتـی مۆڵەتەکـە لـەو نـووسراوەی قۆمیسـیۆن کـە دراوە، هاوپێـچ راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، هەروەهـا لـە بـارەی ئـەوەی ئاخـۆ ناوبـراو لـە قائیمقامیەتەکانـی تـر بـەکار هاتـووە یـا بەکارنەهاتـووە، لـە فەرمانـی پاشا روونـی تێـدا نییـە، لـەم بارەیـەوە ئەمـر و فەرمانـی راسـت و دروسـتی پەیوەندیدارانـی سـەدارەتی عالـی بنووسرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| MV. | 00036.00017 | 18 موحەڕڕەم 1306 |


كاغەزی بریارنامەی تایبەت بە دانیشتنی ئەنجوومەنی وەكیلەكان
١٦ موحەڕرەم ٣٠٦
١١ ئەیلوول ٣٠٤
پوختەی بابەتەكە
لە بارەی راگەیاندن و مۆڵەتدان بۆ برینەوەی مووچەیەكی گونجاو بۆ حەسەن بەگ یەكێك لە كوڕەكانی بابان زادەی مردوو سلێمان پاشا لەسەر فەرمانی پاشا و گفتوگۆ لەگەڵ نەزارەتی دارایی هاوپێچ نووسراوی سەدری ئەعزەم خوێندنەوەی بۆ كرا.

بریار
لـە بابەتەكـە روون و ئاشـكرایە ناوبـراو لـە بەرامبـەر ئـەو مولكـە دەستبەسـەركراوەی كـە لـە ویلایەتـی رۆژئـاوای تەرابلـوس هەیەتـی، ١٤٤ هەروەهـا ٢١٦ بـە كۆكراوەیـی ٣٦٠ قـوروش مووچـەی هەیـە، هەروەهـا ئـەو مووچانـەی كـە بـۆ بابـان زادەكان لـە بەرامبـەر مولكـی دەستبەسـەركراو تەرخـان كـراوە، ناوبراویـش ئەمـڕۆ ئـەو بـڕە مووچەیەی كـە وەریدەگرێـت لـە بەشـێك پێـك دێـت، هەروەهـا لەگـەڵ كاغـەزی هاوپێـچ بـە تێروانیـن لـە بەراییـەكان ئـەوەی ماوەتـەوە لـە بابانـزادەكان عەبدوڵـڵا پاشـای مـردوو ٤٠٠٠ قـوروش و شـتێكە، دەركەوتـووە لـە خەزێنـە دەسـت بەسـەر كـراوە، لـەم مووچەیـە دەسـت بەسـەر كـراوە ٦٤٠ قـوروش بخرێتـە سـەر مووچـەی ناوبـراو دەكاتـە ١٠٠٠ قـوروش، بـەم گوێرەیـە بـۆ جێبەجـێ كردنـی مامەڵەكـە بـە بریارنامـە بریـار درا لەسـەر راگەیانـدن و رەزامەنـدی.




| I.DH. | 01100.086218 | 26 موحەررەم 1306 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ مسـتەفا ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ لەگـەڵ ئیبراهیـم سـدقی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـنجار ئەرکەکەیـان بگۆردرێتـەوە، لەسـەر ئامـاژەی خۆچێـی نـووسراو کـراوە، ئـەو بریارنامەیـەی کـە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران رێکخـراوە و نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنەکـەی لەگـەڵ نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا هـەر چۆنێـك بێـت جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا هـەر چییـەك بفەرمووێـت کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا، لـە ٢٦ موحـەررەم ٣٠٦ و ٢١ ئەیلـوول ٣٠٤.
سەدری ئەعزەم



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01547.00052.001


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01547.00052</td><td>20 موحەررەم 1306</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٠ موحەررەم ٣٠٦<br>١٥ ئەیلوول ٣٠٤<br>بۆ جەنابی عالی لەلایەن پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>مستەفا ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ و ئیبراهیم سدقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای سنجار ئەرکەکەیان بگۆردرێتەوە، لەسـەر ئامـاژەی ویلایەتی موسـڵ نـووسراو کراوە، بریارنامە لە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبەران ڕێکخـراوە هاوپێچ پێشـکەش کـراوە و ڕاگەیەنـدراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکە لەسـەر ڕای جەنابـی پەیوەندیداری سـەدارەت وەسـتاوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01559.00031.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT .</td><td>01559.00031</td><td>24 سەفەر 1306</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٤ سەفەر ١٣٠٦<br>١٨ تشرینی یەکەم ٣٠٤<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>سـەرەتا بـە تەلەگـراف راگەیەنـدراوە کـە مسـتەفا ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ لەگـەڵ ئیبراهیـم سـدقی ئەفەنـدی قائیمقامـی سـنجار ئەرکەکەیـان گۆردراوەتـەوە، بـە تۆمـار مانگانـە لـە مێـژووی دەسـت بـەکار بوونەکەیـان هـەر یەکـە ١٧٥٠ قـوروش مووچەیـان بـۆ دابیـن دەکرێـت، تۆمارەکـەی رێکخـراوە، هـەر لەگـەڵ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە مێـژووی دەسـت بەکاربوونیـان رادەگەیەندرێـت، بـە ووتـەی نەزارەتـی ژمێریـاری ئـاگاداری دراوەتـە واڵا، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>



DH.MKT.01709.00049.001


| DH.MKT. | 01709.00049 | 26 رەجەب 1307 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە ٥ مـارت ٣٠٦ لـە خۆچێـی شـارۆچكەی زاخـۆ راگەیەنـدراوە نەخۆشـی كۆلیـرا بڵاوبۆتـەوە، بۆیـە خاڵـی پاراسـتن دامـەزراوە و نـووسراو كـراوە كـە پێویسـتە رێگـە نەدرێـت كـەس بچێتـە دەرەوەی سـنوورەكە، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی نەخۆشـیەكە دیاری بكرێـت، پزیشـكی بیمباشـی پەرتـو ئەفەنـدی نێـردراوە، ئێسـتا ئـەو تەلەگرافنامەیـەی كـە لـە پزیشـكی ناوبـراو وەرمگرتـووە، دەركەوتـووە نەخۆشـیەكە كۆلیـرا نییـە، بەڵكـو پەتـای پیسـە، جگـە لەمـە راگەیەنـدراوە كـە ئامـادەكاری هونـەری جێبەجـێ كـراوە، لەلایەكـی تـر لـە سـەرۆكایەتی موقاتەعـەی زومـار راگەیەنـدراوە كـە نەخۆشـیەك بـڵاو بۆتـەوە، بۆیـە پزیشـكی ئاغـای قـول عیسـا بـەگ نێردراوەتـە شـوێنی ناوهاتـوو و گەراوەتـەوە، ناوبـراو راپۆرتێكـی پێشـكەش كـردووە، بـە گوێـرەی راپۆرتەكـە بـە هەمـان شـێوە پەتـای تایـە و نەخۆشـیەكەی تـر هیـچ ئاسـەوارێكی نییـە و دەركەوتـووە ئامادەكاری پێویسـت جێبەجـێ كـراوە، هەروەهـا لـە گونـدی عەیـن سـوفن كـە مەركەزەكـەی ناحیـەی شـێخانە، گـوێ بیسـتی ئـەوە بووینـە نەخۆشـیەكە بوونـی هەیـە، بۆیـە پزیشـكی ئاغـای قـول دیمـتری ئەفەنـدی نێردراوەتـە شـوێنەكە، بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـەی كـە لەلایـەن ناوبـراوەوە دێـت بـە پەلـە ئامـادەكاری پێویسـت ئەنجـام دەدرێـت، راگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە ٦ مـارت ٣٠٦.

تاهر والی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01714.00117.001

| DH.MKT. | 01714.00117 | 15 شەعبان 1307 |
| --- | --- | --- |

١٥ شەعبان ٣٠٧
٢٤ مارت ٣٠٦
بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستەی عالی
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ سـاڵی رابـردوو بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی کۆلێـرا ناوچەیـەك لـە زاخـۆ کراوەتـە شـوێنی پاراسـتنخانە، لەسـەر کاری یـەدەگ و ئامـادەکاری پێویسـت ئـەو قەزایانـەی لـە ویلایەتـی وان دەکرێنـە هێڵـی پاراسـتن، هێڵـی تەلەگرافیـان درێـژ بکرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش لـە مێـژووی جیـاواز ئـاگاداری و ئامـاژە دراوەتـە نەزارەتـی عالـی، لەسـەر ئـەوەی لـە نەزارەتـی تەندروسـتی جەلیلـە بـە پێویسـت زانـراوە زوو هێڵەکـە درێـژ بکرێتـەوە، ئەمجـارە لەلایەنـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت بـە نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم ئەمـر و فەرمـان دەرچـووە، لەسـەر ئاماژەی پێشـوو پەلـە بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە و هیممـەت بکرێـت لـە راگەیاندنی.




Y.PRK.ASK.00063.00132.006

هەواڵنامەی کتێب

| Y.PRK.ASK. | 00063.00132 | 16 موحەررەم 1308 |
|---|---|---|

فەرمانگەیتەندروستی
ژووری تۆماركردن
رۆژنامەیتەندروستی
لە بارەی بارودۆخی تەندروستی مەكەی موكەررەمە ئەمرۆ زانیاری وەرنەگیراوە، بەڵام لە خانەی پاراستنی جەددە تەلەگرافنامە هاتووە، ئاماژەی پێكراوە كە لەم مانگەدا رۆژی ١٨ لە جەددە دوو كەس بە كۆلێرا مردووە، هەروەها لە مانگی ناوهاتوودا لە رۆژی ١٥ تا ١٧ لە ماردین و لە ٣٠ ی مانگی رومی تەمموزدا تا ١٨ی ئۆغستۆس لە جەزیرە مردن و تووشبوون بە نەخۆشی ناوهاتوو نەبووە، لە ناو سانجەقەكانی وان و هەكاریشدا نەخۆشیەكە بوونی نییە، هەروەها لە هەموو شوێنێك ئامادەكاری بۆ پاراستن لەم نەخۆشیە كراوە، جگە لەمە لە عەقرە سوپاس بۆ خوا هیچ شوێنەوارێكی ئەم نەخۆشیە نەماوە، بۆیە خانەی پاراستن لەوێ هەڵگیراوە، هەروەها لە قەزایەكانی زێبار و زاخۆ ماوەی ٢٠ رۆژ لە قەزای رانیە ماوەی چەند رۆژێكە بەم نەخۆشیە مردن و تووشبوون نەبووە، لە قەزای رواندزیش نەخۆشیەكە نەماوە، لە ویلایەتەكانی دیاربەكر و موسڵیش لە مێژووی جیاوازدا تەلەگرافنامە وەرگیراوە و تێدا راگەیەندراوە، هەروەها لە سینا پاپۆری ئەدەنە كە حاجیانی هەڵگرتووە، لە ژێر هێڵی پاراستنە، لە رۆژی ١٤ تا ١٩ ی ئەم مانگەدا ١٢ تووشبوو و ١٠ مردوو هەبووە، هەروەها لە پاپۆری مالاقا ١٤ تووشبوو و ٥ مردوو لە پاپۆری نیعمەتی خوداش لە حاجیەكان ٤ تووشبوو و ٣ مردوو و لە پاپۆری رەققاش لە ناو حاجیەكاندا ٩ تووشبوو و ٤ مردوو هەبووە، جگە لەمە ٩ فرقەكەی تری حاجیان سەلامەتن و نەخۆشیەكە بوونی نەبووە، لە تەندروستی پزیشكی ئەسكەندەریە لە مێژووی ٢٠ ئۆغستۆس ٣٠٦ تەلەگرافنامە دەرچووە تێدا نووسراوەتەوە، راگەیەندراوە، لە ٢٠ ئۆغستۆس ٣٠٦.
مۆری سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی كاروباری تەندروستی





DH.MKT.01756.00067.001

هەواڵنامەی پێنج

| DH.MKT . | 01756.00067 | 15 موحەڕڕەم 1308 |
|---|---|---|

١٥ موحەڕڕەم ٣٠٨
١٩ ئۆغستۆس ٣٠٦
بۆ شەهاب بەگ ئەفەندی و فوئاد بەگ ئەفەندی
بۆ باش کیتابەتی مابەینی هومایۆن و نەزارەتی تەندروستی جەلیلەکان

حەمدوسـوپاس بـۆ خـودا، لـە ٣٠ی تەممـوز تـا ١٨ی ئۆغسـتۆس لـە جەزیـرە هەروەهـا لـە ١٥ی ئۆغسـتۆس تـا ڕۆژی ١٧ لـە ماردیـن بـۆ یـەك ڕۆژیـش پێـت تـووش بـوو و مـردوو نەبـووە، لەبـەر ئـەوەی لـە دیاربەکـر و عەقـرەش نەخۆشـیەکە تێپەریـوە، ئـەو هێڵـی پاراسـتنەی کـە دامـەزراوە هەڵگیـراوە، هەروەهـا دەرکەوتـووە بـە گوێـرەی ئـەم ئاماژانـەی لـە خۆچێـی هاتـووە لـە قەزایەکانـی زێبـار و رواندز هیـچ ئاسـەوارێکی ئـەم نەخۆشـیە نەمـاوە، جگـە لەمـە لـە قائیمقامیەتەکانـی ڕاگەیەنـدراوە کـە لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژێـك دەبێـت لـە قەزایەکانـی ڕانیـە و زاخـۆ هیـچ ڕووداوێـك نەبـووە، بـەڵام کاری ووردبینـی هونـەری بەردەوامـە و بـۆ هـەر یەکەیـان پزیشـکێك نێـردراوە، لـەو تەلەگرافنامانـەی کـە لـە ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە ئـەم زانیاریانـە نیشـان دەدات، چۆنیەتـی جێبەجـێ کردنـی کارەکـەش بـە نەزارەتـی تەندروسـتی جەلیلـە ڕاگەیەنـدراوە.




DH.MKT.01771.00126.001

| DH.MKT. | 01771.00126 | 1 رەبیعی یەكەم 1308 |
|---|---|---|

١ رەبیعی یەكەم ٣٠٨
٣ تشرینی یەكەم ٣٠٦
بۆ لایەنی واڵای جەنابی سەر عەسكەریمان و ویلایەتەكانی موسڵ و دیاربەكر
لـە ویلایەتەكانـی بەتلیس و دیاربەكـر و موسـڵ هۆزەكانـی قـەزای ئـوروە و جەزیـرە و زاخۆ هەر لـە كۆنەوە هێمنی گشـتیان تێـك داوە و كاری هەرەشـە و تـاڵان و خەڵـك بریـندار دەكـەن، بـۆ ئـەوەی رێگـە بـەم سـەرپێچانە نەدرێت، لەلایـەن سـەعرد دوو بلۆكـی پیادەی سـەربازی شـاهانە بنێردرێـت و لە ویلایەتەكانی موسـڵ و دیاربەكـر ئامادەكاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، لەگـەڵ ئەمـەش ئـەوەی پێویسـت بـكات لـە سـەرۆك و ئاغاكانـی ئـەم هۆزانە دەسـتگیر بكرێـن و تەمبـێ بكرێـن، نـووسراو لـە ویلایەتی بتلیسـی بەهیـە هاتـووە، وێنەیەكی بۆ سەرعەسـكەریمان نێـردراوە، چۆنیەتـی كارەكـەش بـە ویلایەتەكانـی موسـڵ و دیاربەكـر راگەیەنـدراوە، بـە تێروانیـن لـە بەرایـی نووسراوەكانـی باسـكراو كارەكـە جێبەجـێ بكرێت و ئەنجامەكـەی رابگەیەندرێت، ئەمەش شـایەنی فەرمانی سـپاهیداری جەلیلەیە.

بۆ ویلایەتەكانی موسڵ و دیاربەكر
بۆ لایەنی واڵای جەنابی سەرعەسكەر و ویلایەتی دیاربەكر نوسراوەتەوە، بە تێروانین لە بەراییەكانی نووسراوی باسكراو كارەكە كارەكە جێبەجێ بكرێت و زانیاری لەسەر ئەنجامەكەی بدرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| 1309 زیلقەعدە 25 | 000023.001659 | BEO. |
|---|---|---|

٢٥ زیلقەعدە ٣٠٩
٨ حوزەیران ٣٠٨
بۆ لایەنی والآی سەر عەسکەریمان

بـەم دواییـە قـەزای بەیتولشـەباب لـە نـاو ویلایەتـی هـەکاری دامـەزراوە، ناحیـەی سـندی کلـی خراوەتـە سـەر ئـەم قەزایـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە مەرکـەزی سـانجەقی هـەکاری دوورە، بـە پێویسـت زانـراوە دووبـارە وەکـو پێشـوو بخرێتـەوە سـەر قـەزای زاخـۆی سـەر بـە سـانجەقی موسـڵ، لـە ویلایەتـی موسـڵ بریارنامـە دەرچـووە و لـە فەرمانگـەی ناوەخـۆی شـورای دەوڵـەت دراوەتـە قەڵـەم، لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، ئینجـا بـۆ پاشـای سـیپاهیدار نێـردراوە، لـەم بابەتـەدا ئـەو خوێندنـەوەی لـە فەرمانگـەی سـەربازی بـۆی کـراوە، هیممـەت بکرێـت ئاماژەکـە و بریارنامـەی ناوهاتـوو بنێردرێتـەوە.




BEO.001766.132432.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001766.132432 | 7 رەمەزان 1309 |
|---|---|---|


٧ رەمەزان ٣٠٩
٥ كانوونی یەكەم ٣١٧
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
عەزیز ئەفەندی قائیمقامی قەزای رواندز دوورخراوەتەوە، لە شوێن ئەو محەمەد شەریف بەگ قائیمقامی قەزای زاخۆ ئەركەكەی بگوازێتەوە رواندز، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نووسراوی ٥ تشرینی دووەم ٣١٧ ژمارە ٤٠٢٥ بە بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولكیە دوای رەزامەندی لە ٣ كانوونی یەكەم ٣١٩، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرمووییەتی، هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی كارەكە.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01903.00031.001

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01903.00031</td><td>17 جەمادی یەکەم 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٧ جەمادی یەکەم ٣٠٩<br>٧ کانوونی یەکەم ٣٠٧<br>بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە<br>ساڵی رابردوو لە شارۆچکەی زاخۆ جۆرە نەخۆشیەك بڵاوبووەوە، بۆ لێکۆڵینەوە و دەرخستنی ئەم نەخۆشیە لە ئاغاکانی قولی پزیشك عیسا بەگ، نێردراوەتە شوێنەکە، ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووە، وەکو خەرجی رێگا رۆژانەی پێدراوە، شێوازی هەژمار کردنی ٣٠٠٠ قوروش، بە نووسراو لە ویلایەتی موسڵی بەهیە ئاماژەی پێکراوە، هاوپێچ نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە و راگەیاندنی بە هیممەتی پەیوەندیدارانی نەزارەت دەبێت.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01910.00089.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01910.00089 | 12 جەمادی كۆتایی 1309 |

١٢ جەمادی كۆتایی ٣٠٩
٣١ كانوونی یەكەم ٣٠٧
بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی عالی
بە فەرمانی پاشا جێبەجێ كردنی درێژكردنەوەی هێڵی نوێ لە باشیقە بۆ مەركەزی قەزای زاخۆ، لەلایەن دانیشتوانەوە پارەی ٥٠٠ دانە عامود دابین كراوە و ئامادە كراوە، هەروەها بۆ بابەتی درێژكردنەوەی هێڵەكە، هێڵی گەورەی دەرسەعادەت بگوازرێتەوە رێگەی زاخۆ، ئەگەرچی بریاری لەسەر دراوە و گفتوگۆی دابین كردنی كراوەتە سەنەد، بەڵام جێبەجێ كردنی ئەم جۆرە هیچ سوودێكی نابێت، خەرجی گشتیشی پێویست دەبێت، یەكەی باشیقە وەكو خۆی لە شوێن خۆی بمێنێتەوە، لە خۆچێی ئەم ٥٠٠ عامودە باسكراوە، راستەوخۆ لە باشیقە بۆ زاخۆ لقێكی هێڵەكە درێژ بكرێتەوە، ئەمەش گونجاوترە و باشترە، لە كاتی پرس و را لە بەڕێوەبەرایەتی سەرۆكی پۆستە ئاماژەی پێكراوە و راگەیەندراوە، لە بارەی جێبەجێ كردنیشی لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە و هاوپێچ نێردراوە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژە پێكردنەكە جێبەجێ كردنی كارەكە و راگەیاندنی دەكەوێتە سەر ئەو خەرجیەی كە عالی دەفەرمووێت.




DH.MKT.01916.00045.001

هەواڵنامەی کێش


| DH.MKT. | 01916.00045 | 27 جەمادی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|

٢٧ جەمادی کۆتایی ٣٠٩
١٥ کانوونی دووەم ٣٠٧
بۆ نەزارەتی دارایی عالیە و ویلایەتی موسڵی بەهیە
ساڵی رابردوو لە شارۆچکەی زاخۆ جۆرێك نەخۆشی سەری هەڵدا، بۆ دەرخستن و لێکۆڵینەوە پزیشکی ئاغای قولی عیسا بەگ نێردراوەتە شوێنەکە، ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووە خەرجی رۆژانە و خەرجی رێگای پێدراوە، کە لە ٣٠٠٠ قوروش پێك هاتبوو، راوپرسی وێنەی هەژماری، بە نووسراو لە ویلایەتی موسڵی بەهیە نێردراوە، لەگەڵ هەواڵی نەزارەتی تەندروستی جەلیلە نووسراوی گشتگیر لەگەڵ نووسراوی باسکراو بەیەکەوە بۆ عالی نێردراوە، نووسراوی باسکراو و وەڵامەکەی کە لە پەراوێزی نووسراوەتەوە، لەسەر نووسراوی بەهیە کە لە مێژووی ٢٣ تشرینی یەکەم ٣٠٧ ژمارە ٦٠ هاتووە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی تەندروستی جەلیلە بە گفتوگۆ وەڵام وەرگیراوە، مووچە و خەرجی رێگای ئەم جۆرە فەرمانبەرانە کە لە خۆچێی بەکاردەهێنرێن، لە سندوقی دارایی خۆچێی رێکدەخرێت و دەدرێت، لەگەڵ ئەمەش ٣٠٠٠ قوروش لە دەرماڵەی تەندروستی بە شێوەی زیادکردن و کەم کردن دەتوانرێت رێك بخرێت، هەروەها چۆنیەتی کارەکەش بە نەزارەتی دارایی عالیە راگەیەندراوە، بۆ ئەم بابەتە لە نەزارەتی ناوهاتوو پێداچوونەوە بکرێت، بە ویلایەتی ناوهاتووش ووتراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە هیممەتی عالی دەوێت.




DH.MKT.01936.00052.001

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01936.00052</td><td>25 شەعبان 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٥ شەعبان ٣٠٩<br>١٢ مارت ٣٠٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>لە ویلایەتی بەهیە، گوندی ئەلقوش كە سەر بە قەزای دهۆكە، لە قەزای ناوهاتوو دابرێت و ببەسترێتەوە بە موسڵ، ئەگەرچی لەلایەن دانیشتوانی خۆچێی داواكراوە و بە میهرەبانیەوە لە ئەنجوومەنی كارگێری ویلایەت بە بریارنامە كۆتایی پێ هاتووە، بەڵام هێندە ناچار نەبینراوە كە گوندی ناوهاتوو حەواڵە بكرێت، بۆ ئەوەی لە ئێستادا وەكو خۆی بمێنێتەوە بە والا رابگەیەندرێت، لەسەر ئەو بریارنامەیەی كە لە فەرمانگەی ناوەخۆی شورای دەوڵەت رێكخراوە، بە نووسراو بە پاشای لایەنی پەیوەندیداری سەدارەت راگەیەندراوە، هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00018.00010.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00018.00010 | 6 شەوال 1310 |
|---|---|---|


٦ شەوال ٣١٠
١١ نیسان ٣٠٩
بۆ ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ناسنامەی بەگایەتی دیوانی هومایۆن/ نووسراو
لەگـەڵ ئـەوەی بەسـتراوەتەوە بـە قـەزای زاخۆ سـەر بە سـانجەقی موسـڵ، بەڵام بـەم دواییە بەسـتراوەتەوە بـە قەزای بەیتولشـەبابی سـەر بـە سـانجەقی هـەکاری، بـە پێویسـت زانـراوە کـە دووبـارە ناحیەی سـندی کلی ببەسـترێتەوە بە قـەزای زاخـۆ، بۆ ئەم مەبەسـتە بـە بڕیاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان و شـورای دەوڵـەت، دوای مۆڵەت جەنابی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، هەروەهـا چۆنیەتـی ئەنجامدانی کارەکەشـی بـە پەیوەندیـداران ڕاگەیانـدووە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی نـووسراو دراوەتـە ئیـدارەی گشـتی ناسـنامە، هیممـەت بکرێـت لـە ئەنجامدانـی کارەکـە.




DH.MKT.01936.00052.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01936.00052</td><td>25 شەعبان 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٥ شەعبان ٣٠٩<br>١٢ مارت ٣٠٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>لە ویلایەتی بەهیە، گوندی ئەلقوش کە سەر بە قەزای دهۆکە، لە قەزای ناوهاتوو دابڕێت و ببەسترێتەوە بە موسڵ، ئەگەرچی لەلایەن دانیشتوانی خۆچێی داواکراوە و بە میهرەبانیەوە لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بە بڕیارنامە کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام هێندە ناچار نەبینراوە کە گوندی ناوهاتوو حەواڵە بکرێت، بۆ ئەوەی لە ئێستادا وەکو خۆی بمێنێتەوە بە واڵا رابگەیەندرێت، لەسەر ئەو بڕیارنامەیەی کە لە فەرمانگەی ناوخۆی شورای دەوڵەت رێکخراوە، بە نووسراو بە پاشای لایەنی پەیوەندیداری سەدارەت راگەیەندراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00018.00010.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00018.00010 | 6 شەوال 1310 |
| --- | --- | --- |

٦ شەوال ٣١٠
١١ نیسان ٣٠٩
بۆ ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ناسنامەی بەگایەتی دیوانی هومایۆن/ نووسراو
لەگـەڵ ئـەوەی بەسـتراوەتەوە بـە قـەزای زاخـۆ سـەر بە سـانجەقی موسـڵ، بەڵام بـەم دواییە بەسـتراوەتەوە بـە قەزای بەیتولشـەبابی سـەر بـە سـانجەقی هـەکاری، بـە پێویسـت زانـراوە کـە دووبـارە ناحیەی سـندی کلی ببەسـترێتەوە بە قـەزای زاخـۆ، بـۆ ئەم مەبەسـتە بە بریاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان و شـورای دەوڵـەت، دوای مۆڵەت جەنابی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، هەروەهـا چۆنیەتـی ئەنجامدانی کارەکەشـی بـە پەیوەندیـداران راگەیانـدووە، بـۆ جێبەجـێ کردنی نـووسراو دراوەتـە ئیـدارەی گشـتی ناسـنامە، هیممـەت بکرێـت لـە ئەنجامدانـی کارەکـە.




DH.MKT.00030.00028.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1310 شەوال 19 | 00030.00028 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |

١٩ شەوال ٣١٠
٢٤ نیسان ٣٠٩
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
خورشـید ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری دارایـی قـەزای زاخـۆ لـە پارەوپولـی میـری زیاتـر لـە ٢٠٠٠ قوروشـی بـردووە، بۆیـە دەسـتی لـە کارەکـەی کێشـاوەتەوە، لـە ویلایەتـەوەش دادگایـی کردنـی بـە پێویسـت نەزانـراوە و پاکانـەی بـۆ کـراوە، بـەڵام داوا کـراوە لـەوێ نەهێڵدرێـت، بـۆ ئەمـەش تەلەگرافنامـە بـە واژووی گشـت لایەنێـك دەرچـووە و وێنەیەکـی نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.





Y.A.RES 00061.00059.001

هەواڵنامەی کتێب

| 30 رەبیعی كۆتایی 1310 | 00061.00059 | Y.A.RES. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
١١٩٥
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ ئیبراهیـم بـەگ دەسـتگیرکراوە، چونکـە لەلایەنـی داهاتـەوە لەگـەڵ تۆمـاری ناسـنامە و هۆزەكانـی نیشـتەجێ بـوو كێشـەی ناوەتـەوە، بۆیـە دوور خراوەتـەوە و لـە شـوێن ئـەو هەڵبژێـردراو لـە چینـی سـێیەم حەقـی ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای ئاقچـە داغ دامەزرێـت، لـەم بارەیەوە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران بریارنامـە دەرچـوە و لەگـەڵ كاغـەزی وەرگێردراوی كەسـێتی نێـردراوە، بۆ جێبەجـێ كردنـی كارەكـە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە راگەیەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار كـرا ئەفەنـدم، لـە ٣٠ رەبیعـی كۆتایـی ٣١٠ و لـە ٨ تشرینـی دووەم ٣٠٨.
سەدری ئەعزەم و یاوەری





BEO.000067.004959.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000067.004959 | 16 سەفەر 1310 |
| --- | --- | --- |

١٦ سەفەر ٣١٠
٢٦ ئۆغستۆس ٣٠٨
بۆ نەزارەتی تەلەگرافی بەهیە

ئەو قەزایانەی کە سـەر بە مەرکەزی ویلایەتن، تەلەگرافخانەیان نییە، بۆیە لە گواسـتنەوەی هەواڵ کێشـەی دروسـت کـردووە، هەروەهـا لـە کاتـی تێکچوونـی ئاسایش و ڕوودانـی حاڵەتێـك ئـەوا هـەواڵ درەنـگ دەکاتـە حکوومـەت و ئەمـەش وا دەکات ئامادەکاری پێویسـت ئەنجام نەدرێـت، بـۆ ئـەوەی چاکسـازی لـە ناردنـی هەواڵـەکان بکرێـت و گشـت کارەکان بـە پەلـە جێبەجـێ بکرێـت، هێڵـی تەلەگـراف لـە باشـێقە بـۆ دهـۆك و زاخـۆ و داودیـە و عەمادیـە هەروەهـا لـە موسـڵەوەش بـۆ زێبار و لـە ئادراش بۆ قەزای عەقرە، دیسـان لە موسـڵەوە بۆ تەلەعفەر و قەزای سـنجار درێـژ بکرێتـەوە و تەلەگرافخانـە دروسـت بکرێـت، بـۆ بـری تێچـووی عامـود و کرێی کرێـکارەکان لە خۆچێـی پارەکە دابیـن دەکرێـت، دروسـت کردنـی تەلەگرافخانـەی زاخـۆ کۆتایـی پـێ دێـت، پێویسـت دەکات تـەل و مەکینـە دابین بکرێـت و بـۆ هەمـوو وەرزێـك گونجاو بێـت، قوماندانیەتی فرقەی چاکسـازی تەلەگرافنامـە هاتووە و وێنـەی بەرایی لەگـەڵ نـووسراوی واڵای سـەر عەسـکەر کـە لە مێژووی ١٤ سـەفەر ٣١٠ ژمـارە ٧٢٨ هاتووە لەگەڵ نووسراوی باسـکراو بەیەکـەوە بـۆ سـەروو نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لە جێبەجـێ کردنی کارەکـە، بۆ ئەم مەبەسـتەش نـووسراو کراوە.



BEO.000086.006418.003




BEO.000086.006418.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000086.006418 | 18 رەبیعی یەكەم 1310 |
|---|---|---|

- ٢٨ ئەیلوول ٣٠٨
شیفرە بۆ عومەر وەهبی پاشا قوماندانی فرقەی چاكسازی لە موسڵ
بـە مەبەسـتی ئیسـلام كردنـی هـۆزی هویـری كـە سـەر بـە تائیفـەی یەزیدیـن و لـە ناحیـەی سـلۆپی نیشـتەجێن، خالـد بـەگ لـە میرەكانـی بهتـان لەلایـەن پاشـاوە ئەركـی پـێ سـپێردراوە لەگـەڵ بلۆكێـك سـەرباز گەیشـتونەتە زاخـۆ، هەروەهـا بەكارهێنانـی میرەكانـی بهتـان لـە دەورووبـەری جەزیـرە گونجـاو نییـە و جێـگای سـەلامەتی نییـە، بـۆ ئـەوەی میـری ناوهاتـوو ئـەم كارەی پـێ نەسـپێردرێت، سـەرەتا بـە ئامۆژگاریـەوە راگەیەنـدراوە، دواتـر لـە دەرەوەی ئەركـدا لـەم جـۆرە كارە هەسـتیارانەدا بوونـی نەبێـت، ئـاوا باشـترە.


- تەلەگراف نامە
بۆ لایەنی عالی لە پایەبەرزانی سەدارەت
ئێستا وێنـەی ئـەو تەلەگرافنامەیـەی كـە لـە موتەسـەرفیەتی ماردیـن وەرگیـراوە، بـە تەواوەتـی رادەگەیەندرێـت كە میرەكانـی بهتـان گشـتیان سـەر بـە خانەدانـی بەدرخـان پاشـان، لەبـەر ئەمـە لەمانە هـەر كامەیـان بن، بەم شـێوەیە بـە ئـەرك و سـەرباز بێتـە قـەزای جەزیرە بە دڵنیاییـەوە لەوێ كێشـەیەك دروسـت دەكات، بە بەڵگەوەش سـەلمێنراوە، لەلایـەن شـاهانەوە ویلایـەت بە رێكوپێكی دەپارێزرێت، بۆ ئەوەی ئاسایشـی ناوچەكە تێك نەچێـت، بەپەلە فەرمانی پێویسـت بدرێتـە قوماندانـی فرقـەی چاكسـازی لـە موسـڵ و لێـرەش هێڵـی جولەكـردن دابمەزرێـت تـكا دەكرێـت.
لە ٢٨ ئەیلوول ٣٠٨
سری والی دیاربەكر



BEO.000093.006929.004

هەواڵنامەی کتێب


<table dir="rtl">
<tr><th>BEO.</th><th>000093.006929</th><th>8 سەفەر 1310</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی كاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٩٣٨<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>راگەیەندراوی بەندەی بێ دەسەڵاتە<br>بـە فەرمانـی پاشـایی جەنابـی پاشـا داواكـراوە پەلـە بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی درێژكردنـەوەی هێڵـی تەلەگرافـی قـەزای زاخـۆ، لەسـەر ئامـاژەی ویلایەتـی موسـڵ سـەرۆكی بەرێوەبـەری تەلەگـراف و پۆسـتەی بەغـداد ئامـاژەی پێكـردووە، حاڵـی حـازر بـە نـووسراو بـە نەزارەتـی عاجیزانـەم ووتـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا وەڵام وەرنەگیـراوە، لـە بارەی جێبەجـێ كردنـی كارەكـە ئـەو نـووسراوەی كـە لـە نەزارەتـی پۆسـتە و تەلەگرافـی عالی نێـردراوە، هاوپێچ پێشـكەش كـراوە، لـە كاتـی ووردبینـی كردنیشـدا نـووسراو لـە نەزارەتـی ناوهاتـوو هاتـووە و حەواڵـەی شـورای دەوڵەت كـراوە، دەركەوتـووە ئـەو بریارنامەیـەی كـە رێكخـراوە و پێشـكەش كـراوە لـە مێـژووی ٦ شـەعبان ٣٠٩ نێردراوەتـە بودجـەی قۆمیسـیۆن، جێبەجـێ كردنـی كارەكـەش دەگەرێتـەوە بـۆ رای جەنابـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٨ سـەفەر ١٣١٠ و لـە ١٩ ئۆغسـتۆس ٣٠٨.<br>نازری كاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>




BEO.000110.008237.002


| | | |
|---|---|---|
| 1 جەمادی یەکەم 1310 | 000110.008237 | BEO. |

نەزارەتی كاروباری تەندروستی
ژووری نووسین
ژمارە ٢٩٧
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لـە مێـژووی ٦ تشرینـی دووەم ٣٠٨ تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ وەرگیـراوە، لەسـەر فەرمانی پایەبەرز و پشـت بەسـتن بە ئاگاداری فەرمانگەی تەندروسـتی هاوپێچ پێشـكەش كراوە و نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەكە لە ویلایەتی وان نەخۆشـی كۆلێـرا سـەری هەڵـداوە، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی ویلایەتی موسـڵ و وان لە یەكتر نزیكـن، قەزایەكانی عەمادیـە و زاخـۆ لەگـەڵ ناحیـەی سـنی پاراسـتنخانە دامەزرێـت، بـۆ ئەمـەش ئامـاژە دراوەتـە موشـیرەتی لەشـكری شەشـەمی هومایۆنی جەلیلە، لەلایەنی پاشـاوە ئاماژە بۆ پایەی واڵای سـەر عەسـكەر نێردراوە، ڕاگەیاندن و نووسراوی جەنابـی عالـی لـە فەرمانگـەی ناوهاتـوو باسـكراوە، ئەمـر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات.
لە ١ جەمادی یەكەم ٣١٠ و لە ٩ تشرینی دووەم ٣٠٨
نازری تەندروستی




BEO.000114.008508.002

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO.</td><td>000114.008508</td><td>9 جەمادی یەكەم 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی گشتی ئەركانی جەنگی<br>یەكەی چوارەم<br>١٠٨٠<br>راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە<br>لـە ویلایەتـی وان كۆلێـرا بڵاوبۆتـەوە، لەبـەر ئـەوەی وان لـە ویلایەتی موسـڵ نزیكە، لەسـەر ئاماژەی ویلایەتی موسـڵ لـە ئەنجوومەنـی تەندروسـتی بریـار دراوە لـە قەزایەكانـی عەمادیـە و زاخـۆ لەگـەڵ ناحیـەی ستسـی پاراسـتنخانە دابمەزرێـت، لەگـەڵ راگەیەنـدراوی عالـی ئـاگاداری دراوەتـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـكری شەشـەمی هومایـۆن، لە مێـژووی ٢ جەمـادی یەكـەم ٣١٠ نووسراوی سـەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سـەدارەت ئاگاداری رۆیشـتووە و وەڵام هاتۆتـەوە و هاوپێـچ ئـەو تەلەگرافنامەیەی كە پێشـكەش كراوە، تێدا روون دەكاتەوە كە هەر ئێسـتا پاراسـتنخانەكانی ناوهاتـوو دامەزرێـن و ئەگەرچـی بـۆ قوماندانیەتـی فرقـەی دوانـزە نـووسراو كـراوە، بـەڵام ئـەم پاراسـتنخانانە لەلایـەن ویلایەتەكانـەوە بەرێوەنابردرێـن، بەڵكـو لایەنـی سـەربازی ئەركەكـەی لەسـەر شانە، تەنانـەت رێكخسـتنی پاراسـتنخانەكان و ئـەو شـوێنەی هەڵدەبژێردرێـت بـۆ دامەزراندنی پاراسـتنخانەكان لە ئەسـتۆی ئەواندایـە، لەلایەنی كارگێریـەوەش ئیـدارەی شـوێنەكە ناكـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەپەلـە كارەكـە جێبەجـێ بكرێـت، داوای هاوكاریش لە پەیوەندیدارانـی سـەدارەت كـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات.<br>لە ٩ جەمادی یەكەم ٣١٠ و لە ١٧ تشرینی دووەم ٣٠٨<br>رزا سەرعەسكەر</td></tr>
</table>





BEO.000153.011452.001

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000153.011452</td><td>23 رەجەب 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ رەجەب ١٣١٠<br>٣١ كانوونی دووەم ٣٠٨<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>نووسراوی تۆماركراو وێنەی لە باڵادا راگەیەندراوە و فەرمانی پاشـای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت كە لەسـەر جێبەجێ كردنە، لەگەڵ دەفتەری دەرخسـتە و نەخشـە نێردراوە، لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هیممەت كراوە لە جێبەجێ كردنی كارەكە.<br><br>لە ناو ویلایەتی موسڵ تەلەگرافخانەیەك لە قەزای زاخۆ بونیاد نراوە، پێویستە خەرجی دروست كردنەكەی خەرج بكرێت.</td></tr>
</table>




BEO.000167.012507.001

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000167.012507</td><td>17 شەعبان 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٧ شەعبان ٣١٠<br>٢٤ شوبات ٣٠٨<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی و دەفتەرخاقانی<br>وێنەکانیان لە باڵا تۆمارکراوە، لەگەڵ بڕیارنامەی فەرمانگەی ناوەخۆی شورای دەوڵەت و ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان، هەروەها نووسراو راگەیەندراوە و بە دەرچوونی فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت، زانیاری دراوەتە نەزارەتی دارایی و دەفتەرخاقانی جەلیلە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەش لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هیممەت بکرێت.<br><br>سەبارەت بە دووبارە بەستنەوەی ناحیەی سندی کلی بە قەزای زاخۆی سەر بە سانجەقی موسڵ.</td></tr>
</table>




BEO.000189.014165.002

هەواڵنامەی کتێب


| 12 شەوال 1310 | 000189.014165 | BEO. |
|---|---|---|

تەلەگراف نامە

بۆ پایەی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت

خورشـید ئەفەنـدی بەرێوەبـەری دارایـی قـەزای زاخـۆ لـە پـاڵ كاروبـاری دەوڵـەت ئـەوەی لـە میللـەت وەریگرتـووە زیاتـرە لـە ۲۰۰۰۰ قـوروش و بـە بەڵگـەوە سـەلمێنراوە كـە ئـەم پارانـەی بـردووە، هەروەهـا پێشـەكی دەسـتی لـە كاركێشـاوەتەوە، بەهـەر هۆكارێكیـش بێـت لـە ویلایەتـی موسـڵ دادگاییەكـەی جێبەجـێ نەكـراوە و بـێ تاوانـی دەركـراوە، هـەر چۆنێـك بێـت مانـەوەی بـەم جـۆرە كاریگـەری خـۆی بەجـێ دەهێڵێـت، ڕۆیشـتنمان بـۆ شـوێنێكی تـر بۆتـە شـتێكی ئاسـایی بـە تێروانیـن لـەو زوڵمانـەی لێمان دەكرێـت مانـەوەی ناوبـراو لێـرە گونجـاو نییـە، تكایـە لـە قەزاكەمـان دووری بخەونـەوە، بـە نـاوی گشـتی تـكای جێبەجـێ كردنـی دادپـەروەری پاشـا دەكەیـن.


ئیلینا خاخامباشی/ حەنا وەكیلی میللەتی كلدانی/ حەسەن وەكیلی میللەتی ئیسلام




هەواڵنامەی کتێب


| I.DH. | 01302.000032 | 26 ڕەبیعی كۆتایی 1310 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
١١٦٤
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
ناحیـەی سـندی كلـی سـەر بـە قـەزای زاخـۆی سـانجەقی موسـڵ بـووە، لـە كۆتاییـدا دراوەتـە قـەزای بەیتولشـەبابی سـەر بـە سـانجەقی هـەكاری، بـەڵام لـە بـارەی ئـەوەی دووبـارە ناحیـەی ناوهاتـوو بـبەسـترێتەوە بـە قـەزای زاخـۆ بڕیارنامـەی ئەنجوومەنـی تایبەتـی وەكیلەكانـی فەرمانگـەی ناوەخـۆی شـورای دەوڵـەت لەگـەڵ بەراییـەكان ڕاگەیەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، ئەمـر و فەرمانـی هۆمایۆنـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت هـەر چییـەك بێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـەم ڕاگەیاندنـە، نـووسراو نووسرایـەوە و ژمـارەی لەسـەر تۆمـار كـرا ئەفەنـدم.
لە ٢٦ ڕەبیعی كۆتایی ٣١٠ و لە ٤ تشرینی دووەم ٣٠٨
سەدری ئەعزەم و یاوەری




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>21 زیلحیجه 1310</td><td>01305.000039</td><td>I.DH.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>... دیوانی هومایۆن<br>٣١٤٥<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە ناو ویلایەتی موسڵ ئیبراهیم سدقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ لەگەڵ مستەفا سالم ئەفەندی قائیمقامی قەزای سنجار لە ئەرکەکەیان گۆڕینەوەیان پێ بکرێت، لەسەر ئاماژەی خۆچێی نووسراو کراوە، ئەو بریارنامەیەی کە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و نێردراوە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٢١ زیلحیجە ٣١٠ لە ٢٣ حوزەیران ٣٠٩.<br>سەدری ئەعزەم و یاوەری</td></tr>
</table>




DH.MKT.01995.00057.001


| | | |
|---|---|---|
| 8 سەفەر 1310 | 01995.00057 | **DH.MKT.** |

٨ سەفەر ٣١٠
١٥ ئۆغستۆس ٣٠٨
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
بـە فەرمانـی جەنابـی پاشـا درێژکردنـەوەی هێڵـی تەلەگرافـی قـەزای زاخـۆ جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ئاماژەی ویلایەتـی موسـڵ کارەکـە بـە پەلـە جێبەجێ بکرێـت، بۆیـە سـەرۆکی بەرێوەبەرایەتی تەلەگـراف و پۆسـتەی بەغداد ئاماژەی پێکـردووە، بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی بە نـووسراو نەزارەتی عاجیزانـەم ئـاگادار کراوەتەوە، بەڵام تا ئێسـتا وەڵام وەرنەگیـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـەش نـووسراو لـە نەزارەتـی تەلەگراف و پۆسـتەی عالـی نێـردراوە و هاوپێچ پێشـکەش کـراوە، لـە کاتـی ئەنجامدانـی ووردبینیـش سـەرەتا نـووسراوی نەزارەتـی ناوهاتـوو هاتـووە و حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، دەرکەوتـووە ئـەو بریارنامەیەی کە رێکخراوە و پێشـکەش کـراوە لە مێژووی ٦ شـەعبان ٣٠٩ نێردراوەتـە بودجـەی قۆمیسـیۆن، جێبەجـێ کردنـی کارەکە لەسـەر رای جەنابی پەیوەندیدارانی سـەدارەت وەسـتاوە.



DH.MKT.02006.00021.001

<table>
<tr><td>6 رەبیعی یەکەم 1310</td><td>02006.00021</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٦ رەبیعی یەکەم ٣١٠<br>١٣ ئەیلوول ٣٠٨<br>بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستەی عالیە<br>ئـەو هێڵـە تەلەگرافـەی کـە لـە ڕێـگای زاخـۆ درێـژ دەکرێتـەوە، وا باشـترە بـە قـەزای دهۆکیشـدا تێپەڕێـت، لەلایـەن جەنابـی عومـەر وەهبـی پاشا قوماندانـی فرقەی چاکسـازی ئاماژەی پێکـراوە، هەروەها بـۆ درێژکردنـەوەی هێڵەکە ڕاسـتەوخۆ پـارەی خەرجـی ٦٠٠٠ قـوروش، لـە کۆکردنەوەشـی بەڵێـن لـە دانیشـتوان وەرگیـراوە، هەروەهـا بـۆ تەلەگرافخانەکـەش لـە قۆناغـی حکوومـەت ژوورێـك دابیـن بکرێت، بـۆ جێبەجێ کردنـی کارەکە لە ویلایەتی موسـڵ تەلەگرافنامـە نێـردراوە، هاوپێـچ بـۆ سـەروو نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە ئەنجامدانـی کارەکـە و ڕاگەیاندنـی.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02011.00056.001


هەواڵنامەی کتێب

| 23 رەبیعی یەکەم 1310 | 02011.00056 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٢٣ رەبیعی یەکەم ٣١٠
٥ تشرینی یەکەم ٣٠٨
بۆ شەهری ئەمانەتی جەلیلە

بـە گوێـرەی دەرخسـتەی قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای زاخـۆ، نۆژەنکردنـەوەی ١٧٠٠ قوروشـی پێویسـتە، دەفتـەری دەرخسـتە لەگـەڵ بریارنامـەی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی موسـڵ بـۆ عالـی نێـردراوە، بـۆ ئـەوەی بزانرێـت ئاخـۆ دەفتـەری باسـکراو لەگـەڵ هۆنـەری بیناسـازی و بناغـەی خەرجـی یەکسـانە یاخـود یەکسـان نییـە، دوای ووردبینـی بنێردرێتـەوە، لـە بـارەی جێبەجـێ کردنـی کارەکـە هیممـەت بـۆ عالیـە.


دراوەتە ژمێریاری



DH.MKT.02015.00091.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02015.00091</td><td>6 ڕەبیعی یەكەم 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">
٦ ڕەبیعی یەكەم ٣١٠<br>
١٥ تشرینی یەكەم ٣٠٨<br>
بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستەی عالی<br>
بە فەرمانی جەنابی پاشای پەیوەندیدارانی خەلافەت هێڵی تەلەگرافی قەزای زاخۆ درێژ دەكرێتەوە، لە كۆتاییدا و بە دووپاتكردنەوە لەسەر ئاماژەی عالی، بە گفتوگۆ لەگەڵ پەیوەندیدارانی سەدارەت فەرمانی سەدری ئەعزەم هاتووە، خەرجی هێڵی باسكراو لە بودجە تۆمار نەكراوە، بە تێروانین لەم ووتەیە، نووسراو بۆ نەزارەتی عالی كراوە تا پرسیار بكرێت ئاخۆ خەرجی باسكراو لە بودجەی ئەم ساڵەدا خولانەوەی دەبێت یان نابێت، هەروەها نووسراوی سەدری ئەعزەمی باسكراو لەگەڵ بەراییەكان بەیەكەوە نێردراوە، هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی و ر اگەیاندنی.
</td></tr>
</table>




DH.MKT.02018.00087.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02018.00087</td><td>8 ڕەبیعی كۆتایی 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">٨ ڕەبیعی کۆتایی ٣١٠<br>٢٧ تشرینی یەکەم ٣٠٨<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>ئیبراهیم بەگ قائیمقامی قەزای زاخۆ دەست بەسەر کراوە، چونکە لە تۆماری ناسنامە و نیشتەجێ کردنی دانیشتوان لەگەڵ داهات و کاری چاکسازیدا کاری قەدەغەکراوی کردووە و کێشەی دروست کردووە، لە کارەکەی دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو حەقی ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ئاقچە داغ دابمەزرێت، کە کەسێکی لێهاتوو و بە ئەزموونە و لە چینی سێیەم هەڵبژێردراوە، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی موسڵ نووسراو کراوە و بریارنامە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دەرچووە، هاوپێچ لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی بەیەکەوە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە یارمەتی جەنابی پەیوەندیدارانی سەدارەتی پێویستە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02022.00098.001

کتێبی هەواڵنامە

| DH.MKT. | 02022.00098 | 29 ڕەبیعی كۆتایی 1310 |
|---|---|---|
| ٢٩ ڕەبیعی كۆتایی ٣١٠<br>٧ تشرینی دووەم ٣٠٨<br>بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە<br>لە وان نەخۆشی كۆلێرا سەری هەڵداوە، بۆیە ئاوا پێویست دەكات كە لە قەزایەكانی زاخۆ و عەمادیە لەگەڵ ناحیەی سنس كلی هێڵی پاراستن ڕێك بخرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە دراوەتە موشیرەتی جەلیلەی لەشكری شەشەمی هومایۆن، هەروەها تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، بۆ عالی نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەكە هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی كارەكە. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MKT
2025 | 140


DH.MKT.02025.00140.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02025.00140 | 9 جەمادی یەکەم 1310 |
| --- | --- | --- |

٩ جەمادی یەکەم ٣١٠
١٧ تشرینی یەکەم ٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لـە بـارەی نۆژەنکردنـەوەی قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای زاخـۆ، لـە شـوێن خـۆی دەفتـەری دەرخسـتە ڕێکخـراوە لەگـەڵ بڕیارنامـەی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی بەهیـە لـە مێـژووی ٢٠ ئۆغسـتۆس ٣٠٨ نێـردراوە، بـەڵام یەکناگرنـەوە، لـە هەمـان کاتـدا تـا ئێسـتا دەفتـەری نرخـی بەهـا (ڕایج) نەنێـردراوە، لەسـەر جێبەجـێ کردنـی کارەکـە، وێنـەی ڕێکخسـتنی ئەمانـە لـە خانـەی ئەندازیاریەتـی نـووسراو دەرچـووە و نێـردراوە، لـە کاتـی گفتوگـۆ ئـەو وەڵامـەی لـە شـەهری ئەمانەتـی جەلیلـە وەرگیـراوە، ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا نـووسراوی ناوهاتـوو و دەفتـەری دەرخسـتە بەیەکـەوە دراوەتـە لایەنـی پەیوەندیـدار، تـا هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنیـان.

نوسراوی وەڵام لە مێژووی ٩ تشرینی دووەم ٣٠٨ دەرچووە.





DH.MKT.02035.00077.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02035.00077 | 6 جەمادی كۆتایی 1310 |
|---|---|---|

٦ جەمادی كۆتایی ٣١٠
١٤ كانوونی دووەم ٣٠٨
جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
خەرجی درێژكردنەوەی هێڵی تەلەگرافی قەزای زاخۆ بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشاوە بووە، لە بارەی لێكۆڵینەوە لەوەی خەرجیەكە لە بودجەی ئەم ساڵدا خولانەوەی دەبێت یاخود نابێت، لەسەر نووسراوی سەدری ئەعزەمی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لە مێژووی ١٠ تشرینی یەكەم ٣٠٨، وەڵام نێردراوە، لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستەی عالی وەرگیراوە و هاوپێچەكانی ناوهاتوو لەگەڵ بەراییەكان نێردراوەتەوە و بەیەكەوە نووسراو پێشكەش كراوە، بۆ هێڵی باسكراو لەلایەن دانیشتوانی خۆچێی بەڵێن دراوە، ئەوی تر بە یەك لە هەشت لە خەرجی دروست كردنی تەلەگرافخانە بە یەك هەنگاو خەرج بكرێت، بۆ ٢٧٢٨ قرانق و ٤٠ سانتیمەتر، ١١٧٣٦ قوروش لە بودجەی ئەم ساڵەدا ئەگەر خولانەوەكەی گونجاویش بێت، بەڵام بەشێكی زۆری ئەم ساڵە تەواو بووە، درێژكردنەوەی هێڵەكە و مامەڵەی مەركەز بەلایەنی كەمەوە لە كۆتایی ئەم ساڵەدا تەواو دەبێت، بە پێویست زانراوە مووچە و خەرجی هەمیشەیی ٢٠٠ فرانك و ١٨٤٠٠ قوروش لە ساڵی داهاتوو بخرێتە سەر بودجە، هەروەها جێبەجێ كردنی بۆ جەنابی پەیوەندیدارانی پایەبەرزە.




DH.MKT.02037.00116.001


هەواڵنامەی کێڤ

| DH.MKT. | 02037.00116 | 13 جەمادی کۆتایی 1310 |
|---|---|---|

١٣ جەمادی کۆتایی ٣١٠
٢١ کانوونی یەکەم ٣٠٨
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت

ئـەو نەخۆشـیەی کـە لـە شـارۆچکەی زاخـۆ سـەری هەڵـداوە، بـۆ دەرخسـتن و لێکۆڵینەوەیـدا عیسـا بـەگ پزیشـکی ئاغـای قـول نێـردراوە، وەکـو خەرجـی ڕۆژانـە و ڕێـگا ٣٠٠٠ قوروشـی پێـدراوە، بـۆ پـرس و ڕای وێنـەی هەژمارەکـە، لـە ویلایەتـی موسـڵی بەهیـە سـەرەتا و دوا نـووسراوی هاتـوو لەگـەڵ نەزارەتـی دارایـی عالیـە گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، لـە وەڵامـدا ئـەو نـووسراوەی کـە هاتـووە، یەکـەم نـووسراوی ویلایەتـی ناوهاتـوو لەسـەر ئـەو فەرمانبـەرە تەندروسـتیانەی کـە لـە هەندێـك ویلایەتـدا بوونیـان هەیـە، لەگـەڵ کاغـەزەکان بەیەکـتری لـکاون، نێردراوەتـە سـەرۆکایەتی شـورای دەوڵەتـی جەلیلـەی بـە وەکالـەت، لـە کاتـی لێکۆڵینـەوەوە لەسـەر کاغـەزە ناوهاتووەکانـدا دەرکەوتـووە بریارنامـە لـە لایەنی شـورا ڕێکخراوە و پێشـکەش کـراوە، جێبەجێ کردنـی کارەکە بۆ جەنابـی پایەبەرزە.


نووسراوی دارایی لە ٢ کانوونی یەکەم ٣٠٨




DH.MKT.02049.00027.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>18 رەجەب 1310</td><td>02049.00027</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٨ رەجەب ٣١٠<br>٢٥ كانوونی دووەم ٣٠٨<br>بۆ جەنابی عالی له پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>لـە بـارەی دانیشـتوانی قـەزای سـنجار لەلایـەن كـوڕی جەنابـی قوماندانـی پێشـووی فرقـەی چاكسـازی عومـەر وەهبـی پاشـا زوڵمیـان لێكـراوە، مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ناوهاتـوو شـاردوویەتیەوە و لـە كاتـی خۆیـدا زانیـاری نەداوەتـە مەركـەزی ویلایـەت، بـە تەواوەتـی دانیشـتوانەكەی بـە تێكـدەری ئەمنیـەت نـاسراوە و لـەم حاڵەتـەدا مانـەوەی لـەوێ بـاش نییـە، دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی پێشـووی قـەزای زاخـۆ ئیبراهیـم سـدقی ئەفەنـدی دابمەزرێـت، ئەگەرچـی لـە ویلایەتـی موسـڵ ئاماژەی پێكـراوە، بـەڵام ناوبـراو ئیبراهیـم سـدقی ئەفەنـدی كـە لـە قائیمقامیەتـی زاخـۆ بـووە لـە كۆكردنـەوەی داهـات خـاو بـووە، بۆیـە دوورخراوەتـەوە، جگـە لەمـە خـۆی هەڵبژێـردراوە لـە چینـی سـێیەم، هەرچـی قـەزای ناوهاتـووە لـە چینـی دووەمـە، لـەم لایەنـەوە دامەزراندنـی لـە رووی كارگێـری بـە گوێـرەی نیـزام و بەرژەوەنـدی گونجـاو نییـە، بۆیـە بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای سـنجار هەڵبژێـردراو لـە چینـی دووەم و ئاشـنای زمانـی عەرەبـی عەبدولغەنـی ئەفەنـدی كـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ریجالولئەلمەع (رجـال المـع) بـورداوە، بـۆ دامەزراندنـی نـووسراو كـراوە لەگـەڵ بریارنامـەی قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران هاوپێـچ كاغـەزی وەرگێرانـی زانیـاری كەسـێتی بەیەكـەوە پێشـكەش كـراوە، جێبەجـێ كردنـی كارەكـە بـە هـاوكاری پەیوەندیدارانـی سـەدارەتەوە دەبێـت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.00063.00031.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00063.00031</td><td>24 موحەڕڕەم 1311</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٤ موحەڕڕەم ٣١١<br>٢٦ تەمموز ٣٠٩<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>ئیبراهیـم سـدقی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ لەگـەڵ مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـنجار لـە ئەرکەکەیـان گۆرینەوەیـان پێکـراوە، سـەرەتا بـە تەلەگـراف نێـردراوە، لەگـەڵ ڕۆیشـتنی ناوبـراوان بـۆ شـوێنی کارەکەیـان و مێـژووی دەسـت بەکاربوونیـان لـە ئەرکەکەیـان بـە گوێـرەی تۆمـار مانگانـە هـەر یەکـە ١٧٥٠٠٠٠ قوروشـیان دابیـن دەکرێـت و لـە تۆمـارەکان ڕێکخـرا، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە پشـت بەسـتن بـە ڕاگەیاندنـی مێژووەکانـی باسـکرا و بڕیارنامـە هەمـوو مانـگ ٥٪ ی مووچەکانیـان دەنێردرێتـە سـندوقی خانەنشـینی، بـۆ ئـەوەی بـە میـری میـران ڕابگەیەندرێـت لـە نەزارەتـی ژمێریـاری باسـکراوە، هیممـەت بکرێـت لە جێبەجـێ کردنـی کارەکە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00183.00039.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00183.00039 | 9 جەمادی کۆتایی 1311 |
|---|---|---|


٩ جەمادی کۆتایی ٣١١
٦ کانوونی یەکەم ٣٠٩
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
عوسمان نوری ئەفەندی قائیمقامی قەزای عەمادیە لەبەر رووداوی بێ ئابروویی وایکردووە لە کاروباری گرنگ دوور بێت، ئەمەش وایکردووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریش خراپ بێت، بۆیە مانەوەی لە کارەکەی گونجاو نییە، دووربخرێتەوە و لە شوێن ئەو مستەفا سالم ئەفەندی قائیمقامی زاخۆ بگوازرێتەوە، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی زاخۆش ئیبراهیم بەگ دابمەزرێت کە لە چینی دووەم هەڵبژێردراو و لە قائیمقامیەتی بازیان جیابۆتەوە، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی موسڵ نووسراوی گونجاو کراوە و بریارنامەی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دراوە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی بەیەکەوە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە یارمەتی جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەتی دەوێت.



BEO.000238.017816.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000238.017816 | 1 موحەررەم 1311 |
|---|---|---|
| ١ موحەررەم ٣١١<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە نـاو ویلایەتی موسـڵ ئیبراهیم سـدقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ لەگەڵ مسـتەفا سـالم ئەفەندی قائیمقامی قـەزای سـنجار ئەركەكەیـان بگۆردرێتـەوە، بۆ ئەم مەبەسـتە نـووسراوی مێـژووی ٢٣ زیلقەعـدە ٣١٠ ژمـارە ٧٣٧ دوای مۆڵـەت دان، جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافەت بە فەرمانی پاشـا فەرموویەتی، هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی. | | |



DH.MKT.00240.00027.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 00240.00027 | 12 زیلقعدە 1311 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

سەرەتا لەسەر تكا كردنمان لە ساڵی ٣٠٦ لە ویلایەتی موسڵ قۆمیسیۆن رێكخراوە و بە زانیاری قۆمیسیۆن گۆرانكاری گشتی كراوە، تا ٣٠٩ قەرزەكانمان داوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم گۆرانكاریە ی كە كراوە، پارەی كەڵەكەبووی ئەم ساڵە زیادبووە، بەمەش تووشی تەنگانەیی بووینەتەوە، حكوومەتی ئێرەش دەیەوێت ئێستا پاشماوەی ئەم گۆرانكاریە بدرێت، ئێمەش ناتوانین ئەم پاشماوەیە بدەین و هەموومان هەژارین و داوای میهرەبانی دەكەین، تكا دەكەین ئەوەی لەسەرمان ماوەتەوە لەم پاشماوەیە ببورێن، بۆ ئەوەی لە زوڵم بپارێزرێین لەم ساڵەوە بە جێبەجێ كردنی گۆرانكاری گشتی بەندەكان لە زوڵم بپارێزرێن و كارێك نەكرێت وا بكات میللەتەكەمان ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، بۆیە لە جەنابی ملوكانە دەپارێینەوە و تەمەنا و تكای دادپەروەری شەهریاری موسڵمان دەكەین، فەرمان.

ئیسرا خاخام باشی میللەتی موسەوی زاخۆ




BEO.000334.024989.001

هەواڵنامەی کتێب

| 17 جەمادی کۆتایی 1311 | 000334.024989 | BEO. |
|---|---|---|


١٧ جەمادی کۆتایی ٣١١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، عوسـمان نـوری ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای عەمادیـە لـە کارەکـەی دوور بخرێتـەوە، لـە شـوێن ئـەو مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی قائیمقامـی زاخـۆ بگوازرێتـەوە، هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی زاخـۆش ئیبراهیـم بـەگ کـە لـە قائیمقامـی بازیـان جیابۆتـەوە دابمەزرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەر نـووسراوی ٩ جەمـادی کۆتایـی ٣١١ ژمـارە ٦٧٣ دوای موڵەتـدان بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت لـە مێـژووی ١٥ جەمـادی کۆتایـی هەمـان سـاڵ فەرموویەتـی، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




BEO.000386.028885.001

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><th>BEO.</th><th>000386.028885</th><th>9 شەوال 1311</th></tr>
<tr><td colspan="3">٩ شەوال ٣١١<br>٤ نیسان ٣١٠<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیله<br>لـه شـارۆچکەی دهـۆك مودەریـس و شـێخی مەدرەسـه و تەکیـەی قادریـە، سـەید نـور محەمـەد ئەفەنـدی وەکـو خـۆراك برێکـی گونجـاو مووچـەی بـۆ ببرێتـەوە، لەسـەر ئـەو بریارنامەیـەی کـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی جەلیلـە نێـردراوە، بـە گفتوگـۆ نـووسراوی وەڵام لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە هاتـووە، ئـەو مووچەیـەی کـە بـۆ ناوبـراو دابیـن دەکرێـت، لـە بریارنامـەی باسـکراو رەزامەنـدی نیشـان نـەدراوە، هەروەهـا دابینکردنـی مووچـەی بـێ بەرامبـەر لـە دەرەوەی ئـەم موازەنەیـە بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت قەدەغەیـە، لـە خەزینـەش شـتێك نییـە، چۆنیەتـی راگەیاندنـی نـووسراو بـۆ سـەروو کـراوە.<br><br>بە ئاماژەی راوێژکار</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01310.000023 | 12 جەمادی کۆتایی 1311 |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
١٤٥٣
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتی موسڵ عوسـمان نـوری ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای عەمادیە لەبەر خراپـی بەڕێوەبردنـی ئیداریەوە دوور دەخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو مستەفا سالم ئەفەندی قائیمقامـی زاخۆ دەگوازرێتـەوە، هەروەهـا بۆ قائیمقامی زاخـۆش ئیبراهیـم بـەگ دادەمەزرێـت کـە لـە قائیمقامیەتـی بازیـان جیابۆتـەوە و هەڵبژێـردراوی چینـی دووەمـە، لەسـەر ئامـاژەی ناوەخـۆ نـووسراو کـراوە، بڕیارنامـەی قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران ڕێکخـراوە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی زانیـاری کەسـێتی بـۆ جێبەجـێ کردنـی لەگـەڵ نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بە ڕاگەیاندنـی نـوسراوی نـووسراوە ژمارەی لەسـەر تۆمـار کرا، لە ١٢ جەمـادی کۆتایـی ٣١١ و لە ٩ کانوونی یەکـەم ٣٠٩.
سەدری ئەعزەم و یاوەری



DH.MKT 00010.00032.005

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>28 جەمادی کۆتایی 1312</td><td>00010.00032</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٨ جەمادی کۆتایی ٣١٢<br>١٤ کانوونی یەکەم ٣١٠<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>بە مەبەستی دەرخستن و لێکۆڵینەوە لەو نەخۆشیەی کە لە شارۆچکەی زاخۆ سەری هەڵداوە، لە ئاغای قولەکان پزیشك عیسا بەگ نێردراوەتە شوێنەکە، وەکو خەرجی ڕێگا و ڕۆژانە ٣٠٠٠ قوروش پێ دراوە، وێنەی هەژمارەکەی لە ویلایەتی موسڵ پرسیار کراوە، هەروەها لە ویلایەتی ناوهاتوو لە بارەی مووچەی ئەو فەرمانبەرە تەندروستیانەی کە ئەرکیان پێ دەدرێت، بریارنامەیان لە دەوڵەت بۆ ڕێکخراوە، پێشکەشی جەنابی عالیش کراوە، لە کاتی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، لە مێژووەکانی ٢١ کانوونی یەکەم ٣٠٨ و ٢٥ مایس ٣٠٩ نووسراو کراوە، بەڵام تا ئێستا فەرمان و ئاماژەی پاشای پەیوەندیدارانی سەدارەت نەهاتووە، ئەمجارە لە ویلایەت ناوهاتوو نووسراو لە مێژووی ١٣ تشرینی دووەم ٣١٠ وەرگیراوە و پێشکەش کراوە، لە بابەتەکە دووپات دەکاتەوە، ئاماژە بە جێبەجێ کردنی کراوە، ئەمر و فەرمان.</td></tr>
</table>



Y.PRK.AZJ.00031.00016.001

هەواڵنامەی کتێب


| Y.PRK.AZI. | 00031.00016 | 10 زیلحیجە 1312 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بۆ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت

لەلایـەن حکوومـەت روونـە حاجـی بـەگ قائیمقامـی ئـاڵای پەنجـای حەمیدیـە، هەمـوو سـاڵ بـە نـاو ئێمـەدا تێدەپەڕێـت، بـەڵام ئیـتر هێـزی زوڵـم و سـەرپێچی ناوبراومـان نەمـاوە، ئیـتر ئـەم سـاڵە ڕێگـە نادەیـن تێپـەڕن، بەرگـری لـە پارەوپـول و کەلوپـەل و کشـتوکاڵمان دەکەیـن، لـەم جەژنـە پیـرۆزە بـۆ خاتـری مـەزاری پیـرۆزی محەمـەد و کەعبـەی شـەریفە و بەزەیـی جەنابـی پاشـای تاجـداری بـە پارانـەوە تـکا دەکەیـن، فەرمـان، لـە ٢٣ مایـس ٣١١.

دانیشتوانی هەژاری دەوروبەری دهۆك و گوندەکانی شار و هۆزەکانی سلیڤانی و دۆستەکی عەبدوڵڵا/ تەها/ ئیبراهیم/ عەلی/ کەریم/ عەبدی/ عوسـمان/ سـلیم/ سـەعدوڵڵا/ یونس/ میرۆ/ سـلێمان/ حەسـەن/ عەلی/ عیسـا/ عومەر/ مستەفا/ عەرەبی/ سەعید یونس/ عەبدوڵڵا/ محەمەد/ حوسێن/ نوح/ محەمەد/ موسا/ ئەحمەد/ میرزا/ خەلیل/ محەمەد/ سەعدۆ




DH.MKT.00271.00084.002

هەواڵنامەی کتێب

| 13 سەفەر 1312 | 00271.00084 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |


١٣ سەفەر ٣١٢
٣ ئۆغستۆس ٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
ئەحمەد شاكر بەگ قائیمقامی دهۆك لە حیجاز كۆچی دوایی كردووە، ئەو بەجێماوانەی كە لەوێ لە دوای خۆیدا بەجێی هێشتووە، بە ڕێگەی دادگای شەرعی فرۆشراوە، هەشت یەكی لەگەڵ مووچە كەڵەكەبووەكەی بەیەكەوە نێردراوە، لەسەر ئەو داواكاریەی كە لەلایەن برادەری عەلی ئەفەندی كراوە لەگەڵ تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٠ كانوونی دووەم ٣٠٩ بەیەكەوە بۆ ویلایەتی جەلیلە نێردراوە، لەم بابەتەدا تا ئێستا وەڵام نەهاتووە، ئەم جارەش بە دووپاتكردنەوە داواكراوە، لەسەر ئاماژەی پێشوو هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی و ڕاگەیاندنی.




DH.MKT.00299.00030.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00299.00030</td><td>4 جەمادی کۆتایی 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ جەمادی کۆتایی ٣١٢<br>٢٠ تشرینی دووەم ٣١٠<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>ساڵح بـەگ لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ دادەمەزرێـت، لـە مێـژووی دەسـت بـە كاربوونیـەوە بـە گوێـرەی تۆمـار مانگانـە ١٧٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ براوەتـەوە، هەروەهـا لەگـەڵ دەسـتی لـە كار كێشـانەوەی هاوكارەكـەی ئیبراهیـم بـەگ مێژووەكـەی رابگەیەندرێـت و لـە بـارەی دەسـت بەسـەر كراوەكانیـش بـە گوێـرەی نیـزام كاریـان پێ بكرێـت، نـووسراو بـۆ سـەروو كـراوە، لـە نەزارەتـی ژمێریـاری قسـەی لەسـەر كـراوە، كارەكـە جێبەجـێ بكرێـت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.00305.00004.005

هەواڵنامەی کێتر


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00305.00004</td><td>18جەمادی کۆتایی 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">18 جەمادی کۆتایی 312<br>4 کانونی یەکەم 310<br>بۆ نەزارەتی دادی جەلیلە<br>لـە پاشـکۆکانی ویلایەتـی موسـڵ دەسـتدرێژی کردۆتـە سـەر دانیشـتوانی گوندەکانـی زاخـۆ و دهـۆك، هەروەهـا هەڵبژێـردراوە بـۆ ئـەوەی ببێتـە قائیمقامـی ئـاڵای 50، بـەڵام هێشـتا دەسـتی بـە ئەرکەکـەی نەکـردووە، لەلایـەن عالی سـەر عەسـکەر نـوسراو هاتـووە و ئامـاژەی پێکـراوە کـە سـەرۆکی هـۆزی ئەرتـوش بـە ناوی حاجـی ئاغا بە شـێوەیەکی ناکاتـی دەسـتبەسـەر کردنـی دەرچـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لە ویلایەتی موسـڵی جەلیلـە لە خانـەی دەستبەسـەرکراوان دەستبەسـەر نەکـراوە، بـە ناردنـی نووسراوەکانـی داواکاری یاریدەدەری گشـتی دادگای سـەرەتایی لەگەڵ نـووسراوی 10 تشرینـی یەکـەم 310 ژمـارە 166 کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت، لەسـەر عەسـکەری باسـکراویش خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، ئەمجـارە لـە وەڵامـدا نـووسراوی 13 تشرینـی دووەم 310 ژمـارە 272 حاجـی ئاغـای ناوبـراو لـە کۆتا ئەرکەکەی دەسـت بەکاربـووە، لەگـەڵ خوێندنـەوەی هۆکارەکانـی دادگایـی کردنەکـە روونکردنـەوەش دراوە کـە بـۆ ئـەوەی ئـەم جـۆرە فەرمانرەوایانـە بدرێنـە دادگا، دەبـێ فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا دەربچێـت، بـۆ موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن نـووسراو نووسراوەتـەوە، بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـەی دەنێردرێـت کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00315.00067.009

| DH.MKT. | 00315.00067 | 5 جەمادی یەكەم 1312 |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٤٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
قۆناغـی حكوومەتـی قـەزای دهـۆك خەرجـی نـۆژەن كردنـەوەی دەوێـت، لـە سـەر ئەندازیـاری ویلایـەت دەرخسـتەنامە دراوە و تێـدا دەركەوتـووە لـە ٣٥٠٠٠ قـوروش، ٢٧٥٨ قـوروش لـە داد و ٣٠١٣ قـوروش لـە دارایـی و ٤٥٢ قـوروش لـە بانـق و ٥٠٥ قـوروش لـە رەدیـف و ٣٥٤ قـوروش لـە دەفتەرخاقانـی و ٤٤٥٧ قـوروش لـە پۆلیسـی پاراسـتن و ٢٣٤٦١ قـوروش لـە داخلیـە دابیـن دەكرێـت، هەروەهـا ئـەو ئاقچانـەی پەیوەنـدی بەمانـەوە هەیـە، ئەوەی پێویسـتە بـە ناردنـی حەواڵەنامەكـە ئـەوا نـووسراو بـۆ پەیوەندیـداران كـراوە، هەروەهـا ئـەو برەیـەی پەیوەسـتە بـە ناوەخـۆ لەبـارەی ناردنـی حەواڵەنامـە بـە جەنابـی پەیوەندیدارانـی نـەزارەت راگەیەنـدراوە، لـە ژمێریـاری ویلایـەت گفتوگـۆی لەسـەر كـراوە و كۆتایـی پـێ هاتـووە، دەرخسـتەی باسـكراویش پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٥ جەمـادی یەكـەم ٣١٢ و لـە ٢٢ تشرینـی یەكـەم ٣١٠.
والی موسڵ




DH.MKT.00327.00031.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00327.00031 | 5 رەجەب 1312 |
| --- | --- | --- |


٥ رەجەب ٣١٢
٢١ كانوونی یەكەم ٣١٠
بۆ وەكالەتی سەرۆكایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
بەڕێوەبـەری تۆمـاری سـانجەقی سـلێمانی بـووە، گوازراوەتـەوە بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ، بـەڵام ئەركەكـەی پەسـەند نەكـراوە، سـەعید بـەگ لـە قائیمقامیەتـی ناوهاتـوو مووچـەی تـەواوی وەرگرتـووە، نیـوەی كـە دەكاتـە ٧٠٠٠ قـوروش گەڕێندراوەتـەوە، لەسـەر هەندێـك ووتـە و داواكاری هەروەهـا لەگـەڵ ئـەو داواكاری و بەراییانـەی كـە ناردوویەتـی، ناوبـراو ئـەو ئاماژەیـەی لـە بـارەی دامەزراندنـی لـە قائیمقامیەتـدا هەیەتـی، لـە قۆمیسـیۆن هـۆكاری رازی نەبوونەكـەی راگەیەنـدراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی مێـژووی ٣٠ تشرینـی دووەم ٣١٠ ژمارە ٩٥ هاتـوو، تێـدا روون كراوەتـەوە كـە سـەعید بـەگ لـە بەڕێوەبەرایەتـی تۆمـاری سـانجەقی سـلێمانی دەسـتی لـە كار كێشـاوەتەوە و راگەیەنـدراوە كـە پەسـەند كـراوە، هەرچـی دەسـت بـە كار بوونـی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ لـە بڕیارنامـەی مێـژووی ٤ تشرینـی یەكـەم ٣٠٦ ژمـارە ٦٠ ی ئەنجوومەنـی كارگێـری ویلایەتـی موسـڵ ئامـاژەی پێكـراوە، بـەڵام لـە هەڵبژێـردراوەكان نییـە، بۆیـە رەت كراوەتـەوە، لـە كاتـی حەواڵـە كردنـی وێنـەی ووتـەی قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران و بڕیارنامـەی باسـكراو رۆیشـتووە، بـە ناردنـەوەی كاغـەزی بەراییـەكان بۆ سـەروو نێـردراوە.



DH.MKT 00343 00052 001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00343.00052 | 10 شەعبان 1312 |
|---|---|---|
| ٢٥ كانوونی دووەم ٣١٠<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>بەهۆی هەوڵ و كۆششەكانی ساڵح بەگ قائیمقامی قەزای زاخۆ، بە پلەی سێیەم رێزی لێ دەگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە لـە مێـژووی ٢٩ تشرینی دووەم ٣١٠ نوسراو لە ویلایەتی موسـڵ نێردراوە، بـۆ جێبەجێ كردنی كارەكە یارمەتی پەیوەندیدارانی سـەدارەتی پێویستە. | | |




DH.MKT.00385.00077.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00385.00077 | 5 زيلحيجه 1312 |
|---|---|---|

نەزارەتی كاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ژمارە ١٦٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
سەعید بەگ قائیمقامی قەزای زاخۆ لە كارەكەی جیابۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەركەكەی پەسەند نەكراوە، ئەو مووچەیەی كە لە خۆچێی پێی دراوە، نیوەی مووچەكەی گەڕێندراوەتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆكارێك وەرگرتنەوەی پارەكە بە گونجاو نەزانراوە، جگە لەمە بڕیارنامەی فەرمانگەی ناوەخۆی شورای دەوڵەت راگەیەندراوە، هەروەها بە بڕیاری ئەنجوومەنی تایبەتی بریكارەكان نەزارەتی جەلیلە ئاگادار كراوەتەوە، جێبەجێ كردنی لە خەزینەش بە گوێرەی فەرمانی سەدری ئەعزەم لە مێژووی ٢٢ مارت ١٣١١ ئاماژەی پێكراوە، بە ووتەی ژمێریاری گشتیش پێویستە كارەكە جێبەجێ بكرێت، پەلە كراوە لە راگەیاندنی، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ٥ زیلحیجە ١٣١٢ و لە ١٨ نیسان ١٣١١.
نازری دارایی





BEO.000458.034306.002

هەواڵنامەی کتێب


| 3 سەفەر 1312 | 000458.034306 | BEO. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی كاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٦١٢
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لە بارەی ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ سكاڵای لەسەر تۆمار كراوە، لەسەر ئەم سكاڵایانە لێكۆڵینەوەی لەسەر كراوە و كاغەزەكانی نێردراوە، لەگەڵ نووسراوی ویلایەتی موسڵ كە هاتووە، لە ٢٣ شوبات ٣٠٩ هەروەها دوای دووپاتكردنەوەی لە كۆتاییدا لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە لە مێژووەكانی ٢٢ حوزەیران ٣١٠ پێشكەش كراوە، لەم بابەتەدا پەیوەندیدارانی سەدارەت بە یەك فەرمانی عالی نەیانفەرمووە، هەروەها لە بارەی چۆنیەتی كارەكە ئەمجارە لەلایەنی ویلایەتەوە دووپاتكراوەتەوە، بە تێروانین لە ئاماژەی پێشووی بەندەمان بۆ جێبەجێ كردنی كارەكە و فەرمان و ڕاگەیاندنی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ٣ سەفەر ٣١٢ و لە ٢٤ تەممووز ٣١٠.
نازری كاروباری ناوەخۆ ............



هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000509.038172</td><td>5 جەمادی یەکەم 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">٥ جەمادی یەکەم ٣١٢<br>٢٣ تشرینی یەکەم ٣١٠<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ سـاڵح بـەگ بـە قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ دامـەزراوە کـە لـە خانەدانـی مەحمـود پاشـازادەی سـلێمانی کۆچکـردووە، خەریکـە سـوێند خواردنـی تـەواو دەبێـت، لـە بـارەی دامەزراندنـی لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ٢٣ رەبیعـی کۆتایـی ٣١٢ ژمـارە ٢٦٤٧ دوای رەزامەنـدی لـە مێـژووی ٢ جەمـادی یەکـەم ٣١٢ جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
BEO

BEO.000590.044206.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000590.044206 | 28 رەمەزان 1312 |
|---|---|---|
| ٢٨ رەمەزان ٣١٢<br>١٢ مارت ٣١١<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>لە بارەی چۆنیەتی دوورخستنەوە لە کارەکەی و سووکایەتی پێکردنی محیەددین باش کاتیبی پێشووی دادگای زاخۆ، لەلایەن ناوبراوەوە لە مەرکەزی موسڵ تەلەگرافنامەی بە واژوو دەرچووە، یاریدەدەری داواکاری گشتی موسڵیش داواکاری بەرز کردۆتەوە، هەروەها تەلەگرافنامەی ناوبراو بۆ سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە دوای لێکۆڵینەوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە و راگەیاندنی. | | |


I.DH.01315


هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01315.000015 | 3 سەفەر 1312 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
٣١٦
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ ئیبراهیم ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای زاخۆ لە جیاتی دە یەك، ٢٠٠٠ قوروشـی خسـتۆتە سـەر نـاوی خـۆی، هەروەهـا لەگـەڵ وەرگرتنـی بەرتیـل، بەڕێوەبـەر و موختاریشـی دامەزرانـدووە و بەبـێ دادگایـی پیـاوی خسـتۆتە زینـدان، لەبـەر ئـەم جـۆرە کردەوانـەی دوور دەخرێتەوە و لـە خۆچێی دەدرێتـە دادگا، لە ویلایەتـی ناوهاتوو ئامـاژە دەرچـووە و زانیـاری دراوەتـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبەران، لـە بارەی ئـەم بابەتەوە نـووسراو حەواڵەی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلە کـراوە، بڕیارنامەی فەرمانگـەی ناوەخۆی شـورای دەوڵەت ڕاگەیەندراوە و پێشـکەش کراوە، لـەم بابەتـەدا هـەر چۆنێـك بێت جەنابـی پەیوەندیداری خەلافـەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرموێت جێبەجـێ دەکرێت، بـەم ڕاگەیەنـدراوە نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم، لـە ٣ سـەفەر ٣١٢ لـە ٢٥ تەممـوز ٣١٠ سەدری ئەعزەم و یاوەری



<table>
<tr><th>I.DH.</th><th>01317.000026</th><th>28 ڕەبیعی کۆتایی 1312</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>.... دیوانی هومایۆن<br>١١٧٨<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، لەبـەر هەندێـك كاروكـردەوەی نەشـیاوی ئیبراهیـم بـەگ قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ، ئەمـر و فەرمانــی هومایۆنــی جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت هاتــووە، تاوەكــو بدرێتــە دادگا، هەروەهــا ناوبــراو لــە ئەركـە تازەكـەی دەبووردرێـت و لەسـەر ئامـاژەی ویلایـەت نـووسراو كـراوە بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو مەحمــود پاشــازادە ســاڵح بــەگ لــە خانەدانەكانــی ســلێمانی دادەمەزرێــت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڕیارنامــە لــە قۆمیســیۆنی هەڵبژاردنــی فەرمانبــەران ڕێكخــراوە و كاغــەزی وەرگێــردراوی زانیــاری كەســێتی نێــردراوە، ناوبــراو ســوێند دەخــوات، بـۆ جێبەجـێ كردنـی سـوێندخواردنەكەی نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە ڕاگەیەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمارەی لەسـەر تۆمـار كـرا ئەفەنـدم، لـە ٢٨ رەبیعـی كۆتایـی ٣١٢ لـە ١٦ تشرینـی یەكـەم ٣١٠.<br>سەدری ئەعزەم و یاوەری</td></tr>
</table>




DH.MKT.00158.00031.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00158.00031 | 25 موحەررەم 1313 |
|---|---|---|

٢٥ موحەررەم ٣١٣
٦ تەمموز ٣١١
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لـە نێـوان هـۆزی زۆزانـی سـەر بە قـەزای زاخۆ لەگـەڵ هۆزەكانـی بەتلیس ناكۆكـی رویـداوە، لەبەر ئەمە ئاغـای بلۆكی پۆلیسـی پاراسـتن دامـەزراوە، لـەو برەیـەی كە لە خۆچێـی پێی دەدرێت، بەشـێكی دەمێنێ، لە موازەنەی خۆچێی سـاڵی ٣٠٩ شـوێنی رێكخسـتنی نەبـووە، وەڵام لـە ویلایەتـی موسـڵی جەلیلـە هاتـووە و هاوپێچ لەگـەڵ نووسراوی مێـژووی ٦ مایـس ٣١١ راگەیەنـدراوە، ٩٤٩ قـوروش و نیـو لە موازەنەی ئەم سـاڵەدا و لە رێكخسـتنی داهاتی زیـادە رێك دەخرێت، بـۆ رەزامەنـدی نەزارەتـی دارایـی باسـی كـردووە، بـۆ جێبەجـێ كردنـی كارەكـە زانیـاری بـە هـاوكاری جەنابـی عالـی لە پەیوەندیدارانـی سـەدارەت دەدرێتـە نەزارەتـی عاجیزانـەم ئەمـر و راگەیاندنیـش دەدرێتـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە.




DH.MKT.00390.00039.003

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00390.00039 | 5 رەبیعی یەکەم 1313 |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٥٠٥٢١ گشتی
١٥٦٤ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لەسەر نووسراوی ٤ موحەررەم ٣١٣ کە حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، نووسراوی مێژووی ٣٠ سەفەر ٣١٣ ژمارە ٨٥ لە وەکالەتی سەرۆکایەتی جەلیلە هاتووە و هاوپێچ نێردراوە، تێدا هاتووە؛ ئیبراهیم بەگ قائیمقامی پێشووی زاخۆ بە بریارنامەی دەستەی تۆمەتبارکردن دادگایی نەکردنەکەی یەکلایی بۆتەوە، لەم بابەتەدا پێویست ناکات هیچ مامەڵەیەك ئەنجام بدرێت، لە وەڵامیش بە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٥ رەبیعی یەکەم ٣١٣ و لە ١٤ ئۆغستۆس ٣١١.
سەدری ئەعزەم



DH.MKT.00398.00013.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00398.00013 | 9 موحەررەم 1313 |
| --- | --- | --- |


تەلەگرافنامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

ئەحمەد نەدیم ئەفەندی یاریدەدەری لێکۆڵەری دادی دادگای سەرەتایی قەزای زاخۆی سەر بە مەرکەز، هەندێك كارو كردەوەی بە زیانی ئەنجام داوە، بە تەلەگراف لە قائیمقامیەتی خۆچێی قەزای ناوهاتوو کاغەز هاتووە و هەواڵ نێردراوە، یاریدەدەری ناوهاتوو بهێنرێتە مەرکەزی ویلایەت و دوای لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە بخرێتە ژێر چاودێری نەزارەت، چاودێری یاسایی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی یاریدەدەری داواکاری گشتی مەرکەز دەرچووە، راگەیەندراوە فەرمان.

لە ٢٠ حوزەیران ٣١١

عەزیز والی موسڵ




DH.MKT.00414.00039.001

هەواڵنامەی کتێب


| 1313 سەفەر 26 | 00414.00039 | **DH.MKT.** |
| --- | --- | --- |

٢٦ سەفەر ٣١٣
٥ ئۆغستۆس ٣١١
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەتمان
هەر لە کۆنەوە لە شارۆچکەی دهـۆك پردێک لەسەر رووبار دروست کراوە، بە تێپەربوونی کات وێران بووە، بۆ خەرجی دروست کردنەوەی پردەکە لەلایەن بینباشی رەدیف عەلی سابت (ثابت) ئەفەندی و سالح ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی رێکخراوە و سەرکەوتووبوونە لە چاککردنەوەی، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە مێژووی ٢٩ حوزەیران ٣١١ ژمارە ٦٤ لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و لەگەڵ هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەروەها تێدا هاتووە و بە گونجاو زانراوە بۆ ناوبراوان لە پلەی پێنجەم هەر یەکە پارچەیەك نیشانی مەجیدیان پێ بدرێت، بەڵام جێبەجێ کردنی کارەکە دەگەرێتەوە بۆ هاوکاری جەنابی پەیوەندیدارانی سەدارەت.



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 00437.00030 | 12 رەبیعی کۆتایی 1313 |
|---|---|---|
| ٢٠ ئەيلوول ٣١١<br>بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستەی عالی<br>لـەو شـوێنەی کـە بوونـی هەیـە، لەگـەڵ کەشـوهەواکەی ئاوێتـە نابێـت، بۆیـە دووبـارە سـەردانی کردوویـن و داوای کـردووە شـوێنی ئەرکەکـەی بگۆردرێـت، بـەڵام هیـچ ئەنجامێکـی نەبـووە، هەروەهـا زۆربـەی خانەوادەکەشـی لەناوچوونـە، لەبـەر ئـەوەی گۆڕینـی شـوێنی ئەرکەکـەی گونجـاو نییـە، داوای کـردووە ٦ مانـگ مۆڵەتـی پـێ بدرێـت، بـە واژووی سـلێمان بەڕێوەبـەری تەلەگرافـی زاخـۆ تەلەگرافنامـە دەرچـووە و هاوپێـچ نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000657.049223 | 23 موحەڕڕەم 1313 |
|---|---|---|

٢٣ موحەڕڕەم ٣١٣
٤ تەمموز ٣١١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بەپەلەیە
بـۆ ئـەوەی ئاژەڵەکانـی هـۆزی میـران لـە لەناوچـوون بپارێزرێـن، لـە هـەر حاڵەتێکـدا ئەوانـە ناچـارن بچنـە زوزان، موتەسـەرفی سـەعردیش هـەر خـودی خـۆی بـە ڕۆیشـتنی لـە لایـەن باتوانیـەکان (باگـوان) ڕێـگای گیـراوە، بـۆ ئەوەی پەرشـوبڵاو بکرێنـەوە و ڕووبەڕووبوونـەوە ڕوو نـەدات و ڕێگـە نەدرێـت ڕووداوی ناخـۆش ڕووبـدات، پێویسـتە ئـاگاداری پێویسـت و بەپەلـە بدرێتـە موتەسـەرفیەتی ناوهاتـوو، لـە مێـژووی ٢١ موحـەڕڕەم ٣١٣ نـووسراوی عالـی سەرعەسـکەر دەرچـووە، لەسـەر سـەرپێچی و زوڵمەکانـی مسـتەفا پاشـای میـران بـە واژووی محەمـەد فـازڵ ئاغـای شرنـاغ تەلەگرافنامـە لـە مەرکـەزی زاخـۆ دەرچـووە، لەگـەڵ هاوپێچەکانـی بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بەراییـەکان ئـەو شـوێنانەی پێویسـتە ئـاگاداری بەپەلەیـان بـۆ بنێردرێـت و ڕێگـە نەدرێـت ڕووداوێـك ڕووبـدات پێچەوانـەی ڕەزامەنـدی عالـی بێـت، هەروەهـا ئـەو ناکۆکـی و دوژمنایەتیـەی لـە نێـوان هـۆزی میـران و دوژمنەکانـی هەیـە نەهێڵدرێـت و ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێـت، دواى ئەمـەش هیممـەت بکرێـت لـە ناردنـەوەی نووسراوەکـە.


BEO.000673.050401.006



BEO.000673.050401.005

| BEO. | 000673.050401 | 18 موحەررەم 1313 |
|---|---|---|

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٦٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لەسەر ئەو رووبارەی کە بە شارۆچکەی دهۆکدا تێدەپەڕێت، لە زەمانی کۆنەوە پردێك دروست کراوە، بە تێپەڕبوونی کات وێران بووە، بۆ خەرجی نۆژەنکردنەوەی سەرۆکی شارەوانی ساڵح ئەفەندی و بیناباشی رەدیف عەلی سابت (ثابت) ئەفەندی سەرکەوتوو بوونە لە دابین کردن و رێکخستنی پارەکە، بۆیە بۆ هەر یەکە بە نیشانی عالی رێزیان لێ بگیرێت، لەم بارەیەوە ئەنجوومەنی کارگێری قەزای دهۆك لەگەڵ دانیشتوانی ناوەخۆ دوو پارچە بریارنامە هاتووە، لەگەڵ بریاری ئەنجوومەنی کارگێری هاوپێچ پێشکەشی پەیوەندیدارانی نەزارەت کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی بریاری ئەنجوومەنی ناوهاتوو یارمەتی جەلیلەی دەوێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ موحەرەم ٣١٣ و لە ٢٩ حوزەیران ٣١١.
مۆری سەید ئەحمەد .... والی موسڵ

- فەرمانگەی تەشریفات
بۆ وەرگرتنی رێزگرتن لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نووسراو نێردراوە
بیناباشی رەدیفی دهۆك عەلی سابت (ثابت) ئەفەندی لە پلەی پێنجەم نیشانی مەجیدیەکەی تۆمار نەکراوە، هەروەها سەرۆکی شارەوانی ساڵح ئەفەندیش لە پلەی پێنجەم نیشانی مەجیدیەکەی تۆمار نەکراوە.
لە ٢٨ سەفەر ٣١٣
مۆری دیوانی هومایۆنی تەشریفات

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000674.050521.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1313 ڕەبیعی یەکەم 4 | 000674.050521 | **BEO.** |
| --- | --- | --- |

٤ ڕەبیعی یەکەم ٣١٣
١٣ ئۆغستۆس ٣١١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لەسەر نووسراوی دەوڵەت لە مێژووی ٤ موحەرەم ٣١٣ حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە سەرۆکایەتی وەکالەتی جەلیلە هاتووە، و هاوپێچ نێردراوە، لە نووسراوی مێژووی ٣٠ سەفەر ٣١٣ ژمارە ٧٥ هاتووە؛ ئیبراهیم بەگ قائیمقامی پێشووی زاخۆ ڕێگە نەدراوە دادگایی بکرێت، لە بڕیارنامەی دەستەی تۆمەتباری یەکلایی کراوەتەوە، لەم بابەتەدا پێویست ناکات یەك مامەڵە جێبەجێ بکرێت، لە وەڵامدا بە پێویست زانراوە کە بە ویلایەتی موسڵ ڕابگەیەندرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی ئەم کارە.

بە ئاماژەی ڕاوێژکاری عالی




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000747.055982 | 26 شەعبان 1313 |
|---|---|---|

جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، بەهـۆی بـێ توانایی سـاڵح ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای زاخـۆ، لـە کارەکـەی دوور بخرێتەوە و لـە شـوێن ئـەو محەمـەد کامـل ئەفەنـدی دابمەزرێـت کـە لـە قائیمقامیەتـی قەعتیـە (قعطیـە) بـوردراوە، ناوبـراو سـوێندی یاسـایی دەخـوات و بۆ دامەزراندنی نـووسراو کراوە، لەگەڵ بریارنامەی قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبەران و کاغـەزی ووردبینـی و زانیـاری کەسـێتی نێردراوە، لەگەڵ پێشـکەش کـردن و راگەیاندنی نـووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلـە، فەرمانـی پاشـای پەیوەندیـداری خەلافـەت هـەر چییـەك بێـت و چـی فەرمـووە جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٢٦ شـەعبان ٣١٣ و لە ٢٩ کانوونـی دوومە ٣١١.

ڕەفعەت سەدری ئەعزەم


İ.DH.01332

هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01332.000032 | 26 شەعبان 1313 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
٢١٠٣
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، لەبـەر لێنەهاتـووی و بـێ توانایـی سـاڵح ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ، لـە کارەکەی دوور دەخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو محەمـەد کامـل ئەفەنـدی سـوێندی یاسـایی دەخـوات کـە لـە قائیمقامیەتـی قەعتیـە (قعطیـە) بـووردراوە، دامەزراندنەکـەی کراوەتە نـووسراو، بریارنامە لە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبەران رێکخـراوە لەگـەڵ کاغەزەکانـی روون کردنـەوە و وەرگێـردراوی زانیـاری کەسـێتی نێـردراوە، نـوسراوی نەزارەتـی ناوخـۆی جەلیلـەش راگەیەنـدراو و پێشـکەش کـرا، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم.
لە ٢٦ شەعبان ٣١٣ لە ٢٩ کانوونی دووەم ٣١١
سەدری ئەعزەم

T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)





هەواڵنامەی کتێب

ŞD.02167.00028.001

| 29 موحەڕڕەم 1313 | 02167.00028 | ŞD. |
| --- | --- | --- |


٢٩ موحەڕڕەم ٣١٣
١٠ تەمموز ٣١١
پوختەی کاغەزەکان
لـە نێـوان هـۆزی زۆزانی سـەر بە قـەزای زاخۆ لەگەڵ هۆزەکانـی بەتلیس ڕووبەڕووبوونـەوە ڕوویداوە، لەبـەر ئەوە لە ئاغای بلۆك پۆلیسـی پاراسـتن دامەزراوە، ئەو پارەیەی کە دراوە، گفتوگۆ لەسـەر وێنەی هەژمارکراوی بڕی پارەکە کراوە.

١. نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٢. نووسراوەکانی ژمێریاری ناوەخۆی ویلایەتی موسڵ
داواکاری حەسەن فائق ئەفەندی



DH.TMIK.S.00004.00057.001

<table>
<tr><td>DH.TMIK.S.</td><td>00004.00057</td><td>27 ڕەجەب 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە قەزایەکانـی دهـۆك و زاخـۆ و عەمادیـە بـە گوێـرەی ژمـارەی کرسـتیانەکان پێویسـتە یاریـدەدەری قائیمقـام هەبێـت یـا نەبێـت، لـە ١٠ تشرینـی دووەم ٣١٢ چاوەڕێـی وەڵامـی تەلەگـراف دەکرێـت، لـە ٢ کانوونـی یەکـەم ٣١٢.<br>زوهدی والی موسڵ</td></tr>
</table>




BEO.000844.063261.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **4 ڕەبیعی كۆتایی 1314** | 000844.063261 | **BEO.** |


جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
یەكەم جار قائیمقامی قەزای بازیان بووە، دواتر ئەركەكەی بۆ قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ گواستۆتەوە، هەروەها لێرەوە بۆ ئەوەی یەكێكی تر دامەزراوە و ڕۆیشتووە، بۆیە ئەمین ئەفەندی داوای كردووە بگەڕێندرێتەوە سەر ئەركی پێشووی، بەڵام لەبەر گرنگی شوێنەكە گونجاو نییە بگەڕێندرێتەوە سەر ئەركەكەی، بەڵكو لە داهاتوو بە گوێرەی لێهاتووەكەی لە قائیمقامیەتێكی تر دامەزرێت، بۆیە لە ئەركەكەی دوور دەخرێتەوە و نووسراو كراوە تا لە شوێن ئەو ساڵح بەگ دامەزرێت، كە لە قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ جیا بۆتەوە، بڕیارنامە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێكخراوە و كاغەزی ڕوون كردنەوە نێردراوە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە پێشكەش كراوە و ڕاگەیەندراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەكرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار كرا ئەفەندم.
لە ٤ ڕەبیعی كۆتایی ٣١٤ و لە ٣١ ئۆغستۆس ٣١٢
سەدری ئەعزەم


İ.DH.01339

هەواڵنامەی کتێب


| I.DH. | 01339.000007 | 4 رەبیعی كۆتایی 1314 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
١١٨٣
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
قائیمقامی قەزای بازیان بووە، سەرەتا ئەرکەکەی بۆ قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ گواستۆتەوە، هەروەها لێرەوە کەسێکی تر بۆ ئەوێ دانەمەزراوە و نەنێردراوە، بۆیە ئەمین ئەفەندی داوای کردووە دووبارە بگەڕێتەوە سەر ئەرکەکەی پێشووی، لەبەر گرنگی شوێنەکە گونجاو نییە بگەڕێندرێتەوە سەر ئەرکەکەی پێشووی، لە داهاتوو بە گوێرەی لێهاتوویی خۆی لە قائیمقامیەتێکی تر دادەمەزرێت، تا ئەو کاتە دوور دەخرێتەوە و لە شوێن ئەو ساڵح بەگ کە لە قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ جیابۆتەوە دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو کراوە، بڕیارنامە لە فەرمانگەی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران رێکخراوە و کاغەزی روون کردنەوە نێردراوە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیدارانی خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم.
لە ٤ رەبیعی کۆتایی ٣١٤ و لە ٣١ ئۆغستۆس ٣١٢
سەدری ئەعززەم




DH.MKT.02173.00038.001


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02173.00038</td><td>28 رەمەزان 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٨ شوبات ٣١٢<br>سەر عەسکەر<br>سەبارەت بەو چەتانەی کە لە دەوروبەری قەزای زاخۆ کاری چەتەیی دەکەن، رەشنووسەکەی دەرچووە، پیویستە چاو بە دەفتەری تایبەتی بخشێنرێتەوە.</td></tr>
</table>



HR.TH.00204.00087.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>HR.TH.</td><td>00204.00087</td><td>7 رەجەب 1315</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگراف نامە<br>بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە<br>لە ١٩ تشرینی دووەم ٣١٣ ئەو راهبانەی کە سـواری کەلەك بوونە، لەلای جەزیرە تفەنگ بەکارهاتووە، سـەرەتا لەلای وەکیلـی باڵیۆزخانـە راگەیەنـدراوە، لـە بارەی بوێری کەران لێکۆڵینەوەی یاسـایی جێبەجێ بکرێت، هەروەها پاشـکۆی وەکیلی باڵیۆزخانە بە سەلامەتی تێپەرن، بە دڵنیاییەوە بە قائیمقامیەتی جەزیرە و زاخۆ نووسراو کراوە، راگەیەندراوە.<br>لە ٢٠ تشرینی دووەم ٣١٣<br>زوهدی بە ناوی والی موسڵ</td></tr>
</table>




BEO.001000.074947.003

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001000.074947 | 7 ڕەبیعی یەکەم 1315 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی كاروباری دارایی
دە یەك و رسومات
ژمارە ٩٢٥
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە


بەهـۆی ئاڵـۆزی و ئـاژاوەی نێـوان هۆزەكانـی قـەزای ڕانیـە كـە لـە پاشـكۆكانی سـانجەقی كەركووكـە، كـەس نییـە داوای دە یەكـی قەزاكـە بـكات، بـە ئەمانـەت ئیـداری داهاتەكەشـی بـە تەواوەتـی هەژمـار كـراوە، بۆیـە ئـەم دوو سـاڵە بـە ڕێگـەی شـوێنگرەوە خراوەتـە سـەر دانیشـتوان و ڕەزامەنـدی دراوە حەواڵـە بكرێـت، هەروەهـا لـە قـەزای زاخـۆش دانیشـتوانەكەی وەكـو بابەتـی دە یەكـی ڕانیـەن، سـاڵی پـار بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی كارگێـڕی ویلایـەت ناحیـەی سـندی كلـدی سـەر بـە قـەزای زاخـۆ بـە وێنـەی پێشـنیار و دابـەش كـردن حەواڵـەی دانیشـتوان كـراوە، هەروەهـا لەبـەر ئـەم هـۆكارەوە ئـەم سـاڵیش لـە ناحیـەی ناوهاتـوو بـە هەمـان شـێوە ماوەتـەوە، ئیدارەكردنـی بـە حەواڵـە و ئەمانـەت ناكرێـت، بۆیـە ڕەزامەنـدی دراوە وەكـو سـاڵی پـار مامەڵەكـەی ئەنجـام بدرێـت، لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ١ تەممـوز ٣١٣ ئامـاژەی پێكـراوە و نێـردراوە، لـە بنەڕەتـەدا ئـەم مامەڵەیـە بـە گوێـرەی نیـزام سـەركەوتوو نەبێـت هۆكارەكـەی ڕابگەیەندرێـت و لەلایەكـی تـر وەرزی دە یـەك بـروات ئەگینـا بـە شـێوەی تـر جێـگای قەبـوڵ كـردن نییـە و ناچاریـە دەبـێ بـە هەمـان شـێوەی پـار مامەڵەكـە جێبەجـێ بكرێـت، بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی دارایـی لـە كارگێـڕی گشـتی دەیـەك و ڕسـومات باسـكراوە، هەروەهـا وەرزەكـە تێدەپەڕێـت بۆیـە بـۆ وەڵام وەرگرتـن ئـاگاداری دراوەتـە ویلایـەت، بـە فەرمـوودەی عالـی فەرمانـی داوەتـە بەندەمـان، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٧ ڕەبیعـی یەكـەم ١٣١٥ و لـە ٢٤ تەممـوز ١٣١٣.
نازری دارایی



BEO.001051.078784.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>16 رەجەب 1315</td><td>001051.078784</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٦ رەجەب ٣١٥<br>٢٩ تشرینی دووەم ٣١٣<br>بۆ لایەنی واڵای سەرعەسکەریمان<br>ئیبراهیـم و عەبدولکەریـم کورەکانـی سـەرۆکی هـۆزی میـران مسـتەفا پاشـا لەگـەڵ ئەندامانـی تاڵانچـی نزیکـەی ٣٠٠ ئەسـپ سـوار هێرشـیان کردۆتـە سـەر تایفـەی یەزیـدی خێمـە نشـین کـە لـە هـۆزی هویدیـن و لـە نێـوان زاخـۆ و جەزیـرەدان، لـە هـۆزی ناوهاتـوو ٦٢ کـوژراو و ٧٧ برینـدار هەیـە، هەروەهـا لەگـەڵ ئەمانـە ئـاژەڵ و مەڕومالاتێکـی زۆری ئەندامانـی تـری ئـەم هۆزەیـان تـاڵان کـردووە، لـەم بارەیـەوە لـە وەکالەتـی ویلایەتـی موسـڵ و ویلایەتـی دیاربەکـر تەلەگرافنامـە نێـردراوە، بـۆ ئـەوەی بوێـری کـەران دەسـتگیر بکرێـن و شـتە تاڵانکـراوەکان بگەڕێندرێتـەوە و رادەسـتی خاوەنەکانیـان بکرێـت، هەروەهـا خۆشـیان لـە ئـاڵای سـوارە ناونـووس بکرێـن و دەسـت بەکاربـن، لـە کارەکان دەسـت پێشـغەری بکرێـت لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری همایـۆن یارمەتـی پێویسـت هەبێـت، دوای قسـە کـردن لەگـەڵ موشـیرەتی باسـکراو جێبەجـێ کردنـی کارەکـە بـە ویلایەتـی ناوهاتـوو راگەیەنـدراوە، جگـە لەمـە موشـیرەتی ناوهاتـوو بـۆ جێبەجـێ کردنـی کاروبـاری کاریگەرتـر لەگـەڵ نـووسراوی مێـژووی ٩ رەجـەب ٣١٥ ژمـارە ٣٥٠٠ ی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە هاوپێـچ بـۆ پاشـای سـپاهیدار نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە و راگەیاندنـی و گەڕاندنـەوەی کاغـەزە باسـکراوەکان.</td></tr>
</table>




Y.MTV.00184.00095.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1316 ڕەجەب 23 | 00184.00095 | Y.MTV. |
|---|---|---|

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمارکردن
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لە موشیرەتی لە شکری چوارەمی هومایۆنی جەلیلە تەلەگرافنامە هاتووە، لە سەرەتای ڕێکخستنی کارگێری مەرکەزی پەنجایەمین سوارەی حەمیدیە لە قەزای زاخۆ بووە، ئەگەرچی بەم دواییە لەبەر هەندێك هۆکار گوازراوەتەوە موسڵ، بەڵام قشڵەی ئاڵای ناوهاتوو لە دەوروبەری زاخۆ دوو سێ کاتژمێر دوورە، کەچی ٣٠ کاتژمێر لە موسڵ دوورە، بەم راگەیەندراوە لە قائیمقامیەت بە پێویست زانراوە مەرکەزی ئاڵای ناوهاتوو بگوازرێتەوە زاخۆ، هەروەها لە وێنەی ئاماژە پێکردنەکە دەردەکەوێت بە گوێرەی بەرژەوەندی و بارودۆخەکە وا باشترە کارەکە جێبەجێ بکرێت، بۆیە نووسراو بۆ جێبەجێ کردنی کراوە، بۆ ئەوەی مۆڵەت بدرێتە موشیرەتی ناوهاتوو لە فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی بڕیارنامە ژمارەی لەسەر تۆمار کراوە و پێشکەش کراوە و راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمانی جەنابی پاشای پەیوەندیداری خەلافەت هەر چییەك بێت و چ مەرکەزێکی پێ باش بێت کارەکە جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە پەلە لە دەرچوونی ڕەزامەندییەکە کرا، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە، لە ٢٣ ڕەجەب ٣١٦ و لە ٢٥ تشرینی دووەم ٣١٤.
رزا سەر عەسکەر




Y.MTV.00189.00086.001


هەواڵنامەی کتێب

| Y.MTV. | 00189.00086 | 8 زیلحیجه 1316 |
| --- | --- | --- |

پایەی سەر عەسكەر
قەڵەمی تۆمار
تایبەتی

لـەو تەلەگرافنامەیـەی كـە لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـكری شەشـەمی هومایـۆن هاتـووە، بـۆ هەژماركردنـی سـەرمەری قـەزای دهـۆك مەفرەزەیەكـی ئێسـتر سـوارە ئامـادە بوونـە، بـەڵام نزیكـەی ٤٠٠ تـا ٥٠٠ چەكـدار چوونەتە سـەریان و چەكیـان بـەكار هێنـاوە، بۆتە هـۆی سـەرهەڵدانی رووبەرووبوونـەوە، لـەم رووبەرووبوونەوەدا ئەفسـەری مەفرەزەكـە مـولازم مەحمـود ئەفەنـدی شـەهید بـووە و چەنـد تفەنگێكیـش تـاڵان كـراوە، بـۆ دەسـتگیركردن و گواسـتنەوەی بوێـری كـەران یـەك بلـۆك پیـادە لـە رواندزەوە بـۆ عەقـرە رۆیشـتووە، لەبـەر نزیكیشـی بـە پێویسـت زانـراوە رووبكەنـە ئـەو ناوچەیـە، ئەمـەش لە ویلایەتی موسڵ بە گرنگیـەوە راگەیەنـدراوە، هەروەها ئـەم مەفرەزەیە دەتوانـێ رووبـەرووی چەتـەكان بێتـەوە بەپەلـە فەرمـان دراوە رووبكەنـە ناوچەكـە، لەسـەر ئـەم ئامـاژە پێكردنـە هەژمـاری سـەر مـەڕەكان ئەنجـام دەدرێـت و بـە تێروانین لە رێژەكەی پێویسـتە سـەربازی شـاهانە سـەركەتووبن لە كارەكەیـان و رێگـە نـەدەن كاری نەشـیاو روو بـدات، ئەنجامەكەشـی ئامـاژەی پـێ بكرێـت، بـۆ موشـیرەتی ناوهاتـوو ئـاگاداری نێـردراوە و پەلـە كـراوە لـە راگەیاندنـی زانیـاری، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەفەندیمانـە.

لە ٨ زیلحیجە ٣١٦ و لە ٧ نیسان ٣١٥
رزا سەر عەسكەر


هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00230.00037.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00230.00037</td><td>8 شەعبان 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە ٢ کانوونــی یەکـەم ٣١٤ فەرمـان دەرچـووە، لـە خۆچێـی ڕاگەیەنـدراوە حاجـی بـەگ بـە شـەو ٢٥ ئەسـپ سـواری ناردۆتـە سـەر گونـدی تـنرت سـەر بـە قـەزای دهـۆك، بـە ڕێگـەی ئـەم ئەسـپ سـوارانەوە داود موتەسـەرفی گوندەکـە بـە زۆری چەتەکانـی خزاندۆتـە نـاو هۆزەکـەی، لەگـەڵ کۆتـا هێنـان بـە ناوبـراو لـە بـارەی ئیـدارەی حاجـی بەگیـش ئـاگاداری پشـتگیری فەخامەتـی جەلیلـەی دەوێـت، تـکا کـراوە، لـە ١٠ کانوونـی یەکـەم ٣١٤.<br>بە ناوی والی یاریدەدەر حەمدی</td></tr>
</table>




BEO.001258.094283.001

هەواڵنامەی كتێب

| 4 رەمەزان 1316 | 001258.094283 | BEO. |
|---|---|---|


٤ رەمەزان ٣١٦
٤ كانوونی یەكەم ٣١٦
بۆ لایەنی واڵای سەر عەسكەریمان
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٣ شەعبان ٣١٦، ئەو ئاژەڵانەی كە لە لایەن حاجی بەگ سەرۆكی هۆزی ئەرتوش تاڵان كراوە، تا ئێستا نەگەڕێندراوەتەوە، بۆیە لەلایەن موختار بیدارلی كوركیس لە میللەتی كلدانی لەگەڵ هاوەڵانی لە مەركەزی زاخۆ تەلەگرافنامە دەرچووە، بە راگەیاندن داواكراوە بە موشیرەتی لەشكری شەشەمی جەلیلە رابگەیەندرێت، هەروەها لە بارەی ئاماژەكانی هۆزەكانی میرانلی و ئەرتوش ئەوا لەگەڵ راستییەكانی ویلایەت ناگونجێت، نوسراوی عالی موشیرەتی ناوهاتوو لە مێژووی ٢٧ شەعبان ٣١٦ ژمارە ١٠٢٢ لەگەڵ نووسراوی عالی سەر عەسكەر نێردراوە، هەروەها نووسراوی وەڵام بە تەلەگرافنامەكان بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە باس كراوە، بە تێروانین لە ئاماژە پێكردنەكان و بەردەوامی سكاڵاكان هەر ئێستا كارەكە جێبەجێ بكرێت و رابگەیەندرێت.



BEO.001258.094291.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001258.094291</td><td>4 ڕەمەزان 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">
٤ ڕەمەزان ٣١٦<br>
٤ کانوونی دووەم ٣١٤<br>
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٢١ شەعبان ٣١٦، بۆ ئەوەی لە قەزایەکانی موسڵ و دهۆك و زاخۆ ڕێگە بگیرێت لەوەی فەرمانبەرانی مولکیە لەگەڵ لایەنگران دوژمنایەتی نێوان هۆزەکانی ئەرتوش و میرانلی جوانتر بکەن و فریویان بدەن، لە موشیرەتی لەشکری چوارەم لە وەڵامدا ئاماژە هاتووە، لەم بابەتەدا قائیمقام تەحسین بەگ ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامی داوە بە دوو پارچە تەلەگرافنامە بۆ نەزارەتی جەلیلەی ناردووە، ئەم تەلەگرافنامانە لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٢٧ شەعبان ٣١٦ ژمارە ١٠٢٢ی سەرعەسکەر بەیەکەوە بۆ پایەبەرز نێردراوە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەی موشیرەتی باسکراودا بە ویلایەت کارەکە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت، هیممەت بکرێت لە ناردنەوەی هاوپێچەکان.
</td></tr>
</table>



BEO.001267.094963.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001267.094963</td><td>4 شه‌عبان 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایه‌تی موسڵ<br>قه‌ڵه‌می تۆماركردن<br>ژماره‌ ١٤٧<br>بۆ نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆی جه‌لیله‌<br>جه‌نابی پایه‌به‌رزی ئه‌فه‌ندم<br>هه‌ندێك كـه‌س لـه‌ هـۆزی سـیدان لـه‌ تاڵانكردنه‌كـه‌ی ناحیـه‌ی لیـون ده‌سـتیان هه‌بـووه‌ و لـه‌ قـه‌زای زاخـۆ شـه‌ڕیان كـردووه‌، ئـه‌وه‌ی لـه‌ ده‌سـتیان ماوه‌تـه‌وه‌ لـه‌ ئـاژه‌ڵ و كه‌لوپه‌لـی جۆراوجۆر لـه‌ ئه‌نجامـی راگه‌یاندنـی گه‌رانه‌وه‌یان له‌ مێـژووی ١١ تشرینـی یه‌كـه‌م ٣١٤ ژمـاره‌ ١٥٢ فه‌رماننامـه‌ی جه‌نابـی په‌یوه‌ندیداری نـه‌زاره‌ت فه‌رمانـی داوه‌، چۆنیه‌تی كاره‌كـه‌ش بـۆ قائیمقامیه‌تـی قـه‌زای ناوهاتـوو نووسراوه‌تـه‌وه‌، هه‌روه‌هـا بـۆ ده‌سـتكه‌وته‌كانیش ئـه‌و مه‌فـره‌زه‌ سـه‌ربازیه‌ی كـه‌ له‌وێیـه‌ ئاگاداریـان پـێ دراوه‌ تـا یارمه‌تیـان بـدات، لـه‌م وه‌ڵامنامه‌یـه‌ی كـه‌ وه‌رگیـراوه‌ تاڵانكراوه‌كانی باسـكراو بـه‌ بـردن و ده‌ستبه‌سـه‌ركردنی فه‌رمانبـه‌ر لـه‌ هه‌كاریـه‌وه‌ هاتـووه‌ له‌گـه‌ڵ ژاندارمـه‌ یوزباشـی مسـته‌فا ئاغـا به‌یه‌كـه‌وه‌ لێكۆڵینـه‌وه‌ و پشـكنین ئه‌نجـام دراوه‌ تێـدا ده‌ركه‌وتـووه‌ لـه‌ هـۆزی سـیدانی ناوهاتـوو ئه‌وانـه‌ی هاتوونه‌تـه‌ ده‌وروبـه‌ری زاخـۆ لـه‌ چه‌نـد خانه‌یـه‌ك له‌گـه‌ڵ ئـه‌و مه‌فره‌زه‌یـه‌ی كـه‌ هاتوونه‌تـه‌ قـه‌زای زاخـۆ هـه‌ر كـه‌ ئـه‌م هه‌واڵه‌یـان وه‌رگرتـووه‌ هـه‌ر یه‌كـه‌ له‌لایـه‌ك شـه‌ڕیان كـردووه‌، بـه‌ گوێـره‌ی وه‌رز ئه‌مانـه‌ لـه‌و شـوێنانه‌ی كـه‌ بوونیـان هه‌یـه‌ ناتوانـن بسـوڕێنه‌وه‌، لـه‌ وه‌رزی به‌هاریـش ده‌گه‌رێنـه‌وه‌ شـوێنی خۆیـان و ئامـاژه‌ی پێكـراوه‌ كـه‌ ئاغـای ناوبراویـش گه‌راوه‌تـه‌وه‌، لـه‌م بابه‌تـه‌دا ئه‌مـر و فه‌رمـان بـۆ جه‌نابی ئه‌و كه‌سـه‌یه‌ كـه‌ فه‌رمانی به‌ده‌سـته‌وه‌یه‌.<br>له‌ ٤ شه‌عبان ٣١٦ و له‌ ٥ كانوونی یه‌كه‌م ٣١٤<br>یاریده‌ده‌ر به‌ ناوی والی موسڵ</td></tr>
</table>




DH.MKT.02122.00010.001

| 7 جەمادی كۆتایی 1316 | 02122.00010 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٧ جەمادی كۆتایی ٣١٦
١١ تشرینی یەكەم ٣١٤
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
هەندێك كـەس لـە هـۆزی سـیدان ئەوانـەی لـە قـەزای زاخـۆ شـەریان كـردووە و دەسـتیان هەبـووە لـە تاڵانكردنـی ناحیـەی لیـون، ئـەو ئـاژەڵ و كەلوپەلانـەی كـە لـە دەسـتیان ماوەتـەوە لەلایـەن تاهیـر كـوڕی عوسـمان هاوەڵـی لـە هـۆزی كرافنـی بـردراوە، بـۆ گەڕانـەوە و ڕادەسـت كردنـەوەی گشـت كەلوپەلـەكان، لـە ویلایەتـی وان ڕاگەیەنـدراوە تـا نـووسراو بـۆ ویلایەتـی جەلیلـە بكرێـت و فەرمـان بدرێتـە لایەنـی بەرپرسـیار و كاری پێویسـت بكرێـت بـۆ گەڕاندنەوەیـان، لەسـەر ئـەم ڕاگەیەنـدراوە تەلەگرافنامـە لـە موشیرەتی جەلیلـەی لەشـكری چوارەمـی هومایـۆن دەرچـووە لەگـەڵ نـووسراوی لـە مێـژووی ٢١ ئەیلـول ٣١٤ لایەنـی واڵای سەرعەسـكەریمان پێشكەشـی پەیوەندیدارانــی ســەدارەت كــراوە، بــە تێڕوانیــن لــە ئامــاژەی ویلایەتــی ناوهاتــوو هەرچــی زووە كەلوپەلــە تاڵانكـراوەكان ڕادەسـت بكرێنـەوە و ئەنجامەكـەی ڕابگەیەندرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هیممەتـی عالی پێویسـتە.




DH.MKT.02123.00075.001

هەواڵنامەی کتێب

| 9 جەمادی کۆتایی 1316 | 02123.00075 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٩ جەمادی کۆتایی ٣١٦
١٣ تشرینی یەکەم ٣١٤
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
فەرمانبەرانــی ناســنامەی قەزایەكانــی عەقــرە و زاخــۆ یاســین ئەفەنــدی و عەزیــز ئەفەنــدی گۆرینــەوەی شــوێنی ئەركەكەیـان جێبەجـێ كـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە پایـەی ویلایەتـی جەلیلـە نـووسراو لـە مێـژووی ٦ تەمموز ٣١٤ ژمـارە ٦٩ هاتـووە و ئەركەكەیـان پەسـەند كـراوە، لـە ناوبـراوان یاسـین ئەفەنـدی هـەر لەگـەڵ مێـژووی دەسـت بـە كار بوونـی لـە ٢٣ مایـس ٣١٤ و عەزیـز ئەفەنـدی لـە ١ حوزەیـران ٣٠٤ بـە تۆمـار مانگانـە هـەر یەكـە ٢٥٠ قـوروش مووچـە وەردەگـرن، لـە بـارەی نیـزام و یاسـا بـە سـوێند خواردنیـان مامەڵەكـە جێبەجـێ دەكرێـت، هەروەها فەرمانبەرانـی ناسـنامەی قـەزا ناوهاتـووەكان بـە تۆمـار لەسـەر مسـتەفا ئەفەنـدی و محەمـەد ئەفەنـدی بـووە و دوای ئەمانـەش ئەوانـەی بـەكار دێـن، مێـژووی دەسـت بـە كار بـوون و دەسـت لـە كار هەڵگرتنیـان و ناویشـیان بنوسرێتـەوە و بـە پۆسـتە ڕەوان بكرێـت، بـە ووتـەی نەزارەتـی ژمێریـاری خوازیـاری جێبەجـێ كردنـی كارەكەیـن.





DH.MKT.02156.00103.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02156.00103 | 22 شەعبان 1316 |
| --- | --- | --- |


٢٢ شەعبان ٣١٦
٢٤ كانوونی یەكەم ٣١٤
بۆ لایەنی والای جەنابی سەر عەسكەریمان
لەلایەن پیاوەكانی سەرۆك هۆزەكانی ئەرتوش و میران حاجی بەگ و مستەفا پاشا كەلوپەل و مەڕوماڵاتی گوندی باسیدی سەر بە قەزای زاخۆیان تاڵان كردووە، بە زانینی حكوومەتی خۆچێی بۆ خاوەنەكانیان گەراندۆتەوە، لەگەڵ ئەمەش لەگەڵ هۆزی حاجی بەگ بە سویدیە تێپەریون، هەروەها هێشتا دیار نییە ئاخۆ مستەفا پاشا لە ناو سەرپێچیەكەدا بووە یا نا، بۆ ئەمەش ئامادەكاری پێویست ئەنجام بدرێت، نووسراو و فەرمان دراوەتە موشیرەتی جەلیلەی لەشكری چوارەمی هومایۆن، لە نووسراوی سپاهی عالی لە ١٠ كانوونی یەكەم ٣١٤ ژمارە ٣٠٦ ئاماژەی پێكراوە، بەڵام ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە وەرگیراوە دەركەوتووە حاجی بەگ بە شەو ٢٥ ئەسپ سواری ناردۆتە سەر گوندی تلزت سەر بە قەزای دهۆك بە زۆری داود بەگیان لە گوندی ناوهاتوو هەڵگرتووە و بردوویانەتە ناو هۆزی حاجی بەگ، ئەمەش لە ئاماژەی خۆچێی دەركەوتووە، بە راگەیاندنیشی بۆ ئەوەی هۆكاری تەواوبوونی ناوبراو ئەنجام بدرێت هەروەها باس كراوە هەرچی زووە پێویستە ناوبراو بنێردرێتە سویدیە، بۆ ئەمەش ئاگاداری پێویست دراوەتە ویلایەتی دیاربەكر، هەروەها هۆزی ناوهاتوو بەپەلە بنێردرێتە سویدیە، لایەنی عالی ئامۆژگاری دووپاتكراوەی داوەتە سەرعەسكەر.




DH.MKT.02172.00121.001

| DH.MKT. | 02172.00121 | 19 شەوال 1316 |
|---|---|---|

١٩ شەوال ٣١٦
١٨ شوبات ٣١٤
بۆ لایەنی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت و لایەنی والای جەنابی سەرعەسكەریم
ماوەیەكـە لـە دەورووبـەری قـەزای زاخۆ و لەسـەر شـەقامی دەرسـەعادەت كاری چەتەیـی ئەنجـام دەدەن، هەروەها لـە رۆژانـی رابـردوو حوسێن لە ئەندامانـی ژاندارمەیان كوشـتووە، هەروەها لـە كۆتایی كۆمەڵێك مەڕی دانیشـتوانیان تـاڵان كـردووە و بـۆ دەسـتگیركردنی كەسـێك بـە نـاوی غازی كە بوێـری ئـەم كارەی كردووە، هێـزی ئامادە بـوو لەگەڵ بینباشـی سـەیارە رۆیشـتووە، هەرچەنـدە كاری باشـیان كـردووە بەڵام دەسـتگیركردنی چەتـەی ناوهاتوو سـەركەوتوو نەبـووە، چونكـە لـە شـوێنی حەشـاردراوی خـۆی بەرگـری دەكات، لـەو رووبەڕووبوونـەوەی روویـداوە یەكێـك لـە ژاندارمـە ئـۆن باشـیەكان كـوژراوە، لـە موشـیرەتی جەلیلـە نـووسراوە، بەپەلـە تۆپێكـی چیایـی رەوانـی زاخـۆ بكرێت، لـە پایـەی ویلایەتـی موسـڵ لـە مێـژووی ١٤ شـوبات ٣١٤ تەلەگرافنامە دەرچـووە هەروەها لەسـەر فەرمانـی جەنابی پەیوەندیـداری خەلافـەت پاراسـتنخانەی ناوبـراو تێـك بدرێت و لـە هاوكارانی دووانیـان بە زیندوویی دەسـتگیركراون، بـە خۆشـی سـوودی لـە شـەو بینیـوە لەگـەڵ هەمـوو هاوەڵانـی رایكـردووە، بـەڵام چاودێـری كردنـی بەردەوامـە، بۆیـە پێویسـت بـە ناردنـی تـۆپ نـاكات، راگەیەنـدراوە و زانیـاری دراوەتـە لایەنـی والای سـەر عەسـكەریمان.



DH.MKT.02179.00088.001

| DH.MKT. | 02179.00088 | 7 زیلقەعدە 1316 |
|---|---|---|

٧ زیلقەعدە ٣١٦
٧ مارت ٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
ئەمجارە ئاسف ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی زاخۆ نێردراوە، بەڵام بەهۆی سەرپێچی و خراپەکاری، هەندێك ووتە و داواکاری بە مۆری میرزا پێشکەشی جەنابی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت کراوە، ئەو کاغەزانەی کە پەیوەستن بە هەواڵەوە هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە بەراییەکان و زانیاریەکانی ئەوێ کارەکە جێبەجێ بکرێت و بەپەلە راستییەکە رابگەیەندرێت، هیممەت بۆ عالیە.



OSMANLI ARŞİVİ
DH.TMIK.M
76 12

DH.TMIK.M.00076.00012.001

هەواڵنامەی کتێب

| 28 جەمادی یەکەم 1317 | 00076.00012 | DH.TMIK.M. |
|---|---|---|


تەلەگراف نامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
راگەیەنـدراوە حاجـی بـەگ سـەرۆکی هـۆزی ئەرتـوش سـنووری زاخـۆی بەزانـدووە و لەسـەر سـنوور ئـەو گوندانـەی کـە سـەر بـە ویلایەتـی دیاربەکـرە یەکێکیانـی سـوتاندووە و هەندێکیشـیانی وێـران کـردووە، بـەم راگەیەنـدراوە زیانـەکان تەخمیـن بکرێـت و کەلوپەلـە تـاڵان کـراوەکان بگەرێندرێتـەوە، بـە ئاماژە کـردن بـەم تەلەگرافنامەیـەی کـە لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو وەرگیـراوە، لەگـەڵ ئـەو تەلەگرافنامانـەی کـە لـە قائیمقامیەتەکانـی زاخـۆ و دهـۆك هاتـووە، ئـەو هـۆز و دانیشـتوانەی بـەم سـەرپێچی و دەسـتدرێژیانەی زیانیـان پـێ گەیشـتووە، کار بکرێـت لەسـەر هێمـن کردنەویـان، حاجـی بەگیـش بـە بریـاری عالـی بەپەلـە ببردرێتـە سـویدییە، لـەو کاتـەدا بـۆ رێگەگرتـن لـەم رووبەرووبوونەوەیـەی کـە روو دەدات پێویسـتە یەکسـەر مەفرەزەیەکـی سـەربازی بنێردرێـت، موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن لەسـەریەتی بـە سـویدیە تێپەرێـت، هەروەهـا لـەم بابەتـەدا ئـەوەی روونـە سەرعەسـکەری عالـی وەڵامەکـە دەداتـەوە، تێپەربوونـی ناوبـراو بـە نـاو سـویدیە لـە سـاڵی پـار کراوەتـە راپـۆرت، بـە تێروانیـن لـە مامەڵەکـە موشـیرەتی ناوهاتـوو فەرمانێکـی یەکلاکـەرەوە و بەپەلـە دەدات و ئەمجـارە یارمەتـی سەرعەسـکەری پێویسـتە، راگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە ٢٢ ئەیلـوول ٣١٥.
حازم والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

DH.TMIK.M.00079.00005.001


<table>
<tr><td>DH.TMIK.M.</td><td>00079.00005</td><td>19 رەجەب 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">١١ تشرینی دووەم ٣١٥<br>بۆ ویلایەتی عالی دیاربەكر<br>شیفرە<br>لـە ویلایەتـی موسـڵ ئاماژەی پێكـراوە، موسـیو ماكنیـز هاتۆتـە زاخـۆ، لەلایـەن پیاوەكانی مسـتەفا پاشـا دووربینێك و یـەك تفەنگـی مـاوز تـاڵان كراوە، هـەر ئێسـتا بگەرێندرێتـەوە و بگەیەندرێتـە خاوەنەكەی، لـە بـارەی تاڵانچیەكانیش مامەڵـەی پێویسـت جێبەجـێ بكرێـت، هەروەهـا ئەنجامەكەشـی رابگەیەندرێت، بـە گرنگیـەوە كارەكە راسـپێردراوە.</td></tr>
</table>



DH.TMIK.M.00079.00015.002

هەواڵنامەی کتێب


| DH.TMIK.M. | 00079.00015 | 11 شەعبان 1317 |
| --- | --- | --- |
| ٣ كانوونی یەكەم ٣١٥<br>بۆ ویلایەتی دیاربەكری عالی<br>تەلەگرافنامە/بەپەلە جێبەجێ بكرێت<br>وێنەی بە واژووی ئاغای شرناغ لە مەركەزی زاخۆ بە تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٨ تشرینی دووەم ٣١٥ دەرچووە و كۆپیەیەكی برداوە و خوێندنەوەی بۆ كراوە، بە ووتەی قۆمیسیۆن دوای لێكۆڵینەوە بەپەلە جێبەجێ بكرێت و ئەنجامەكەی رابگەیەندرێت. | | |




DH.ŞFR.00268.00024.001


| DH.ŞFR. | 00268.00024 | 11 ڕەجەب 1319 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
فەرمانگـەی تابـوری ڕەدیفـی زاخـۆ بـە هەژماركردنـی سـاڵی ٣١٧ چاوپێخشـاندنەوەی ئەنجـام داوە ، لـە ٢٧ نەفـەر ٦ نەفـەر ڕێكخـراوە، هەروەهـا ١ نەفـەر بـە زۆری و ١ نەفەریـش مۆڵەتـی نەمـاوە، كەچـی سـەربازی كـردووە، ١٧ نەفەریـش بەبـێ چاوپێخشـاندنەوە بـووە، لـە نێـوان مۆڵـەت و ئەندامـەكان جیاكراونەتـەوە، بـەم شـێوەیە نـووسراوی داواكردنـی ناچـاری لەلایـەن جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، بـە ئامـاژەی قائیمقامـی زاخـۆ ڕاگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە ١١ تشرینـی یەكـەم ٣١٧.
میری لیوا فائیق وەكیلی والی موسڵ





هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01370.000045 | 15 رەجەب 1317 |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>٢٠٧٥<br>بۆ جەنابی بەرێزیان<br>لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامیەتی قەزای زێبار شوێنەكەی بەتاڵە، بە مەبەستی دامەزراندنی قائیمقامی قەزای زێبار، قائیمقامی قەزای دهۆك بگوازرێتەوە و دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولكیە داواكاری پێشكەش كراوە، لەگەڵ ئەو داواكاریە و كاغەزی وەرگێردراوی زانیاری لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوخۆ بەیەكەوە راگەیەندراوە و پێشكەش كراوە، لەبارەی جێبەجێ كردنیشی بە فەرمانی پاشا جەنابی خەلافەتپەناهی چ بفەرموویەت جێبەجێ دەكرێت، لە ١٥ رەجەب ١٣١٧ و ٧ تشرینی دووەم ١٣١٥.<br>سەدری ئەعزەم | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01373.000032</td><td>24 زیلقەعدە 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>... دیوانی هومایۆن<br>٣٢٥٥<br>جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ کامـل ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ و نەزمـی بـەگ بەڕێوەبـەری دارایـی لەگـەڵ عەبـدی ئاغـا بەڕێوەبـەری فەخـری سـندی کللـی لـە داهاتـی قـەزای ناوهاتـوو سـەرپێچیان کـردووە و ئەرکەکەیـان بـە خراپـی بـەکار هێنـاوە، دوای ئـەم هەواڵـە و بـە لێکۆڵینـەوە روون بۆتـەوە، بۆیـە قائیمقامـی ناوهاتـوو لەگـەڵ هاوەڵەکانـی بەیەکـەوە دەدرێنـە دادگا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـاگاداری ویلایەتـی ناوهاتـوو بـە نـوسراو حەواڵـەی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە بـووە، بریارنامـە لـە فەرمانگـەی مولکیـەی شـورای دەوڵـەت دراوەتـە قەڵـەم، هاوپێـچ بـە راگەیانـدن و پێشـکەش کردنـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـوسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمار کـرا، لـە ٢٤ زیلقەعـدە ٣١٧ و لە ١٢ مـارت ٣١٦.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




BEO.001470.110210.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO . | 001470.110210 | 9 زیلحیجه 1317 |
|---|---|---|

٩ زیلحیجە ٣١٧
٢٧ مارت ٣١٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی جەلیلە و بەهیە
لـە ویلایەتـی موسـڵ، كامـل ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ و نەزمـی بـەگ بەڕێوەبـەری دارایـی لەگـەڵ عەبـدی ئاغـا بەڕێوەبـەری فەخـری سـندی كللـی لـە داهاتـی قـەزای ناوهاتـوو سـەرپێچی و ڕووداوی نابەجێیـان ئەنجـام داوە، بۆیـە لـە بـارەی دادگاییكردنیـان، لەسـەر ئامـاژەی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە لـە نـووسراوی مێـژووی ٢٥ موحـەرەم ٣١٧ ژمـارە ٦٠ ی دەوڵـەت بـە بڕیـاری شـورای دەوڵـەت بـە ڕەزامەنـدی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوهاتـوو كـراوە تـا كارەكـە جێبەجـێ بكرێـت، بـەم ڕاگەیەنـدراوە بـە نـووسراو زانیـاری دراوەتـە نەزارەتـی دارایـی بەهیـە، هەروەهـا لەگـەڵ تاقمێـك لـە كاغـەزی لێكۆڵینـەوە نێردراوەتـەوە، ئـاگاداری دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو تـا هیممـەت بكرێـت.





DH.MKT.02208.00010.001

هەواڵنامەی کتێب

| 25 موحەررەم 1317 | 02208.00010 | DH.MKT. |
|---|---|---|


٢٥ موحەررەم ٣١٧
٢٤ مایس ٣١٥
بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
قائیمقامـی زاخـۆ محەمـەد کامـل ئەفەنـدی لەسـەر ئـەو لێکۆڵینـەوەی لـە سـەری کـراوە، سـکاڵا و داوای پاراسـتنی مافـی کـردووە، داواکاری و بەراییەکانـی نێـردراوە، لەسـەر ئـەم بابەتـە راگەیاندنـی زانیـاری و خوێندنـەوەی بابەتەکـە نـووسراوی مێـژووی ٢٨ نیسـان ٣١٥ ژمـارە ٣٦ ی نـووسراوی عالـی، هەروەهـا خوێندنـەوەی بەراییـەکان هاتـووە، قائیمقامـی ناوهاتـوو لەگـەڵ نەزمـی بـەگ بەڕێوەبـەری دارایـی و بەڕێوەبـەری فەخـری سـندی کلـی عەبـدی ئاغـا لـە داهاتـی قـەزای ناوهاتـوو مامەڵـەی نابەجێیـان ئەنجـام داوە و بـە هاتنـی ئـەم هەواڵـە لەلایـەن فەرمانبـەری تایبـەت لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دراوە، کاغەزەکانـی لێکۆڵینـەوەکان نێـردراوە، هەروەهـا بـە تێروانیـن لـە ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە لەگـەڵ ناوبـراوان قائیمقامـی ناوهاتـووش پێویسـتە بدرێتـە دادگا، نـووسراو و بەراییـەکان لـە مێـژووی ١٨ مـارت ٣١٥ لـە ویلایەتـی موسـڵی عالیـە هاتـووە بـە ناردنـەوەی داواکاری و بەراییـەکان بەیەکـەوە بـۆ سـەروو نێـردراوە، دوای ووردبینـی هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




DH.MKT.02209.00139.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02209.00139 | 2 سەفەر 1317 |
|---|---|---|
| ٢ سەفەر ٣١٧<br>٣٠ مایس ٣١٥<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>ئاسف ئەفەندی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە چۆتە زاخۆ، وەکو رۆژانە بە پێویست زانراوە رۆژانەی پێ بدرێت، کە بە کۆکراوەیی دەکاتە ٢٣٠٠ قوروش کە تا ئێستا بۆی دابین نەکراوە، بە پێویست زانراوە ٢١١١٤ قوروشی خەرجی رێگا دابین بکرێت و رێك بخرێت، بۆیە لە موازەنەی ئەم ساڵی ویلایەتی عالی تۆمار بکرێت، لە وەڵامی نووسراوی مێژووی ٣ نیسان ٣١٥ ژمارە ١٣ لەگەڵ ووتەی ژمێریاریش پەلە کراوە لە راگەیاندنی. | | |




DH.MKT.02276.00023.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02276.00023 | 23 رەجەب 1317 |
| --- | --- | --- |


٢٣ رەجەب ٣١٧
١٤ تشرینی دووەم ٣١٥
بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
هـەواڵ هاتـووە لەلایـەن محەمـەد کامـل قائیمقامـی زاخـۆ و نەزمـی بـەگ بەڕێوەبـەری دارایـی و عەبـدی ئاغا بەڕێوەبـەری فەخـری سـندی کللـی لـە داهاتـی قـەزای ناوهاتـوو مامەڵـەی خراپیـان ئەنجـام داوە، لـە ڕێگـەی فەرمانبـەری تایبەتـی لێکۆڵینـەوە کـراوە، هاوپێـچ ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە لەگـەڵ کاغەزەکانـی لـە ویلایەتـی موسـڵەوە نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە ناوبـراوان لەگـەڵ قائیمقامی ناوبراو پێویسـتە بدرێنە دادگا، لـە مێـژووی ٢٤ مایـس ٣١٥ بـۆ سـەروو ئـاگاداری نێـردراوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەم بەڕێوەبەرانـە ئـەو کات دەسـتیان لـە کار کێشـابووەوە، بۆیـە بـۆ دادگاییکردنەکەیـان دەبـێ بـەردەوام هاتووچـۆ بکـەن، بـە پێویسـت زانـراوە پەلـە بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی ناوهاتـووەوە تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٨ تشرینی دووەم ٣١٠ وەرگیـراوە، بـە تێروانیـن لـە ئاماژەی پێشـوو پەلـە بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی، هیممـەت بـۆ عالیـە.



DH.MKT.02293.00114.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02293.00114</td><td>3 رەمەزان 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">٣ رەمەزان ٣١٧<br>٢٣ کانوونی یەکەم ٣١٥<br>بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی دادی جەلیلە<br>لە قەزای جەزیرە بە رێگەی دەستە لە دانیشتوانی گوندەکان بێ ئەوەی رەزامەندیان هەبێت دە یەکیان زیاد کردووە و بە بێ ئامادەیی ئەوان لەسەریان تۆمار کراوە، بەم راگەیەندراوە لەسەر هەندێك ووتە تەلەگرافنامە لە مەرکەزی زاخۆ دەرچووە، ئەگەرچی لە مێژووی ١١ کانوونی یەکەم ٣١٥ ژمارە ٢٣٨ ی نووسراوی عالی نووسراوەتەوە، بەڵام ئەو تەلەگرافنامەی کە نێردراوە، پێشکەشی پشکێنەری دادی پەیوەست بە مووچەی فەرمانبەرانی دادی ویلایەتەکانی مەعمورەی عەزیزە و دیاربەکر کراوە، بە بوونی تەلەگرافنامە گەرانەوەی پیشکەشی جەنابی پایەبەرز کراوە.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02294.00025.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 02294.00025 | 5 شەعبان 1317 |
|---|---|---|
| ٥ شەعبان ٣١٧<br>٢٥ کانوونی یەکەم ٣١٥<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>لەبەر ئەوەی ئەرکەکەی بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبردووە و ئەو مووچەیەی کە لە رووی کارگێڕیەوە بۆی دابین کراوە، بەشی ناکات، بۆیە ئیبراهیم ئەفەندی فەرمانبەری ناسنامەی قەزای زاخۆ داوای کردووە لە ناسنامەی لیوایەك ئەرکی پێ بدرێت، هەروەها لە بارەی ناوبراوەوە تا ئێستا سکاڵایەك بەرز نەکراوەتەوە، هەروەها ئەرکەکەشی بەڕێکوپێکی جێبەجێ دەکات، لە بارەی دامەزراندنی بە ووتەی کارگێری گشتی تۆماری ناسنامە پەلە کراوە لە ڕاگەیاندنی. | | |



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02299.00043.001


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02299.00043</td><td>23 رەمەزان 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ رەمەزان ٣١٧<br>١٢ کانوونی دووەم ٣١٥<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی قـەزای بەیتولشـەباب، ئەمـرۆ قـەزای ناوهاتـوو کـە سـەر بـە قـەزای جۆلەمێرگـە و لـە مەرکـەزی قـەزای جۆلەمێـرگ زۆر دوورە، جگـە لەمـە تاوەکـو لـە نـاو هـۆزی گویـان پارێـزراوی هەبێـت و لـە ژێـر دەسـەڵات و داهاتـەکان بەردەسـت بـن، هـۆزی ناوهاتـوو حاڵـی حـازر کـە بـە جەزیـرە بەسـتراوەتەوە، وەکـو خـۆی بێـت یاخـود بـە قـەزای زاخـۆ ببەسـترێتەوە، دووبـارە بـە یەکێـك لـەم دوو شـوێنە ببەسـترێتەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی مێـژووی ٩ کانوونـی یەکـەم ٣١٥ ژمـارە ١٣٦ ی ویلایەتـی وانـی بەهیـە هاتـووە و هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، فەرمـان و راگەیاندنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ رای پایەبـەرزی عالـی.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02314.00113.001

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02314.00113</td><td>5 زیلقەعدە 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">٥ زیلقەعدە ٣١٧<br>٢٢ شوبات ٣١٥<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>لە بارەی كاروباری حكوومەتەوە حاجی یوسف ئاغا لە قەزای زاخۆ كاری باشی كردووە، بۆیە بە پلەی قەپوچی باشی ڕێزی لێ بگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٢٥ كانوونی دووەم ٣١٥ ژمارە ١٠٥ وەرگیراوە، هاوپێچ پێشكەشی جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی وەكالەت كراوە.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02338.00132.001

| DH.MKT. | 02338.00132 | 29 زيلحيجه 1317 |
|---|---|---|


٢٩ زیلحیجە ٣١٧
١٦ نیسان ١٣١٦
بۆ نەزارەتی مەعاریفی جەلیلە
مەكتەب لـە قەزایەكانـی زاخـۆ و دهـۆك و عەقـرە نییـە، بۆیـە دانیشـتوانی خۆچێـی لـە نیعمەتـی مەعاریـف بێبەشـن، بـەم هۆیـەوە سـەر لـە نـوێ لـە زاخـۆ و لـە ئەوانـی تریـش بینایـەی گونجـاو ئامـادە بكرێـت و چاكسـازی تێـدا بكرێـت، سـێ مەكتەبـی سـەرەتایی دابمەزرێـت، هەروەهـا مووچـەی موعەلیمەكانیـان دابیـن كـراوە، ئـەو تەلەگرافنامەیـەی لـە ویلایەتـی موسـڵی عالیـە دەرچـووە، هاوپێـچ بـۆ سـەروو نێـردرا.



DH.MKT.00622.00012.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00622.00012 | 3 ڕەمەزان 1320 |
|---|---|---|
| تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>حاجی بەگ سـەرۆکی هۆزی ئەرتوش و قائیمقامی ئاڵای شەشـەمی حەمیدیە، ئێسـتا لە لایەنی سـلیڤانییە، ڕۆژ بە ڕۆژ سـەرپێچیەکانی زیـاد دەکات، هەروەهـا لەبـەر ئەوەی بە پەلـە ڕێگەی لێ نەگیراوە، لە نێـوان هۆزەکاندا گەندەڵیەکی گـەورە دروسـت دەبێـت، ئەمـەش لەلایـەن قائیمقامیەتـی زاخـۆی بـە وەکالـەت و هۆزەکانی خۆچێی و گشـت لایەك بـە گرنگیـەوە ڕاگەیەنـدراوە، بۆیـە بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا فەرمـان دراوە، هەرچـی زووە کارەکـە جێبەجێ بکرێـت و پێویسـتە فەرمانـی بەپەلـە بدرێتـە موشـیری لەشـکری هومایۆنـی چـوارەم و ویلایەتـی دیاربەکری عالیە.<br>لە ٢١ تشرینی دووەم ٣١٨<br>نوری والی موسڵ<br><br>بەپەلـە نـووسراو بـۆ لایەنـی واڵای سەرعەسـکەریمان بکرێـت و تەلەگـراف بـۆ ویلایەتـی دیاربەکـر بنێردرێـت. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| I.DH . | 01377.000011 | 17 رەبیعی کۆتایی 1318 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی همایۆن
١١٨٤
جەنابی میهرەبانی ئەفەندم


لە ناو ویلایەتی موسڵ کامل ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ لەبەر خراپی باروودۆخ و ئیدارەی خەریکە دەدرێتە دادگا، کە کاغەزەکانیشی نێردرایە شورای دەوڵەت، دوور دەخرێتەوە و لە شوێن ئەو لە ویلایەتی ئەدەنە بەکر ئەفەندی قائیمقامی عوسمانیە بگوازرێتەوە و لە شوێن ئەویش فوئاد بەگ قائیمقامی پێشووی خەیران دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە و بریارنامەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە دراوە لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی ژمارەی لەسەر تۆمار کرا، لە ١٧ رەبیعی کۆتایی ٣١٨ و لە ٣١ تەممووز ٣١٦.
سەدری ئەعززەم


İ.DH.01381

هەواڵنامەی کتێب

| I.DH . | 01381.000019 | 26 رەمەزان 1318 |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
..... دیوانی هومایۆن
٢٧٥٧
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ بەکـر ئەفەندی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ دادەمەزرێت، بـەڵام لەبەر ئەوەی کێشـەی جەسـتەیی هەیـە ناتوانێـت بچێتە شـوێنی ئەرکەکـەی، داوای کـردووە ئەرکەکـەی بگۆردرێتەوە، بۆیە تا شـوێنێکی بە تـاڵ دەبێـت تێـدا دامەزرێـت، دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو شـەریف ئەفەنـدی دامەزرێـت کـە لـە قائیمقامـی سـوقی شـیوخ بـوردراوە، بـۆ ئەمـەش نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە و بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی زانیـاری کەسـێتی، بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەندم، لـە ٢٦ رەمـەزان ٣١٨ و لـە ٤ کانوونـی دووەم ٣١٦.
سەدری ئەعزەم



BEO.001543.115689.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO .</td><td>001543.115689</td><td>3 جەمادی یەکەم 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">٣ جەمادی یەکەم ٣١٨<br>١٦ ئۆغستۆس ٣١٦<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>کامل ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و لە شوێن ئەو بەکر ئەفەندی قائیمقامی عوسمانیە گوازراوەتەوە، هەروەها لە شوێن ئەویش فوئاد بەگ قائیمقامی پێشووی حەیزان دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نووسراوی مێژووی ٢٦ رەبیعی یەکەم ٣١٨ ژمارە ١٩٩٣، بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە دوای رەزامەندی لە ٢٩ رەبیعی کۆتایی ٣١٨ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمان پاشا فەرموویەتی، جگە لەمە بەڵگەی موتەسەرفی لیوا لەبارەی بەکر ئەفەندی دراوەتە ویلایەت لەسەر دروست و نادروستی ئەم بەڵگانە تۆمار و ئاماژەیەك نەبیزاوە، بۆ ئەوەی رێنمایی پێویست بدرێتە ناوبراو چەندین رێنمایی لە قۆمیسیۆن دەرچووە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>



BEO.001598.119791.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001598.009791</td><td>24 شەعبان 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٤ شەعبان ٣١٨<br>٤ كانوونی یەكەم ٣١٦<br>بۆ نەزارەتی مەعاریفی جەلیلە<br>لـە لایـەن ئەشرافـی خۆچێـی شـارۆچكەی زاخـۆ حاجـی یوسـف پاشـا مەكتەبـی سـەرەتایی بونیـاد نـراوە، كارەكـە تـەواو بـووە و وێنـەی دەرخسـتەی جێبەجـێ كـراوە، تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە نێـردراوە لەگـەڵ نـووسراوی مێـژووی ٢٢ شـەعبان ٣١٨ ژمـارە ٤٢٤٩ ی نەزارەتـی نـاو هاتـوو بەیەكـەوە بـە مەبەسـتی زانیـاری وەرگرتـن بـۆ سـەروو نێـردراوە، لـەم بابەتـە نـووسراو بكرێـت.</td></tr>
</table>



BEO.001614.120983.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001614.120983 | 13 شەوال 1318 |
|---|---|---|
| ١٣ شەوال ٣١٨<br>٢١ کانوونی دووەم ٣١٦<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>نووسراو<br>بەکر ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ دامەزراوە، بەڵام داوای کردووە ئەرکەکەی بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆیە بە دوورخستنەوەی لە کارەکەی، شەریف ئەفەندی دابمەزرێت، کە لە قائیمقامیەتی سوق ئەلشیوخ بوردراوە، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نووسراوی دەوڵەت لە مێژووی ٢٢ شەعبان ٣١٨ ژمارە ٤٢٤٠ و بە بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، دوای ڕەزامەندی لە ٩ی شەوالی هەمان ساڵ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |



HR.SYS.01783.00019.003


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **HR.SYS.** | 01783.00019 | **3 سەفەر 1318** |

وێنەی ئەو نووسراوەی سەدری ئەعزەمە كە لە مێژووی ٢٠ مایس ٣١٦ هاتووە

جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم


شێخ محەمەدی دهۆكی بە نیازی ئەوەیە هێرش بكاتە سەر گوندەكانی مەسیحی و یەزیدی، بۆیە چەتەكانی كورد كۆدەكاتەوە، هەروەها یەكێكی ناردۆتە سەر رەهبانەكانی ماریەعقوب تاوەكو هەرەشیان لێ بكات، لەسەر ووتەی فەرەنسا لە مێژووی ٢٧ زیلحیجە ٣١٧ نووسراوی دەوڵەت ئاگاداری نێردراوە و ئەو وەڵامەی كە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، تێدا هاتووە؛ شێخ محەمەد مەبەستی ئەوەی هەیە هێرش بكاتە سەر گوندەكانی یەزیدی و مەسیحیەكان هەروەها هەرەشەی لە رەهبانی ماریەعقوب كردووە، ئەمەش وایكردووە جۆش و خرۆشیەك دروست بێت، ئەمە هیچ راستییەكی تێدا نییە، ئەگەرچی ٢٠ سەر مەڕ لە مەناستر دزراوە، بەڵام بكەرەكانی دەست نیشان دەكرێن، تەنانەت ئەگەر نور محەمەد و پیاوەكانی خودی خۆی ناردبێتە مەناستر دەركەوتووە ئەوانەی مەڕەكانیان دزیوە كەسانی ترن، راگەیەندراوە بكەرەكان چاودێری دەكرێن و ئامادەكاری لەمە زیاتر كراوە، هەروەها لەسەر نووسراوی مێژووی ١٦ موحەرەم ٣١٨ ژمارە ٥٨٤ ی دەوڵەت ئاگاداری دووپاتكراو دراوەتە ویلایەتی ناوهاتوو، بە گفتوگۆ لە وەڵامدا ئاماژە لە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە دەرچووە، هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی.



DH.MKT.02341.00085.001

| DH.MKT. | 02341.00085 | 7 موحەررەم 1318 |
|---|---|---|

٧ موحەررەم ٣١٨
٢٣ نیسان ٣١٤
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
كامل ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ و نەزمی بەگ بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ عەبدی ئاغا بەڕێوەبەری فەخری سندی كللی لەو ڕووداوانەی لە داهاتی قەزای ناوهاتوو ئەنجامیان داوە و لەبەر كاری سەرپێچیان دەدرێنە دادگا، لە سەر نووسراوی مێژووی ١٨ مارت ٣١٤ بە بڕیاری شورای دەوڵەت، دوای مۆڵەت جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، بۆیە زانیاری دراوەتە نەزارەتی دارایی عالی، لەگەڵ كاغەزی لێكۆڵینەوە دەنێردرێتەوە، نووسراوی سەدری ئەعزەم لە مێژووی ٢٧ مارت ٣١٦ ژمارە ٢٩٠ نووسراوەتەوە، هەروەها لەگەڵ كاغەزی لێكۆڵینەوەی ناوهاتوو نێردراوەتە عالی، بە ئەمر و فەرمانی هومایۆنی شاهانە جێبەجێ دەكرێت.





DH.MKT.02343.00048.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02343.00048 | 10 موحەررەم 1318 |
|---|---|---|


١٠ موحەررەم ٣١٨
٢٦ نیسان ٣١٦
بۆ نەزارەتی مەعاریفی جەلیلە
لەسـەر ئاماژەی ویلایەتـی موسـڵ مەکتەبـی سـەرەتایی لـە قـەزای زاخۆ دامـەزراوە، لـە مێـژووی ١٦ نیسـان ٣١٦ لەگەڵ نووسراوی بەندە ئاماژەی پێکراوە، بە ئامادە بوونی فەرمانبەران و سەرپەرشتیارانی خۆچێی وێنەی دەرخستەکە جێبەجێ دەبێـت، بـەم بۆنەیـەوە داوەتی جەنابی پاشـا جێبەجێ کراوە، تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٢ نیسـان ٣١٦ بـۆ عالی نێردراوە.




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02375.00103.001


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02375.00103</td><td>21 ڕەبیعی یەکەم 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢١ ڕەبیعی یەکەم ٣١٨<br>٥ تەمموز ٣١٦<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە<br>بەراییەكانـی كاغـەزی وەرگێـردراوی زانیـاری كەسـێتی ئیبراهیـم حەقـی ئەفەنـدی فەرمانبـەری ناسـنامەی قـەزای زاخـۆ نێـردراوە، كـە لـە ئەركەكانـی دارایـی روانـدز و ژمێریـاری موسـڵ لەگـەڵ ئەركەكانـی ئەمینـی سـندوقی زاخـۆ و زێبـار بـووە، هـۆكاری دەسـت لـە كار كێشـانەوە و مێـژووی دەسـت بـە كار بوونـی بەیەكـەوە بـە پشـت بەسـتن بـە تۆمـاری خۆچێـی لـە بـارەی پەسـەند كـردن و ئامـاژە پێكردنـی بـە ووتـەی یەكـەی تۆمـار راگەیەنـدراوە.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02414.00084.001

هەواڵنامەی کتێب


<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02414.00084</td><td>19 جەمادی کۆتایی 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٩ جەمادی کۆتایی ١٣١٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە<br>بـە گوێـرەی نـووسراوی مێـژووی ١٢ ئۆغسـتۆس ٣١٦ ژمـارە ٥٤، عەبـاس حلمـی ئەفەنـدی کاتبـی ناسـنامەی زاخـۆ لـە کارەکـەی داوای لێبووردنـی کـردووە، لـە شـوێن ئـەو داود ئەفەنـدی دامـەزراوە، بـەڵام دەرکەوتـووە لـە قـەزای ناوهاتـوو بـە تۆمـار بوتـرس ئەفەنـدی کاتبـی ناسـنامەیە، لـە بـارەی ناوبـراوەوە هیـچ زانیارییەکـی تۆمارکـراو نەدۆزراوەتـەوە، هێشـتا خەریکـی سـەیر کردنـن، لـە بـارەی ئاماژە کردن بـە زانیـاری ناوبراو و کاغـەزی وەرگێـردراوی کەسێتی داود ئەفەندیش نێـردراوە، بـە ووتـەی کارگێـری گشـتی تۆمـاری ناسـنامە نـووسراو کـراوە لـە راگەیاندنـی.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02428.00119.001

| DH.MKT. | 02428.00119 | 24 ڕەجەب 1318 |
| --- | --- | --- |

قەڵەمی تۆماركردنی ناوەخۆ
٢٨ تشرینی یەكەم ٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
وەڵامـی بریارنامـەی مێـژووی ٣١ ئۆغستۆسـی ٣١٦ی ویلایەتـی عالـی ئەنجوومەنـی كارگێریـە، بـۆ فەرمانگـەی حكوومەتـی زاخـۆ بـە پێویسـت زانـراوە ٣٨٠٠٠ قـوروش خـەرج بكرێـت، ئەگـەر بكرێـت لـە داهاتـی سـاڵانی رابـردوو یاخـود ئەگـەر بكرێـت لـە پارەوپولـی ئـەم سـاڵەدا دابیـن بكرێـت، لـە هـەر حاڵەتێكـدا لـە تۆمـاری بودجـەدا شـوێنگرەوەی نیشـان بدرێـت، دوای كـەم كردنیـش چۆنیەتەكـەی ئامـاژەی پـێ بكرێـت، هەروەهـا هـەر فەرمانگەیـەك ئـەو خەرجیـەی پەیوەسـتە بـە خۆیـەوە لـە داهاتـی خـۆی دابینـی دەكات، ئەمـەش لـە كۆڵكـەی یاسـای بوودجـە ئامـاژەی پێكـراوە، هەروەهـا بـە ئاسـایی دادەنرێـت كـە لـە قۆناغـی باسـكراودا لـە گشـت شـوێنەكان فەرمانبەرانیـش نیشـتەجێ بكرێـن، بۆیـە بـری پـارەی باسـكراو بـە دابـەش كـردن بەسـەر بەشـەكاندا ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ ئەمـەش بـە ووتـەی ژمێریـاری پەلـە كـراوە لـە راگەیاندنـی.




DH.MKT.02438.00119.001

هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 22 شەعبان 1318 | 02438.00119 | DH.MKT. |


٢٢ شەعبان ٣١٨
٢ کانوونی دووەم ٣١٦
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لە شارۆچکەی زاخۆ مەکتەبی سەرەتایی کراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەکتەبەکە بینایەکی تایبەتی سەربەخۆی نییە، بە سەرپەرشتی خۆچێی لەلایەن حاجی یوسف پاشا سەر لە نوێ مەکتەبێك بونیاد نراوە، ئەمجارە رسوماتی دەرخستەی جێبەجێ کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ تشرینی دووەم ٣١٦ لە ویلایەتی موسڵی عالیە وەرگیراوە و پێشکەشی سەروو کراوە.



DH.MKT.02455.00049.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02455.00049</td><td>8 زیلقەعدە 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">٨ زیلقەعدە ٣١٨<br>١٤ شوبات ٣١٦<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>ئـەو قەزایـەی بـۆی دەچێـت گرنگـە و خۆشـی لـە دێرینەکانـە، بۆیـە داواکـراوە ڕێزی لێ بگیرێـت، ئەمجـارە محەمەد شـەریف ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی زاخـۆ دادەمەزرێـت، لەلایـەن ناوبـراوەوە داواکاری پێشـکەش کـراوە، داواکراوە ناوبـراو لـە پلـەی چـوارەم بـە نیشـانی عوسـمانی ڕێـزی لـێ بگیرێـت، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕەزامەنـدی عالـی.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02457.00125.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02457.00125</td><td>15 زیلقەعدە 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٥ زیلقەعدە ١٣١٨<br>٢١ شوبات ١٣١٦<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>وەڵامــی تەلەگرافنامــەی مێــژووی ٢٥ كانوونــی دووەم ٣١٦، تــا قۆناغێكــی حكوومــەت لــە زاخــۆ دادەمەزرێــت، بــە گونجــاو زانــراوە خانەیــەك بــە كــرێ بگیرێــت، بــۆ جێبەجــێ كردنــی كارەكــە و لەبــەر ئــەوەی شــوێنگرەوەی كرێیەكــە كاتیــە، ئامــاژەی پــێ بكرێــت بــە چ شــێوازێك لــە موازەنــەی ویلایــەت دەخولێتــەوە و چ شــێوازێكی خولانــەوە گونجــاوە و مێــژووی بەكــرێ گرتنەكــەی چەنــدە، بــە راگەیاندنــی ووتــەی ژمێریــاری نــوسراو كــرا.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02460.00038.001

| | | |
|---|---|---|
| 20 زیلقەعدە 1318 | 02460.00038 | DH.MKT. |

٢٠ زیلقەعدە ٣١٨
٢٦ شوبات ٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
شـەریف ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ دامـەزراوە، بـە گەیشـتنی بـۆ شـوێنی مەبەسـت و لـە مێـژووی دەسـت بـە كاربوونـی مانگانـە ١٥٧٥ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن كـراوە، هەروەهـا نیـوەی مووچـەی مانگانـەی بـە گوێـرەی بریـاری نیـزام لەگـەڵ دەسـت بـە كاربوونـی و مێـژووی دەسـت لەكارهەڵگرتنـی پێشـووی جگـە لـە خەرجـی رێـگا كـە ٢٢٦٢ قـوروش دەكات، لـە ٥٪ ی بـۆ سـندوقی ئاسـانكاری بابـی عالـی دابیـن دەكرێـت، لـە موازەنـەی ناوەخـۆ تۆمـار كـراوە، خەرجـی رێگاكـە لـە دابینكـردن و رێكخسـتنی لـە خشـتەی خەرجـی تۆمـار دەكرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری بـۆ راگەیاندنـی پەلـە كـراوە.





DH.MKT.02460.00077.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02460.00077 | 21 زیلقەعدە 1318 |
|---|---|---|

٢١ زیلقەعدە ٣١٨
٢٧ شوبات ٣١٦
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لـە قـەزای زاخـۆ کلیسـای جەماعەتـی کلدانـی بـە تێپەربوونـی کات وێـران بـووە، بـە گوێـرەی دەسـتەی ئامادەبـوو و خشـتەی دەرخسـتە ٢٠٠٠٠ قوروشـی دەوێـت تـا نـۆژەن بکرێتـەوە، لـە خۆچێـی بـە بریارنامـە راگەیەنـدراوە و خەرجـی نۆژەنکردنـەوەی لەلایـەن .... تەشـاوس ئەفەنـدی رێکخـراوە و جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە خشـتەی خەرجـی نێـردراوە، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی موسـڵ بریارنامـە لـە مێـژووی ٣٠ کانوونـی یەکـەم ٣١٦ ژمـارە ١٠٩ نێـردراوە و هاوپێـچ پێشکەشـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت کـراوە، جێبەجـێ کردنـی کارەکـە هـاوکاری پەیوەندیدارانـی پایەبـەرزی پێویسـتە.



Y.PRK.UM.00056.00028.001


هەواڵنامەی کتێب

| Y.PRK.UM. | 00056.00028 | 13 جەمادی كۆتایی 1319 |
|---|---|---|

بۆ باش كیتابەتی مابەینی هومایۆنی ملوكانەی جەلیلە


هــەواڵ هاتــووە كــە لــەم رۆژانــە لــە نێــوان هۆزەكانــی شــەرناقی ســەر بــە ســانجەقی ســەعرد لەگــەڵ هۆزەكانــی جەزیــرەی ســەر بــە ویلایەتــی دیاربەكــر رووبەڕووبوونــەوە روودەدات، بــۆ ئــەم مەبەســتە هــەردوولا خەریكــی كۆكردنــەوەی هێــزن، بــە نیــازن لــە ســنووری ویلایەتــی موســڵ لــە شــوێنێك بــە نزیكــی دوو كاتژمێــر و نیــو رووبــەڕووی یەكتر ببنــەوە، بــۆ ئــەوەی شــەڕەكە لــە نــاو ویلایــەت فــراوان نەبێــت، ڕێگــە نەدرێــت هۆزەكانــی تــر یارمەتیــان بــدەن، چونكــە ئەمــە دابونەریتــی هۆزەكانــە، ئامــۆژگاری و ئــاگاداری دراوەتــە قائیمقامــی زاخــۆ، جگــە لەمــە زانیــاری دراوەتــە موتەســەرفیەتی ویلایەتــی دیاربەكــر و ســەعرد، ڕاگەیەنــدراوە فەرمــان، لــە ١٤ ئەیلــوول ٣١٧.

نازم والی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01383.000022</td><td>5 موحەررەم 1319</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>.... دیوانی هومایۆن<br>٦٦<br>جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>لـە نـاو ویلایەتـی ئیشـقۆدرە، ئەمیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای قەوایەیە، بـەڵام لەبەر ئـەوەی شـوێنەکە گرنگە و لێهاتووەکـەی گونجـاو نییـە، بۆیە لە داهاتوو بە گوێرەی لێهاتوویی لە قائیمقامیەتێك دادەمەزرێت، بە دوورخسـتنەوەی لـە شـوێن ئـەو حافز بەکـر ئەفەندی قائیمقامی پێشـووی زاخۆ دادەمەزرێـت، نـووسراوی نەزارەتی ناوەخـۆی جەلیلە و بریارنامـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسـێتی بەیەکـەوە راگەیەندراوە و پێشـکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشـا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بـە راگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمار کـرا ئەفەندم، لـە ٥ موحـەررەم ٣١٩ و لە ١٢ نیسـان ٣١٧.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>


İ.DH.01392

هەواڵنامەی کتێب

| 3 ڕەمەزان 1319 | 01392.000027 | I.DH. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٢٤٧٩
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ عەزیـز ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای ڕوانـدز لەبەر ئـەوەی هەندێـك كـردەوەی نەگونجاوی كـردووە، دوور دەخرێتـەوە و لـە شـوێن ئەو لە ناو ویلایەتی ناوهاتوو محەمەد شـەریف بـەگ قائیمقامی قەزای زاخۆ دەگوازرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراوی نەزارەتی ناوەخـۆی جەلیلـە و بریارنامەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولكیـە ڕێكخـراوە و نێـردراوە، لەگـەڵ كاغـەزی وەرگێـردراوی زانیاری كەسـێتی بەیەكـەوە ڕاگەیەندراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار كـرا ئەفەندم، بـە ٣ ڕەمەزان ٣١٩ لـە ١ كانوونی یەكـەم ٣١٧.
سەدری ئەعزەم





BEO.001655.124083.001

هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 001655.124083 | 15 موحەررەم 1319 |
| --- | --- | --- |

١٥ موحەررەم ٣١٩
٢٢ نیسان ٣١٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە داهاتـوودا قائیمقامێکـی گونجـاو لـە قـەزای قوایـەی سـەر بـە ویلایەتـی ئیشـقۆدرە دادەمەزرێـت و ئەمیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ناوهاتـوو دووربخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو حافـز بەکر ئەفەنـدی قائیمقامی پێشـووی زاخـۆ دادەمەزرێـت، لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ١٦ زیلحیجـە ٣١٨ ژمـارە ٣٢٥ بـە بریـاری قۆمیسـیۆنی مولکیـەی فەرمانبـەران، دوای ڕەزامەنـدی لـە مێـژووی ١٢ موحـەررەم ٣١٩ فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا فەرمویەتـی و ڕاگەیەنـدراوە ناوبـراو هەڵبژاردنەکـەی لـە قائیمقامیەتـی زاخـۆ پەسـەند کـراوە، دووبـارە ڕێنمایـی پێویسـتیش لـە کۆمەڵـە نوسراوێکـی قۆمیسـیۆنی ناوهاتـوو خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




BEO.001669.125120.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001669.125120 | 16 سەفەر 1319 |
| --- | --- | --- |


١٦ سەفەر ٣١٩
٢٢ مایس ٣١٧
بۆ لایەنی والای سەر عەسكەر لەگەڵ جەنابی نازم بەگ ئەفەندی والی موسڵی داهاتوو
لەسەر كارە سەرپێچییەكان و بەهۆی هەندێك ووتە كە لە سەر بینباشی یەحیا ئەفەندی لە تابوری رەدیفی چوارەمی زاخۆی سەر بە ئالای ٩٦ هەیە، لەلایەن یاریدەدەری لێكۆڵەری داد محەمەد ئەفەندی تەلەگرافنامە دەرچووە و وێنەیەكی بۆ پاشا نێردراوە، بە تێوانین لە بەراییەكان پێویستە لێكۆڵینەوە بكرێت، پێویستە بەپەلە جێبەجێ بكرێت و ئەنجامەكەی بە والی رابگەیەندرێت.



BEO.001673.125456.001


هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><th>BEO.</th><th>001673.125456</th><th>23 سەفەر 1319</th></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ سەفەر ٣١٩<br>٢٩ مايس ٣١٧<br>بۆ لایەنی والی سەر عەسكەریمان<br>هاوپێچـی نـووسراوی مێـژووی ١٦ سـەفەر ٣١٩، هـەواڵ هاتـووە بینباشـی یەحیـا ئەفەنـدی لـە تابـوری رەدیفـی چوارەمـی زاخـۆ سـەر بـە ئـاڵای ٩٦، كاری سـەرپێچی كارانـەی ئەنجـام داوە، بـۆ ئـەوەی بەپەلـە لێكۆڵینـەوە ئەنجام بدرێـت، لـە وەڵامـی ئـەو ئاگاداریـەی كـە پێشـوو نێـردراوە، نـووسراو لـە والـی داهاتـووی موسـڵ جەنابـی نـازم بـەگ ئەفەنـدی وەرگیـراوە، دەبـێ لەگـەڵ لێكۆڵینەوەكـە ئەنجامەكـە رابگەیەندرێـت، نـووسراو بـۆ والـی پێشـووی موسـڵ جەنابـی بـەگ ئەفەنـدی كـراوە، ئـەو وەڵامـەی وەردەگیرێـت، رادەگەیەندرێـت، بـەڵام ئـەو كارە سـەرپێچیانەی كـە راگەیەنـدراوە خـودی كەسـەكە لـە بینباشـیەكانی رەدیفـە، بـۆ ئـەوەی لـە كاتـی جێبەجـێ كردنـی لێكۆڵینەوەكـە تووشـی كێشـە نەبنـەوە و گرفـت روو نـەدات، پێویسـتە واڵای سـەر عەسـكەر ئـاگاداری بداتە پەیوەندیـداران، هەروەهـا بـە تێروانیـن لـە ئـاگاداری پێشـوو بەپەلـە كارەكـە ئەنجـام بدرێـت و رابگەیەندرێـت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001724.129290</td><td>11 جەمادی کۆتایی 1319</td></tr>
<tr><td colspan="3">١١ جەمادی کۆتایی ٣١٩<br>١١ ئەيلوول ٣١٧<br>بۆ لایەنی واڵای سەرعەسکەریمان<br>لەسەر ئەو هەواڵ و بارودۆخەی یەحیا ئەفەندی رەدیفی بینباشی قەزای زاخۆ باس کراوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی لە قەزای ناوهاتوو قوماندانی نیزامیەی موسڵ میری لیوا فائیق پاشا لەگەڵ مەکتوپچی ویلایەت ئیلیاس سامی ئەفەندی و لە ویلایەتی موسڵ کاغەزی لێکۆڵینەوە بۆ لایەنی سەر عەسکەر نێردراوە، جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>






| BEO. | 001764.132262 | 3 ڕەمەزان 1319 |
| --- | --- | --- |

- ٣ ڕەمەزان ٣١٩
١ كانوونی یەكەم ٣١٧
نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و دادی جەلیلە
لـە قەزایەكانـی دهـۆك و زاخـۆی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ لەسـەر هەندێـك بابـەت دوژمنایەتـی كەوتۆتـە نێـوان كـوردەكان و هـۆزەكان، ئـەم دوژمنایەتیـە كۆتایـی پـێ هێـنراوە، بـۆ ئـەوەی بارودۆخەكـە بـە تەواوەتـی هێـور بێتـەوە، لەسـەر ئـەوەی مافـی تاكـە كەسـی دەمێنێتـەوە محەمـەد نـور ئەفەنـدی و نـور محەمـەد ئەفەنـدی نەوەكانـی شـێخ نـوری ئەفەنـدی خوالێخۆشـبوو لەگـەڵ بـرادەر و برادەرزادەكانـی عەلـی پاشـا لـە مافـی گشـتی بـوردراون، بـۆ ئاشـت كردنـەوەی نێوانیـان لەسـەر ڕاگەیانـدن و داواكاری ویلایەتـی موسـڵ فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، بـە نـووسراوی تایبەتـی بـاش كیتابەتـی مابەینـی هومایۆنـی ملوكانـەی جەلیلـە ئامـاژەی پێكـراوە و چۆنیەتـی كارەكـە بـۆ نەزارەتـی دادی جەلیلـە نووسراوەتـەوە، هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كـردن و ڕاگەیاندنـی ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی شـاهانە.

- بابی عالی
فەرمانگەی كاروباری ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی پەلەكردن لە مامەڵەكان
ژمارە ٥٥٧٧
بۆ لایەنی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لەبـەر ئـەوەی لێبووردنـی عالیـان دراوەتـێ، بـۆ ڕاگەیاندنـی سـوپاس و پێزانینـی خۆیـان محەمـەد نـوری ئەفەنـدی و نـور محەمـەد ئەفەنـدی نەوەكانـی شـێخ نـوری ئەفەنـدی خوالێخۆشـبوو لەگـەڵ عەلی پاشا ئامـۆژگاری پێویسـتیان پـێ دراوە و دوای ئـەوەی هیـچ سـەرپێچی و كارێكـی نەشـیاویان لـە بەرامبـەر عالـی ئەنجـام نـەداوە، بەڵێننامەیـان داوە و وێنـەی بەڵێننامەكەیـان نـاردووە، بـە گوێـرەی بەراییـەكان، ڕاگەیەنـدراوە نـووسراوی مێـژووی ١٤ كانوونـی یەكـەم ٣١٧ ژمـارە ٤٥ كـە لـە ویلایەتـی موسـڵی بەهیـە وەرگیـراوە لەگـەڵ ووتـەی قۆمیسـیۆنی پەلەكـردن لـە مامەڵـەكان زانیـاری پێشكەشـی جەنابـی سـەدری ئەعزەمـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت كـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٢٥ زیلقەعـدە ٣١٩ و لـە ٢١ شـوبات ٣١٧.
نازری كاروباری ناوەخۆ

هەواڵنامەی کتێب




BEO 001779 133424.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001779.133424 | 24 رەمەزان 1319 |
|---|---|---|

نەزارەتی داد و مەزهەبەکان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
ژمارە ٦٠٦
جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لـە نێـوان کـورد و هۆزەکانـی قـەزای زاخـۆ و دهـۆك دوژمنایەتـی هەبـووە، دوای ئـەوەی بارودۆخەکـە هێـور کراوەتـەوە و خەریکـە ناوەکـە هێوربوونـەوەی گشـتی بەخۆیـەوە دەبینـی، لـە بـارەی محەمـەد نـور ئەفەنـدی و نور محەمـەد ئەفەنـدی لـە نەوەکانـی شـێخ نـوری ئەفەندی خواڵێخۆشـبوو لەگـەڵ عەلی پاشـا و بـرادەر و بـرادەرزاەکان لـە مافـی گشـتی بـوردراون، بـە فەرمانی پاشـای جەنابی پەیوەندیـداری خەلافـەت فەرمانـی ئاشـتکردنەوەی نێوانیان دەرچـووە، لەسـەر نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ١ کانوونـی یەکـەم ٣١٧ و لـە وەڵامـی ئـەو ئاماژەی کـە پێشـووتر نێـردراوە تەلەگرافنامـە لـە داواکاری گشـتی دادگای پێداچوونـەوەی ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە؛ بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت لـە بـارەی نـوری و نـور ئەحمـەد و عەلـی پاشا لەگـەڵ بـرادەر و بـرادەرزادەکان مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێت، لەمانەش شـێخ نوری دەستبەسـەرکراو ئازادکرا، هەروەها بە نەهێشـتنی دوژمنایەتـی نێـوان کـورد و هـۆزەکان بـۆ ئاشـتکردنەوەی نێوانیـان، لـە سـەرۆك هـۆزەکان و گشـت لایـەك ئەوانـەی هاوبەشـی تاوانەکانـن بـە دەستبەسـەرکراو و دەستبەسـەرنەکراو نزیکـەی ٥٥ کـەس لێبووردنی گشـتی دەیانگرێتەوە، ئەمـەش لـە لایەنـی ویلایـەت ڕاگەیەنـدراوە بۆیـە مامەڵـەی پـرس و ڕا ئەنجـام دراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٤ مانگـی ڕەمـەزان ٣١٩ و لـە ٢٢ کانوونـی یەکـەم ٣١٧.
نازری داد




BEO.001818.136314.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001818.136314 | 17 زيلحيجه 1319 |
|---|---|---|


١٧ زيلحيجه ٣١٩
١٤ مارت ٣١٨
بۆ لایەنی عالی نەزارەتی دادی جەلیلە
وەڵامــی نـــووسراوی مێـــژووی ٣ زیلحیجــە ٣١٩ ژمــارە ٧٣٦ ی نـــووسراوی عالیــە: لــە قەزایەکانــی دهــۆك و زاخــۆی ســەر بــە ویلایەتــی موســڵ لــە نێــوان کــوردەکان و هــۆزەکان لەبــەر هەندێــك بابــەت دوژمنایەتــی روویــداوە، بــە کۆتایــی هێنانــی ئــەم دوژمنایەتیــە، بــە گشــتی بارودۆخەکــە هێــور بۆتــەوە، هەروەهــا مافــی تاکــە کەســی ماوەتــەوە، محەمــەد نــوری ئەفەنــدی و نــور محەمــەد ئەفەنــدی لــە نەوەکانــی شــێخ نــوری ئەفەنــدی خوالێخۆشــبوو لەگــەڵ بــرادەر و برادەرزادەکانــی عەلــی پاشــا لــە مافــی گشــتی بــووردراون، بــەڵام لــە بــارەی ئاشــت کردنــەوەی نێوانیــان لەســەر داوا و راگەیاندنــی ویلایەتــی موســڵ لــە مێــژووی ٣ رەمــەزان ٣١٩ جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت بــە فەرمانــی پاشــا ئــاگاداری دراوەتــە نەزارەتــی جەلیلــە.




ŞD.02184.00005.001

هەواڵنامەی پێز


<table>
<tr><td>ŞD.</td><td>02184.00005</td><td>19 رەمەزان 1319</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی بەغداد<br>ژمارە ٧<br>بۆ سەرۆكایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە<br>جەنابی میری میرانی ئەفەندم<br>ئـەو سـزایەی لەسـەر كامـل ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی زاخـۆ و ئەوانـی تـر دراوە، سـەبارەت بـە پەسـەند كردنـی نـووسراوی بـە بریـاری ئـەم بابەتـە، لـە مێـژووی ١٢ تشرینـی دووەم ٣١٧ ژمارە ٧ نـووسراوی پەیوەندیدارانـی سـەرۆكایەتی عالـی رایگەیانـدووە و هاتـووە؛ بـۆ ئاسـان كردنـی كاروبارەكانـی ئـەم بابەتـە كاغەزەكانـی ناوبـراو خراوەتـە سـەر قـەزای زاخـۆ، بۆیـە هاوپێـچ كـراوە و نێردراوەتـە ویلایەتـی موسـڵ، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ١٩ رەمـەزان ٣١٩ و لـە ١٧ كانوونـی یەكـەم ٣١٧.<br>مۆری نامق والی بەغداد</td></tr>
</table>


DH.MKT.02540.00020.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 02540.00020 | 22 جەمادی کۆتایی 1319 |


قەڵەمی تۆماری ناوەخۆ
٢٢ جەمادی کۆتایی ٣١٩
٢٢ ئەیلوول ٣١٧
بۆ نەزارەتی دەفتەرخاقانی جەلیلە و لایەنی واڵای جەنابی سەر عەسکەریمان
قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای زاخـۆ گەیشـتۆتە حاڵەتـی رووخـان و پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە، خەرجـی نۆژەنکردنـەوەی ٣٨ هـەزار و ٢ قـوروش، وێنـەی رێکخسـتنی لـە ویلایەتـی موسڵ پرسـیار کـراوە، ئـەو هەواڵـەی لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو نێـردراوە، دەرکەوتـووە بـە گوێـرەی کۆڵکـەی یاسـای بودجـە هـەر فەرمانگەیـەك خەرجـی خـۆی لـە دەرماڵـەی خـۆی رێـك دەخـات و جێبەجـێ دەکات، جگـە لەمـە ئـەو شـوێنەی کـە فەرمانبەرانـی دارایی و فەرمانبەرانـی تاپـۆی دەفتەرخاقانـی و ئەندامـی ژاندارمـەی سەرعەسـکەر لێـی نیشـتەجێ دەبن، لە کاتی دەرخسـتە پێویسـتە بـۆ فەرمانبەرانـی دارایـی و تاپـۆ ٥٩٠٠ و بـۆ دەفتەرخاقانـی ٢٣٥٠ و بـۆ سەرعەسـکەر ٥٨٥٤ قـوروش خەرج بکرێـت، بـەم تێروانینـە وێنەی رێکخسـتنی برە پارەی باسـکراو بە ووتەی ژمێریاریش پرسـیار کـراوە و نـووسراو کراوە.



DH.MKT.02547.00038.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02547.00038 | 9 رەجەب 1319 |
|---|---|---|
| ٩ رەجەب ٣١٩<br>٨ تشرینی یەکەم ٣١٧<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>کامل ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای زاخۆ لە یەکەم دادگایی کردنیدا لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بریار لەسەر بێتاوانی دراوە، بە ناوی مافی گشتی بە پێویست دانەنراوە جارێکی تر دادگایی بکرێتەوە، بەڵام لە یاریدەدەری گشتی ئیستینافی شورای دەوڵەت بە وردبینی کردنەکەی خەریکە بچووکی دەکەنەوە، نووسراوی بە بریاری سەر بە بریاری باسکراو لەگەڵ کاغەزی داواکاریەکە نێردراوە، نووسراوی ویلایەتی موسڵی عالیە لە مێژووی ٢٤ ئۆغستۆس ٣١٧ ژمارە ٧٢ لەگەڵ بەراییەکان پێشکەشی پەیوەندیدارانی وەکالەت کراوە، بۆ ئەوەی وردبینی بۆ بکرێت دەنێردرێتە شورای ناوهاتوو. | | |





DH.MKT.02558.00019.001

هەواڵنامەی کێتێ


| DH.MKT. | 02558.00019 | 7 شەعبان 1319 |
|---|---|---|

٧ شەعبان ٣١٩
٥ تشرینی دووەم ٣١٧
بۆ پایەی سەدارەتی پایەبەرز لە وەکالەتی جەلیلە
مێژووی ٩ تشرینی یەکەم ٣١٧ ژمارە ٢٢٨٥ وەڵامی نووسراوی سەدری ئەعزەم لە پایەی سەدارەتی پایەبەرز هاتووە، لە چینی یەکەم عەزیز ئەفەندی قائیمقامی رواندز بەهۆی کارە خراپ و جموجۆڵەکانی، بە پێویست زانراوە لە کارەکەی دوور بخرێتەوە، کەسێکیش نییە لە چینی یەکەم و دووەم داوای ئەم ئەرکە بکات، بۆیە لە شوێن ناوبراو لە چینی دووەم محەمەد شەریف قائیمقامی زاخۆ لەبەر کێشەی جەستەیی داوای کردووە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە، بۆیە بگوازرێتەوە قائیمقامی رواندز و لە شوێن ئەویش لە چینی سێیەم حوسین سەفوەت بەگ قائیمقامی پێشووی قەرەپیکار دادەمەزرێت، کە نۆرەی هەڵبژاردنیشی هاتووە، هەروەها کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی سەفوەت بەگ هاوپێچ پێشکەش کراوە و نووسراو کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە ئەمر و فەرمان.



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02581.00052</td><td>18 شەوال 1319</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٨ شەوال ٣١٩<br>١٥ كانوونی دووەم ٣١٧<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ١ كانوونی یەكەم ٣١٧ ژمارە ٢٨٠٨ سـەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سـەدارەتە، لەبەر ئەوەی كەسـێك نییـە لـە چینی دووەم ئـارەزووی ئەوەی هەبێت لە قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ، كە لە چینـی دووەمە دابمەزرێت، بۆیـە لـە چینـی سـێیەم عەلی غالـب ئەفەندی قائیمقامی پێشـووی وارتـۆ نـۆرەی هەڵبژاردنی هاتـووە، بـۆ دامەزراندنی كاغـەزی وەرگێـردراوی زانیـاری كەسـێتی پێشـكەش كـراوە، بـۆ جێبەجـێ كردنـی پێویسـتی بـە یارمەتی جەنابـی عالیە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02587.00101.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.MKT.</th><th>02587.00101</th><th>4 زیلقەعدە 1319</th></tr>
<tr><td colspan="3">٤ زیلقەعدە ١٣١٩<br>٣٠ کانوونی دووەم ١٣١٧<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>تـا لـە قـەزای زاخـۆ دووبـارە قۆناغـی حکوومـەت دروسـت دەکرێتـەوە، لـە جیاتـی ئـەو خانەیـەك بە کـرێ بگیرێت، هەروەهـا لـە کۆتایی ئەم سـاڵەدا دیارە چی روو دەدات، لە جیاتی ئـەوەی چاوەڕێی خەرجیەکەی بکرێت، ڕەزامەندی بدرێـت بـە خـەرج کردنـی ٤٠٠٠ قـوروش بـۆ ئـەو ژوورانـەی کـە زۆر پێویسـتیان بـە نـۆژەن کردنەوەیـە، لـە وەڵام تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ١٢ تشرینـی دووەم ٣١٧ دەرچـووە و بـۆ واڵا نێـردراوە، بـەڵام لە بـارەی قۆناغی حکوومەتی ناوهاتـوو کـە سـەر لە نوێ دروسـت دەکرێتـەوە، مامەڵەکە لەبەر دەسـتە لە مێـژووی ٤ تشرینی یەکـەم ٣١٧ ئاماژەی پێکـراوە، بـە جێبەجـێ کردنـی نـۆژەن کردنەوەی باسـکراو لە بەرامبەر بـڕە پارەی باسـکراو ئەو مووچـە و خەرجیانەی کـە لـە موازەنـەی ئـەم سـاڵەی ویلایەتـدا تۆمـار کراوە ڕێـك دەخرێـت، لەگەڵ بـڕی مـاوەی خەرجـی نۆژەنکردنەوەی گشـتی ٣٤٠٠٠ قـوروش، بـڕی بەرامبـەر بەپەلـە ئامـاژەی پـێ بکرێـت، لەگـەڵ ووتـەی ژمێریـاری دووبـارە کراوەتـەوە.</td></tr>
</table>

| DH.TMIK.M. | 00115.00049 | 9 موحەررەم 1320 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٧٩٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لـە نێـوان کـوردەكان و هۆزەكانـی قـەزای دهـۆك و زاخـۆ کـە سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵن لەسـەر هەندێـك بابەتـدا دوژمنایەتـی لـە نێوانیـان دروسـت بـووە، ئـەم دوژمنایەتیـە کۆتایـی پـێ هێـنراوە، لـەم شـوێنانەی کـە ناویـان هاتـووە ئامـادەکاری و پشـووی گشـتی تـەواو بـووە، هەروەهـا داواكاریەكانـی مافـی کەسـێتی هێشـتا ماوەتـەوە، لـە نەوەكانـی شـێخ نـوری خوالێخۆشـبوو، محەمـەد نـور ئەفەنـدی و نـور محەمـەد ئەفەنـدی و عەلـی پاشـا لەگـەڵ بـرادەر و بـرادەر زادەكانـی لـە مافـی گشـتی بـووردراون و بـۆ ئاشـت کردنـەوەی نێوانیـان لـە ویلایەتـی موسـڵ داواكاری و راگەیەنـدراو دەرچـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە و لـە بـاش کیتابەتـی جەلیلـەی مابەینـی هومایۆنـی ملوكانـە بـە نـووسراوی تایبەتـی ئامـاژەی پێکـراوە، چۆنیەتیشـی لـە نەزارەتـی دادی جەلیلـە نووسراوەتـەوە، بـە ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی شـاهانە جێبەجـێ بکرێـت، بـۆ هیممـەت کـردن لـە جێبەجـێ کـردن و راگەیاندنیشـی نـووسراوی نـووسراوە ژمارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەندم.

لە ٣ رەمەزان ٣١٩ و لە ١ کانوونی دووەم ٣١٧
سەدری ئەعزەم


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٥٥٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لەسـەر جموجۆڵـی پێشـووی شـێخ محەمەد نوری و شـێخ عالی ئەفەنـدی زادە محەمـەد رەئوف لەگـەڵ هاورێکانیان ئـازاد کـراون، بـە کەفالـەت ئـازاد دەکرێـن، لـە بارەیانـەوە لـە مێـژووی ٢٦ تەممـوز ٣١٦ ئـاگاداری دەرچـووە، بریـاری دوورخسـتنەوەیان بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، بـەڵام ئاخـۆ ئـەو رووداوەی کـە لەلایـەن ناوبراوانـەوە لـە مێـژووی ٢٤ تەممـوز ٣١٦ کـە لـە ناوچـەی گـۆك تەپـەی سـانجەقی سـلێمانی روویـدا دەگرێتـەوە یاخـود ناگرێتـەوە ئـەوا لە نووسراوی مێژووی ٢٨ زیلحیجـە ٣١٩ ژمارە ٤٦ی نەزارەتی دادی جەلیلە پرسـیار کـراوە، لەگـەڵ گفتوگـۆی ویلایەت ئـەو وەڵامەی کـە وەردەگیرێت خوێندنەوەی عالـی رادەگەیەندرێـت و بەرایيەكان دەنێردرێتـەوە، نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەندم، لـە ٩ موحـەررەم ٣٢٠ و لە ١٥ نیسـان ٣١٨.
سەدری ئەعزەم




DH.TMIK.M.00115.00049.002

هەواڵنامەی کتێب




DH.TMIK.M.00115.00049.010



DH.MKT.00495.00053.004


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00495.00053</td><td>7 ڕەجەب 1320</td></tr>
<tr><td colspan="3">٧ ڕەجەب ٣٢٠<br>٢٦ ئەیلوول ٣١٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>خورشـید بـەگ لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ دامـەزراوە، لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی لـە ئەرکەکـەی بـە گوێـرەی تۆمـار مانگانـە ١٥٧٥ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن کـراوە، جێبەجـێ کردنـی کارەکـەی و سـەبارەت بـە مووچـەی دوورخـراوان لەگـەڵ ٧٤٢ قـوروش وەسـتێنراوی هەیـە، لـەم بارەیـەوە یاسـای نیـزام جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا لەگـەڵ دەسـتبەکاربوونی لـە ئەرکەکـەی، مێـژووی دەسـت لـە کارکێشـانەوەی هاوئەرکەکـەی رابگەیەندرێـت، جگـە لـە ٦٪ خەرجـی ڕێـگای هەیـە، کـە لـە ١١٤٩ قـوروش پێـك دێـت لەمـەش ٥٪ بـۆ سـندوقی ئاسـانکاری بابـی عالـی دەروات، خەرجـی ڕێگاکەشـی لـە موازەنـە تۆمـار کـراوە و ڕێکخـراوە دوای وەرگرتنـی لـە خشـتەی خەرجـی بنووسرێتـەوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری پەلـە کـراوە لـە راگەیاندنـی.</td></tr>
</table>



DH.MKT.00560.00062.001

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00560.00062</td><td>27 رەبیعی كۆتایی 1320</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٤٩١<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ژمـارە ٤٧٠ و مێـژووی ١٥ تەممـوز ٣١٨ پێشـكەش كـراوە هاوپێچـی نـووسراوی بەندەمانـە، لـە نێـوان جەزیـرە و زاخـۆ تێلـی دووەم شـكاوە و چەنـد ڕۆژە وەكـو خۆیەتـی، لەبـارەی هـۆكاری دروسـت بـوون و بـەردەوام بوونـی لـە بەڕێوەبەرایەتـی تەلەگرافـی جەزیـرە دوو پارچـە تەلەگرافنامـە دەرچووە و لەم بارەیەوە لەسـەر ئـەو بەدواداچوونەی كـراوە، بـۆ وەڵامـی ئـەو ئاگاداریـەی كـە لـە ویلایەتـی دیاربەكـری عالیـە دراوەتـە موتەسـەرفیەتی ماردیـن و قائیمقامیەتـی جەزیـرە، تەلەگرافنامـەكان لـە بـاش مودیرەتـی دیاربەكـر نێـردراوە و دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، وێنەكانیـان پێشـكەشـی جەنابـی پاشـای پەیوەندیدارانـی سـەدارەت كـراوە، بـۆ ئـەوەی هێڵـەكان و ناردنـی هـەواڵ سـەلامەت و پارێـزراو بێـت، لەسـەر ووتـەی نەزارەتـی ئەنجوومەنـی كارگێـری داوا دەكرێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٢٧ ڕەبیعـی كۆتایـی ٣٢٠ و لـە ٢٠ تەممـوز ٣١٨.<br>حەسەن نازری پۆستە و تەلەگراف</td></tr>
</table>




DH.MKT.00563.00073.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00563.00073 | 17 جەمادی كۆتایی 1320 |
| --- | --- | --- |


١٧ جەمادی كۆتایی ٣٢٠
٨ ئۆغستۆس ٣١٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
رابردوو لە ١ی مایسی فەرەنج لە هۆزی دۆسكی پیاوەكانی محەمەد ئیسماعیل دوعالی كە لە ٨ كەس پێك هاتبوون، لە قەزای دهۆك لە ماریەعقوب، رەهبان دومنیك لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیدا بووە، لە دیوار خۆیان فڕێ داوەتە خوارەوە، جلوبەرگیان دزیوە، هەروەها محەمەد یاسین لە سەرۆكەكانی هۆزی ناوهاتووە، ئەم كاتە لە میوانخانە بووە، بە زۆری نیوەی كەلوپەلە دزراوەكانی لە ناوبراوان گەراندۆتەوە، هەروەها بۆ ئەم كەلوپەلانەی كە وەرنەگیراوەتەوە لە ویلایەت ناوبراو قەرەبووبكرێتەوە، بۆ دەستگیركردنی تاوانبارانیش چەند پۆلیسی پاراستن نێردراوە، بەڵام ئەمانە بێ ئەوەی محەمەد ئیسماعیل دوعالی دەستگیر بكەن گەراونەتەوە، بەم شێوەیە ناوبراو بێ سزا ماوەتەوە، لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا گفتوگۆی لەسەر كراوە، لە نووسراوی مێژووی ٤ ئۆغستۆس ٣١٨ ژمارە ٥٠٢ ی نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە وەرگیراوە تێدا نووسراوە كارەكە جێبەجێ بكرێت، دوای لێكۆڵینەوە مامەڵەی یاسایی لەگەڵ بوێری كەران بكرێت، بەپەلە ئەنجامەكەی رابگەیەندرێت، فەرمان دراوە هیممەت بكرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00619.00010 | 28 شەعبان 1320 |
|---|---|---|

۲۸ شەعبان ۳۲۰
۱٦ تشرینی دووەم ۳۱۸
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
ڕەزامەنـدی وەرنەگیـراوە، کەچـی لەگـەڵ فەرمانبـەری ناسـنامەی قـەزای دهـۆك گۆڕینـەوەی پـێ کـراوە، لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ کەشـوهەوای و چەندیـن شـتی تـری ئـەوێ ناگونجێـت، بۆیـە داوای کـردووە بگەڕێتەوە سـەر کارە پێشـووەکەی خـۆی، لەلایـەن فەرمانبـەری ناسـنامەی قـەزای سـنجار عەبدولقـادر ئەفەنـدی داواکاری نێـردراوە، لەگـەڵ داواکاریەکـە هاوپێـچ بـۆ واڵا نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە و زانیـاری خۆچێـی، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت و ڕابگەیەندرێـت.



DH.MKT 00629.00031.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT . | 00629.00031 | 9 شەوال 1320 |
| --- | --- | --- |
| ٩ شەوال ٣٢٠<br>٢٦ كانوونی یەكەم ٣١٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>فەرمانگـەی لێپرسـینەوەی دادگای سـەرەتایی قـەزای زاخـۆ، هەندێـك شـوێنی پێویسـتی بـە نۆژەنكردنـەوە و چاككردنەوەیـە، بۆیـە بـە ئامـاژەی داواكاری گشـتی ئیسـتینافی ویلایـەت پێـش هاتنـی وەرزی زسـتان دەرخسـتەی ٢٣٠٠ قـوروش خەرجـی نۆژەنكردنـەوەی دابیـن كـراوە، بـۆ جێبەجـێ كردنـی كارەكـە لـە نەزارەتـی دادی جەلیلـە نـووسراوی مێـژووی ٥ تشرینـی دووەم ٣١٨ ژمـارە ٢٧٦ هاتـووە و تێـدا ئامـاژەی پێكـراوە، هەروەهـا لـە موازەنـەی ئـەم سـاڵەی ویلایـەت نۆژەنكردنەوەكـە رێكخـراوە، وەكـو سـاڵانە ١٧١٨٦ قـوروش تۆمـار كـراوە، هەروەهـا بـۆ داواكردنـی خەرجكردنـی بـرە پـارەی ناوهاتـوو لـە ویلایـەت مۆڵـەت دراوە لـە خـەرج كردنـی، لـە بـارەی جێبەجـێ كردنـی ئـەم كارە بـە ووتـەی ژمێریـاری بـۆ راگەیاندنـی پەلـە كـراوە. | | |



DH.MKT.00661.00014.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00661.00014</td><td>2 زیلحیجه 1320</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢ زیلحیجه ٣٢٠<br>١٣ شوبات ٣١٨<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>مـاوەی رابـردوو لەلایـەن چەتەكانـەوە پۆستەكەی تووشـی هێـرش بۆتـەوە و بـەڵام بـە سـەلامەتی پۆسـتەكەی لـە دەسـتیان رزگار كـردووە، لەبـەر ئـەوەی خزمەتی باشـی یوسـف پاشـا خانەدانی زاخۆ بینراوە، لە پلەی سـێیەم نیشـانی مەجیـدی پـێ بدرێـت، ئەمجـارە لە ویلایەتی موسـڵی بەهیە لە مێـژووی ١٥ كانوونـی دووەم ٣١٨ ژمـارە ١٤٢ نووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵی بەهیـە وەرگیـراوە، هاوپێـچ پێشكەشـی جەنابـی عالـی لـە پەیوەندیدارانـی سـەدارەت كـراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 01401.000010 | 16 جەمادی یەکەم 1320 |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
١١٤٣
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
ئەمجـارە لـە ویلایەتـی موسـڵ بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ، خورشـید بـەگ قائیمقامـی پێشـووی قـەزای بەیتولشـەباب دادەمەزرێـت، نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە و بریارنامـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە کـە دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی زانیـاری کەسـێتی بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا، لـە ١٦ جەمـادی یەکـەم ٣٢٠ لـە ٧ ئۆغسـتۆس ٣١٨.
سەدری ئەعزەم



BEO.001860.139471.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001860.139471</td><td>26 سەفەر 1320</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٦ سەفەر ٣٢٠<br>٢١ مایس ٣١٨<br>نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە ویلایەتـی یەمـەن، بـە دوورخسـتنەوەی وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زەیدیە لـە کارەکەی، لە شـوێن ئـەو کامیـل ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی زاخـۆ دادەمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی دەوڵەت لـە مێژووی ١٧ موحـەررەم ٣٢٠ ژمـارە ٨٧٦ و بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، دوای مۆڵـەت لـە مێـژووی ٢٤ سـەفەر ٣٢٠ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>





BEO.001914.143478.001

هەواڵنامەی کتێب


| 1 جەمادی كۆتایی 1320 | 001914.143478 | **BEO.** |
|---|---|---|

١ جەمادی كۆتایی ١٣٢٠
٢١ ئۆغستۆس ١٣١٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
نووسراو
خورشـید بەگ قائیمقامی پێشووی قەزای بیتولشـەباب بۆ قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نووسراوی مێژووی ٢٥ موحەررەم ١٣٢٠ ژمارە ١٠٩٨، لەگەڵ بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولكیە لە مێژووی ٢٥ جەمادی یەكـەم ١٣٢٠ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، هیممـەت بكرێت لە جێبەجـێ كردنی.



DH.ŞFR.00320.00039.001

| DH.ŞFR. | 00320.00039 | 27 شەوال 1321 |
|---|---|---|
| تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە ویلایەتـی وان، لـە گونـدی كـروری سـەر بـە قـەزای بـاش قەلعـە، دانیشـتوانی ئـەم گونـدە كـە لـە هـۆزی كوبانـن، هێرشـیان كردۆتـە سـەر گونـدی بللـوی كرسـتیانی سـەر بـە قـەزای زاخـۆ، پارەوپـول و مەروماڵاتـی دانیشـتوانی كلیسـایان تـاڵان كـردووە و گوندەكەیـان سـووتاندووە، ٤ پیاویـان كوشـتووە و ٨ كەسـیان برینـدار كـردووە، لـە قـەزای زاخـۆ راگەیەنـدراوە تاوەكـو لـە ویلایەتـی وان بەپەلـە ئامـادەكاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، بـۆ ئەمـەش فەرمانـی پێویسـت دراوە و راگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە ٣ كانوونـی دووەم ٣١٩.<br>نوری والی موسڵ | | |




DH.MKT.00684.00052.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00684.00052 | 14 موحەررەم 1321 |
|---|---|---|

١٤ موحەررەم ٣٢١
٣٠ مارت ٣١٩
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

خالـد ئەفەنـدی كاتبـی باجـی پێشـووی دیـرە حەریـر بـە نـوسراوی مێـژووی ٢٠ شـوبات ٣١٨ ژمـارە ١٦٩ لـە تۆمـاری نووسراوەكانـی قـەزای زاخـۆ دامـەزراوە، ناوبـراو لـە مێـژووی دەسـت بـە كار بوونـی لـە ئەركەكـەی لـە سـاڵی ٣١٨ كانوونـی دووەمـی ڕۆژی ٩دا مانگانـە ٢٧٤ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن كـراوە، لـەوێ نیزامـی یاسـای ئـەو شـتانەی كـە وەسـتێنراوە و جێبەجـێ كردنـی فەرمانـی سـوێندخواردنی هەروەهـا دوای مردنـی عەلـی ئەفەنـدی ئـەو كەسـانەی كـە لـە تۆمـاری باسـكراودا دەسـت بـە كار بوونـە ناوەكانیـان و مێـژووی دامەزراندنیـان و دەسـت لـە كار كێشـانەوەیان بـە پارچەیـەك نامـە بـە ووتـەی ژمێریـاری ڕادەگەیەندرێـت.





DH.MKT.00705.00014.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00705.00014 | 11 سەفەر 1321 |
|---|---|---|

١١ سەفەر ٣٢١
٢٦ نیسان ٣١٩
بۆ نەزارەتی دارستان و کانزا و کشتوکاڵی جەلیلە
چەند ساڵ دەبێت لە دەورووبەری موسڵ لە بەشێك هۆزەکان دەبینرێت کە قەرەجەکانیان لەو ناوچانە کۆبوونەتەوە کە دانەوێڵەیان هەیە، بەڵام ئەو ناوچانەی کە دانەوێڵەیان لێ بێت ئەگەر نەزانن و ئەگەر بشزانن لێی کۆبوونەتەوە، ئەمجارە لە نێو بیابان و چیاییەکاندا بە گشتی قەرەج دەرکەوتوون، هەواڵ هاتووە لەگەڵ مەرکەزی ویلایەت بۆ قەزایەکانی زاخۆ و دهۆك و کەرکووك و هەولێر هاتوون و دەستیان کردووە بە زیان گەیاندن بە کشتوکاڵ، ئەگەرچی هێشتا ئەوانەی دەیانەوێت بچنە ناو زەوی کشتوکاڵیەوە خەریکی کۆکردنەوەیانن، بەڵام مەحاڵە ئەوانەی چوونەتە ناو زەوی کشتوکاڵیەکانەوە زیانیان بەلاوە بنرێت، ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، راگەیەندراوە نووسراو بۆ زانیاریەکان کرا.




DH.MKT 00729.00005.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00729.00005 | 29 رەبیعی یەکەم 1321 |
|---|---|---|


٢٩ رەبیعی یەکەم ٣٢١
١٢ حوزەیران ٣١٩
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لـە نـاو قـەزای زاخـۆ، عەبـدی ئاغـا سـەرۆکی هـۆزی سـندی کلـی بـە دڵسـۆزی کاری کـردووە و بوێـری نیشـان داوە لـە کۆکردنـەوەی داهاتـی میـری، لـە پلـەی چـوارەم بـە نیشـانێکی مەجیـدی ڕێـزی لـێ بگیرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو لـە مێـژووی ١٥ مایـس ٣١٩ ژمـارە ٥٣ لـە ویلایەتـی موسـڵی بەهیـە وەرگیـراوە و پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنـی کارەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ رای جەنابـی عالـی لـە پەیوەندیـداری سـەدارەت.



DH.MKT.00737.00059.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00737.00059</td><td>15 ڕەبیعی یەكەم 1321</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٦٣<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>خورشـید بـەگ قائیمقامـی زاخـۆ بەهـۆی نەخۆشـیەكەیەوە پێویسـتی بە گۆرینـی كەشـوهەوا هەیـە، بۆیـە داوای دوو مانـگ مۆڵەتـی كـردووە تـا بچێتـە وان كـە مەملەكەتـی خۆیەتـی، لـە وەڵامـی راگەیەنـدراو و ئاماژە پێكردنیـەوە لـە مێـژووی ٢٠ نیسـان ٣١٩ تەلەگرافنامـەی پەیوەندیدارانـی نەزارەتـی عالـی هاتـووە، ناوبـراو بـۆی نییـە بچێتـە شـوێنی تـر، بـە نـووسراو ئـاگادار كراوەتـەوە كـە لـە نـاو ویلایـەت ئەگـەر بیەوێـت بچێتـە شـوێنێكی تـر ئـەوا دەبـێ مۆڵـەت وەربگرێـت، ئەمجـارە ناوبـراو بـە هاتنـی بـۆ مەركـەزی ویلایـەت هانـای بـۆ تیماركـردن بـردووە، بـەڵام بـە گوێـرەی ئـەو راپۆرتـەی كـە لـە پشـكێنەری تەندروسـتی ویلایـەت دراوە، راگەیەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، دەردەكەوێـت ئـەو تیـمارەی وەریدەگرێـت لەبـەر كاریگـەری هەرێمـی هیـچ سـوودی لـێ نابینێـت، بەڵكـو لـە مەملەكەتـی خـۆی پێویسـتی بـە گۆرینـی ئاووهەوایـە، خۆشـی لـە پیـری نزیـك دەبێتـەوە، تووشـی دڵتەنگـی بۆتـەوە، شـایەنی بەزەیـی پێهاتنەوەیـە، بۆیـە مـاوەی یـەك دوو مانـگ لـەو قەزایـەی كـە ئەركـی هەیـە دەسـت لـە كار بكێشـێتەوە و سـەبارەت بـە داواكاریەكـەی لەلایـەن پەیوەندیدارانـی نـەزارەت وەڵام بدرێتـەوە ئـەو كاتـە چۆنیەتـی كارەكـە بـە تەلەگرافنامـە ئامـاژەی پـێ دەكرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>لە ١٥ ڕەبیعی یەكەم ٣٢١ و لە ٢٩ مایس ٣١٩<br>مۆری نوری والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.MKT.00825.00011.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 00825.00011 | 8 زیلحیجە 1321 |
|---|---|---|
| ٨ زیلحیجە ٣٢١<br>١٢ شوبات ٣١٩<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>داود حیکمـەت ئەفەنـدی کاتیبی ناسـنامەی زاخۆ کاغەزی وەرگێردراوی کەسـێتی و وێنەی بریارنامەی نێـردراوە، تاوەکو تۆمـار بکرێـت، بـەڵام کاغـەزی تایبەت بـەم بابەتـەدا نەنووسراوەتـەوە، دوای ئەوەی کاغـەزی ناوهاتوو لـە کاغەزەکانی باسکراو تۆمار دەکرێت، دەنێردرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ واڵا نێردراوە، هەروەها ناوبراو کاتی خۆی کە لە مەکتوب نووسـی ویلایـەت کاری کـردووە، ئاماژە کـردن بـە هۆکاری دەسـت لە کارکێشـانەوە و مێـژووی دەسـت بەکاربوونی لە ئەرکـی کاتبـی ناسـنامە، هەروەهـا بـری مووچەکەی لەگەڵ ووتـەی یەکەی تۆماری کەسـێتی پەلە کراوە لـە راگەیاندنی. | | |



هەواڵنامەی کتێب

HR.SYS.01902.00053.001


<table>
<tr><th>HR.SYS.</th><th>01902.00053</th><th>4 موحەڕڕەم 1321</th></tr>
<tr><td colspan="3">لە بابەتی ویلایەتی موسڵ و شێخی دهۆك نور محەمەد ئاسایشی گشتی تێك داوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت لەم کارە بەردەوام بێت، فەرمانی پێویست بدرێت مێژووی ٢٣ شوبات ٩٠٣ ژمارە ١٨ ڕاپۆرتی هاوپێچە.<br><br>وێنەی شفرەی وەرگێردراوی باڵیۆزخانەی فەرەنسا كە لە مێژووی ٢٦ مارت ٩٠٣ ژمارە ٣٣ بۆ نەزارەتی زابیتە نێردراوە. پشت بەستن بە پارچە ڕاپۆرتی بە شیفرەی مێژووی ٢١ شوبات ٩٠٣ ژمارە ١٨، لە بارەی بارودۆخی ویلایەتی موسڵ سەرنجی بابی عالی ڕاكێشاوە، لەم مانگەدا وەكیلی باڵیۆزخانەی فەرەنسا لەگەڵ باڵیۆزخانەكانی تردا ڕایانگەیاندووە كە دانیشتوانی مەسیحی بەتایبەتی مەناستەرەكانی ماریەعقوب لە گوندی ئەلقوش لە حاڵەتێكی ئەندێشە دان، ئەمەش بە باڵیۆزخانە ڕاگەیەندراوە، بۆ ئەوەی شێخی دهۆك نور محەمەد دووبارە ئاسایشی خۆچێی تێك نەدات و ڕێگە نەدرێت بێتەوە مەیدان باڵیۆزخانە فەرمانی یەكجارەكی داوەتە فەرمانبەرانی عوسمانی، لە نەزارەتی دەرەوە دووپاتكراوەتەوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| 7 زیلقەعدە 1321 | 002261.169518 | BEO . |
|---|---|---|

٧ زیلقەعدە ٣٢١
١٢ كانوونی دووەم ٣١٩
بۆ لایەنی والآی سەر عەسكەر
دانیشـتوانی گونـدی گـەرور كـە لـە هـۆزی گویان پێك هاتوون، سـەر بە قـەزای باش قەڵعـەی ویلایەتی وانن، هێرشـیان كردۆتە سـەر گوندی بللوی مەسـیحیەكان، پارەوپول و كەلوپەلی دانیشـتوان و كلیسـایان تاڵان كردۆتەوە و گوندەكەیان سـوتاندووە، جگـە لەمە ٤ پیاویان كوشـتووە و ٨ كەسیشـیان برینـدار كردووە، لە ویلایەتی موسـڵ راگەیەنـدراوە بەپەلە بوێـری كـەران دەسـتگیر بكرێـن و تەمبێ بكرێن، نووسراو لە هێـزی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لە مێـژووی ٦ زیلقەعدە ٣٢١ ژمـارە ٥٧٨٤ وەرگیـراوە، هاوپێـچ بـۆ لایەنـی والآی سـیپاهی نێـردراوە، هەروەهـا لەسـەر ئاماژەكـە پێویسـتە زیـاد لـە خـۆی لێـی ووردبینـەوە، لـەم بابەتـەدا لـە فەرمانگـەی سـەربازی جەلیلـە ئـاگاداری بەپەلـە و یەكجارەكـی دراوەتـە موشـیرەتەكانی لەشـكری چـوارەم و شەشـەمی هومایـۆن، ئەنجامەكـەی رابگەیەندرێـت و نووسراوەكـە بنێردرێتـەوە.





BEO.002273.170425.003

هەواڵنامەی کتێب

| 24 زیلقەعدە 1321 | 002273.170425 | BEO. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٩٠٣
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە

لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ لـە پاشـكۆكانی قـەزای زاخـۆ گونـدی بیلانی كلدانـی لەلایەن هـۆزی غوبـان هێرشـی كراوەتە سـەر و بەشـێكی سـوتێنراوە، لـە كرسـتیانەكان چـواری كـوژراوە و دووانیان ئافرەتن و هەشـت بریندارِیش لـە ناوچوون، هەروەهـا لـە گونـدی ناوهاتـوو لەلایـەن دانیشـتوانەكەوە بەجـێ هێڵـدراوە و ئەمـرۆ لەلایـەن هـۆزی ناوهاتـووەوە داگیركـراوە، ئەگـەر بێتـو بـۆ ئەم دەسـتدرێژی كەرانەیـان دوورنەخرێنەوە ئەوا كرسـتیانەكانی تریش كە لـە گوندەكانیان تووشـی دەسـت درێـژی نەبوونەتـەوە، كاردانەوەیـان دەبێـت، بۆیـە بـە پاراسـتنی مافـی دانیشـتوانی گونـدی ناوهاتوو ئەوانـە و دەورووبـەر هێـور بكرێتەوە و بۆ ئەمنیەت و مانەوەی كرسـتیانەكان ئامـادەكاری باش بكرێت، لە باڵیۆزخانەی فەرەنسـا بـە وێنـەی تایبەتـی باسـكراوە، لـەم بابەتـەدا فەرمانـی پێویسـت بدرێـت و فەرمانـی عالـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەتە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو كەسـەیە كە فەرمانی لە دەسـتە، لە ٢٤ زیلقەعدە ٣٢١ و لە ٢٩ كانوونی دووەم ٣١٩.
نازری دەرەوە........




BEO.002274.170476.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002274.170476 | 27 زیلقەعدە 1321 |
|---|---|---|

قەڵەمی تۆماركردنی سەدارەتی پایەبەرز
٢٧ زیلقەعدە ٣٢١
١ شوبات ٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لەلایـەن هـۆزی كوبـان هێـرش كراوەتـە سـەر گونـدی بیللـوی كلدانـی سـەر بـە قـەزای زاخـۆ، سـوتێنراوە و لـە دانیشتوانەكەشـی ١٢ كـەس لەناوچـوون و دانیشتوانەكەشـی پەرشـوبڵاوبوونەتەوە، ئەمـرۆ گوندەكـە لـە ژێـر داگیـركاری هـۆزی ناوهاتـووە، بـەم راگەیەنـدراوە بـۆ پاراسـتنی كرسـتیانەكان و بەرقـەرار بوونـی ئەمنیەتـی ناوچەكـە بـە شـێوەیەكی تایبەتـی لـە باڵیۆزخانـەی فەرەنسـا باسـكراوە، بـە نەزارەتـی دەرەوەی جەلیلـەش راگەیەنـدراوە، لـە وەڵامـی ئـەو نـووسراوەی كـە پێشـووتر نێـردراوە و تێـدا داوای زانیـاری كـراوە، ئـەوا لـە مێـژووی ٣١ كانوونـی دووەم ٣١٩ تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە، تێـدا هاتـووە كـە بـە رێگـەی هەندێـك هـۆزەوە، هـۆزی ناوهاتـوو و دانیشـتوانی گونـدی ناوهاتـوو نێوانیـان چـاك بكرێتـەوە، بـەڵام لـە سـنووری بەتلیـس و دیاربەكـر و موسـڵ ئـەم هـۆزە نیشـتەجێیە، لەسـەر ئـەو پۆسـتەی كـە نەزارەتـی جەلیلـە ئامـاژەی پـێ كـردووە، بـە پێویسـت زانـراوە ناوچەكـە بپارێزرێـت، بـەم تێروانینـە لەگـەڵ ویلایەتـی ناوهاتـوو بەپەلـە چۆنیەتـی چاودێـری و هـەواڵ گواسـتنەوە ئامـاژەی پـێ بكرێـت و هەرچـی زووە جێبەجـێ بكرێـت و رابگەیەندرێـت، هیممەتیـش بكرێـت لـە ناردنـەوەی بەراییـەكان.





ŞD.02730.00006.001

هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 02730.00006 | 27 سەفەر 1321 |
|---|---|---|


نەزارەتی دەفتەرخاقانی
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٨
بۆ سەرۆكایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ بـە پێویسـت زانـراوە قۆناغـی حكوومەتـی شـارۆچكەی زاخـۆ دروسـت بكرێـت، بـۆ خەرجی دروسـت كردنەكـەی ٢٣٥٠ قـوروش پەیوەسـت بـە ئیـدارەی دەفتەرخاقانـی لـە نـاو موازەنـەی ئـەم سـاڵەدا بـە ڕێگەی شـوێنگرەوە ڕێكخـراوە، چۆنیەتـی كارەكـە لە مێژووی ٢١ نیسـان ٣١٩ ژمـارە ٢٠ نووسراوی پەیوەندیدارانی سـەرۆكایەتی عالـی حەواڵـەی ژمێریـاری كـراوە، بـۆ خەرجـی دروسـت كردنەكـە لـە بودجـەی نەزارەتـی عاجیزانـە لـە بنەرەتـدا بـە بەرامبـەر نییـە، بۆیـە دەكـرێ بـرە پـارەی باسـكراو لـە موازەنـەی ئـەم سـاڵەدا تۆمـار بكرێـت، لـە خەرجـی لا بـەلا كـە پەیوەسـتە بـە ڕۆژانـی خاڵـی ڕێـك بخرێـت و بگوازرێتـەوە، نـووسراو بـۆ سـەدری ئەعـزەم ڕۆیشـتووە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە، لـە ٢٧ سـەفەر ١٣٢١ و لـە ١٢ مایـس ٣١٩.
نازری دەفتەرخاقانی




BEO:004159.311873.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>004159.311873</td><td>16 ڕەبیعی کۆتایی 1321</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢١ ڕەبیعی كۆتایی ٣٣١<br>١٧ مارت ٣٢٩<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>عەلـی نیـازی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ بـۆ قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە گوازراوەتـەوە، زەكـی ئەفەندیـش قائیمقامـی سـەڵاحیە بـۆ قائیمقامیەتـی سـنجار گوازراوەتـەوە، هەروەهـا عاسـم ئەفەنـدی قائیمقامـی سـنجار بـۆ قائیمقامیەتـی زاخـۆ بگوازرێتـەوە، لـەم بارەیەوە نووسراوی ١٣ مارت ٣٢٩ نێردراوە، لیسـتی فەرمانی پاشـاش بـە واژووی همایۆنـی جەنابـی پاشا پەسـەند كـراوە، وێنـەی پەسـەند كـراوی نێـردراوە، هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی.</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00326.00069.001


| 1322 سەفەر 8 | 00326.00069 | **DH.ŞFR.** |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە ٢٢ مارت ٣٢٠ بە گفتوگۆکردن لەگەڵ موتەسەرفیەتی ماردین لە ئێوارەی موشتەری، هۆزی گویان لە ناو ویلایەتی وانە، لەگەڵ قەزایەکانی زاخۆ و ئورفە هەم سنوورە و هەم دانیشتوانەکەی نیشتەجێن و لەگەڵ ئەم ویلایەتە بۆنەی نییە، ئاماژەی پێکراوە و نووسراوی ئەنجامی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت لەم مەرکەزەیە، راگەیەندراوە فەرمان، لە ١١ نیسان ٣٢٠.


محەمەد نازم والی دیاربەکر



DH.ŞFR.00328.00064.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 00328.00064 | 8 رەبیعی یەكەم 1322 |
|---|---|---|
| تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>هاوپێچی تەلەگرافنامەی مێژووی ٤ مایسی ٣٢ی بەندەمانە، هەڵاتنیان ڕاگەیەندراوە و بەشێك لە پەنابەرانیش لە قەزای زاخـۆ دەسـت بەسـەر كـراون، مۆڵـەت دەدرێـت لەو مامەڵەیەی كە لـە بارەیانەوە جێبەجـێ دەبێت، لـە ١٠ مایس ٣٢٠.<br>نوری والی موسڵ | | |




هەواڵنامەی کتێب


DH.ŞFR.00328.00076.001

| DH.ŞFR. | 00328.00076 | 9 ڕەبیعی یەکەم 1322 |
|---|---|---|
| تەلەگرافنامە<br>نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>ئێوارەی موشتەری، لە زاخۆ لە ١ مایس ٣٢٠ کاری سەرپێچی کاران ڕاگەیەندراوە، هەرچی زووە فەرمانی جێبەجێ کردنی مامەڵەی هاوکاری پەنابەر و زوڵم لێکراوان و پەرێشانان ئەنجام بدرێت، تکا دەکرێت فەرمان.<br>لە ١١ مایس ٣٢٠<br>نوری والی موسڵ | | |



DH.ŞFR.00328.00138.001


| DH.ŞFR. | 00328.00138 | 11 رەبیعی یەكەم 1322 |
| --- | --- | --- |
| تەلەگراف نامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ١٣ مایس ٣٢٠<br>لـە قەفقاسـیاوە هاتـووە و لـە زاخـۆ ٥٠ نەفـەر لـە نێـر و مـێ پەنابەری هاووڵاتی روسـی بەجـێ هێشـتووە، هاووڵاتی عوسـمانی هەڵگرتـووە و ئـارەزوو دەكـەن لـە نـاو ویلایەتـی حەلـەب نیشـتەجێ بكرێـن، بـەم راگەیەنـدراوەی قائیمقامیەتـی ناوەخـۆ لـە حاڵەتـی دووبـارە گەڕاندنـەوەی ناوبـراوان بـۆ شـوێنی خۆیـان، بـە تێروانیـن لـەوەی هەموویـان لەناودەچـن، بـە قەبوڵكردنـی هاووڵاتیـەكان و نیشـتەجێ كردنیـان ئـاگاداری پێویسـت دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، فەرمـان و راگەیاندنـی جێبەجـێ كـردن و چۆنیەتـی كارەكـەش دەدرێـت، لـە ١٩ مایس ١٣٢٠.<br>نوری والی موسڵ | | |



هەواڵنامەی کتێب

I.TAL.00335.00070.001

<table>
<tr><td>I.TAL.</td><td>00335.00070</td><td>27 ڕەبیعی یەکەم 1322</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>.... دیوانی هومایۆن<br>٨٩٧<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بەهـۆی کارە باشـەکانی شـایەنی ڕێزگرتنـە، لـە ویلایەتـی موسـڵیش ئامـاژەی پێکـراوە، لـە زاخـۆ حاجـی یوسـف پاشـا لـە پلـەی سـێیەم یـەك پارچـە نیشـانی عوسـمانی پـێ دەدرێـت، بۆیـە جەنابـی پەیوەندیدارانـی خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت، جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی جێبەجـێ کردنـی نـووسراوی بەپەلـە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم، لـە ٢٧ ڕەبیعـی یەکـەم ٣٢٢ و لـە ٣٠ مایـس ٣٢٠.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




DH.MKT 00881.00027.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00881.00027 | 6 جەمادی کۆتایی 1322 |
| --- | --- | --- |


٦ جەمادی کۆتایی ٣٢٢
٥ ئۆغستۆس ٣٢٠
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ٤ تەممـوز ژمـارە ٥٨ ی بەهیەیـە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئەرکـی حـەج کـردن، ئەوانـەی دەچنـە لای حیجـاز، بـە کۆڵکـەی بریارنامـە مووچـەی تـەواو وەردەگـرن و مووچـەی ئـەو وەکیلانـەی کـە لـە شـوێنیان دادەمەزرێـن، پەیوەسـتە بـە موازەنەکانـی فەرمانگـەکان، لـە ڕێکخسـتنی خەرجـی ڕێـگا دابیـن دەکرێـت، لـە مێـژووی ١٣ نیسـان ٣٠٩ عالـی فەرمانـی داوە و ئـاگاداری دراوە، بریـاری فەرمانگـەی تەنزیماتـی شـورای دەوڵـەت جێبەجـێ دەکرێـت، ئەگـەر قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ خورشـید بـەگ بـە چەنـد ڕۆژێـك دەچێتـە حیجـاز و دەگەڕێتـەوە، ئـەوا بـە مۆڵەتـی ئـەم ماوەیـە لەگـەڵ ئـەو مووچەیـەی کـە بـەم ماوەیـە دەدرێتـە وەکیلەکـە پشـت بـە بریـاری باسـکراو دەبەسـترێت، بـە گوێـرەی ئـەم بریـارە مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری پەلەکـراوە لـە ڕاگەیاندنـی.




DH.MKT.00932.00054.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>کۆتایی زیلحیجە 1322</td><td>00932.00054</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٦٧٠<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>هێڵی تەلەگرافی نێوان جەزیرە و زاخۆ هەمیشە تووشی تێکچوون دەبێت و لەلایەن هۆزەکان تێلەکانی دەدزرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی هەواڵ، بە راگەیاندنی باش مودیرەتی دیاربەکر، بۆ پاراستنی هەواڵ و بێ دەنگ نەبوونی، رێگە نەدرێت تووشی شکست بێتەوە، بۆیە ئامادەکاری پێویست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش داواکراوە ئاگاداری بدرێتە ویلایەتی دیاربەکر، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە کۆتایی زیلحیجە ٣٢٢ و لە ٢٤ کانوونی دووەم ٣٢٠.<br>نازری تەلەگراف و پۆستە</td></tr>
</table>



BEO.002382.178608.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 002382.178608 | 9 جەمادی یەکەم 1322 |
|---|---|---|
| ٩ جەمادی یەکەم ٣٢٢<br>١٠ تەمموز ٣٢٠<br>بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی داد و مەزهەبەکانی جەلیلە و نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>نـووسراوی راگەیەنـدراو وێنەکانـی لـە باڵا نووسراوەتـەوە و برەکەی لە پەراوێزی فەرمانی پاشـای جەنابـی پەیوەندیداری خەلافـەت نووسراوەتـەوە، هەروەها فەرمانی سـەروو پەسـەند کراوە و هاوپێچ بـۆ نەزارەتی داد و مەزهەبەکانی جەلیلە نێـردراوە، جگـە لەمـە هـەواڵ دراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلە کـە هیممەت بکرێت لـە جێبەجێ کردنـی کارەکە.<br><br>تایبەتە بە نۆژەنکردنەوەی کلیسای کۆمەڵەی کلدانیەکانی قەزای زاخۆ. | | |




DH.TMIK.M.00195.00016.003

| 28 موحەررەم 1323 | 00195.00016 | **DH.TMIK.M.** |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمارکردن
لە ویلایەتی بەتلیس تەلەگرافنامەی بە شیفرە هاتووە
لـە رۆژانـی رابـردوو مسـتەر مقداویلـی ئەمەریکایـی لەسـەر داوای ویلایەتـی وان، چۆتـە بەتلیـس و سـەعرد و جەزیـرە دواتریش چۆتـە موسـڵ، ئەمجـارە بـە رێـگای زاخـۆ و جەزیـرە چۆتـە سـەعرد و لەوێشـەوە گەراوەتـەوە بتلیـس، هەروەهـا دوێنـێ جولـەی کـردووە و دەیەوێـت بچێتـە وان، جگـە لەمـە ژاندارمـە هاوەڵیەتـی، لـە ویلایەتـی وان زانیـاری دراوە، راگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە ٢٢ مـارت ٣٢١.
فەرید والی بەتلیس




DH.TMIK.M.00212.00021.001

هەواڵنامەی کێژ


<table>
<tr><td>DH.TMIK.M .</td><td>00212.00021</td><td>12 شەوال 1323</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمار<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرەیە کە لە ویلایەتی بەتلیس هاتووە<br>لە لایەنی روسـیا و ئێران سـوراوەتەوە، چۆتە وان لەوێشـەوە چۆتە قەزایەکانی زاخۆ و جەزیرە، بە ئاماژەی وان هاتۆتە سـەعرد، پرۆفیسۆر بندکشی دانیمارکی دەیەوێت بچێتە ئەسکەندەرۆنە، بۆیە چۆتە دیاربەکر، گەشتەکەی بە مەبەستی فێربوونی زمانی کـوردی و بینینی هەندێك شـوێن ئەنجام داوە، بە راگەیاندنی لەسـەر ئاماژەی موتەسـەرفیەتی سـەعرد راگەیەنـدراوە فەرمان.<br>لە٢٧ تشرینی دووەم ٣٢١<br>فەرید والی</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.00999.00043.001

| DH.MKT. | 00999.00043 | 13 جەمادی کۆتایی 1323 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە<br>ژمارە ٣٨٤<br>خورشـید بەگ قائیمقامی زاخۆی سـەر بە ویلایەتی موسـڵ، داوای جێبەجێ کردنی مامەڵەی خانەنشـینیەکەی کردووە، مامەڵەکەشـی لـە نەزارەتـی سـندوقی خانەنشـینی مولکیـەی عالیـە، لـە بـەر ئـەوەی ویلایـەت بـە پێویسـتی زانیـوە، بۆیـە لـە مێـژووی ٢٤ تەممـوز ٣٢١ لـە قائیمقامیەتی قـەزای ناوهاتوو جیابۆتـەوە، زانیـاری دراوەتە نەزارەتـی ناوهاتوو، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لە ١٣ جەمـادی کۆتایـی ٣٢٣ لە ١ ئۆغسـتۆس ٣٢١.<br>مۆری بەرێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران | | |





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002566.192419 | 27 سەفەر 1323 |
|---|---|---|

٢٧ سەفەر ٣٢٣
١٨ نیسان ٣٢١
بۆ نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولكیەی بەهیە
نووسراوەكانی راگەیەندراو وێنەكانیان لە باڵا نوسراوەتەوە، هەروەها جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ئەو برەیەی كە لە پەراوێزی نووسراوەتەوە، لە نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولكیەی بەهیە هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی كارەكە.

خورشید ئەفەندی قائیمقامی پێشووی بیتولشەباب لە قائیمقامیەتی زاخۆ دادەمەزرێت، تا مێژووی دەست بە كار بوونی بە پێویست زانراوە مووچەی دوورخراوانی پێ بدرێت، ئەم پارەیەش لە پاشماوەی داهاتی ساڵانی پێشوو دابین بكرێت.




BEO.002637.197743.001

هەوانامەی کتێب

| BEO. | 002637.197743 | 1 جەمادی کۆتایی 1323 |
|---|---|---|

١ جەمادی کۆتایی ٣٢٣
٢١ تەمموز ٣٢١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
نـوری بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـنجار مامەڵـەی خانەنشـینیەکەی لـە جێبەجـێ کـردن دایـە، بۆیـە دووردەخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو ئاسـف ئەفەنـدی وەکیلـی قائیمقامـی قـەزای عەقـرە دادەمەزرێـت، هەروەهـا خورشـید بـەگ قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ داوای کـردووە خانەنشـین بکرێـت، بۆیـە لـە شـوێن ئـەو نیهـاد ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی مەسـلانە دادەمەزرێـت، لـەم بارەیـەوە لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ٢٩ مایـس ٣٢١ ژمـارە ١٤١٥ و بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، لـە مێـژووی ٢٩ جەمـادی یەکـەم ٣٢٣ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.




BEO.02743.205721.003

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002743.205721 | 19 زیلقەعدە 1323 |
|---|---|---|


فەرمانگەی گشتی ئەركانی جەنگی
یەكەی چوارەم
٢٥٦١
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لـە لایـەن وان و هـەكاری ئـەو كرسـتیانانەی بوونەتـە ئیسـلام و بە زمانی كلدانی قسـە دەكـەن، زیاتر لـە ١٠٠٠٠ خانە هاتوونەتـە لای قەزایەكانـی زاخـۆ و دهـۆك و عەمادیـە و گشـت لایەكـی ویلایەتـی موسـڵ، ماوەی مانگێكیشـە بەفر و بـاران و سـەرمایەكی زۆر رووی لـە ناوچەكـە كـردووە، ئـەم دانیشـتوانانە بەم هۆیـەوە لەناوەدەچن، لەسـەر ئاگاداری قائیمقامـی دهـۆك لـە بـارەی چۆنیەتـی لێكۆڵینـەوە و راگەیاندنـی بـۆ قوماندانیەتـی موسـڵ نوسراوەتـەوە، لـەو تەلەگرافنامەیـەی كە لە قوماندانیەتی لەشـكری شەشـەمی هومایۆن هاتووە، تێدا ئاماژەی پێكـراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەو كەسـەیە كە فەرمانی بەدەسـتەوەیە، لە ١٩ زیلقەعـدە ١٣٢٣ و لە ١ كانوونـی دووەم ١٣٢١.
رزا سەر عەسكەر




BEO.003094.231994.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>003094.231994</td><td>21 حوزەیران 1323</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز<br>قەڵەمی تۆمار<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی دیاربەکر هاتووە<br>عوسـمان ئەفەنـدی سـەرۆکی پێشـووی شـارەوانی لەگـەڵ عەبدولکەریـم ناکۆکـی و رکابەری هەبـووە، لەبـەر ئەوەی ناوبراو ئەو سـەرپێچی و ئاژاوەیەی ئەنجامی دەدات لە جەزیرە جێگای نابێتەوە، بۆیە لەگەڵ هاوبەشـە توندرەوەکەی بەیەکـەوە چوونەتـە زاخـۆ، ناوبـراو لـەوێ لەگـەڵ ئاغای زاخـۆ رێککەوتوون هێـرش دەکەنە سـەر کاروانـەکان و کاری چەتـەی ئەنجـام دەدەن، بـۆ ئـەوەی رێگـە لەم کارانەیـان بگیرێت، بـە گرنگیەوە نـووسراو لە موتەسـەرفیەتی ماردین نووسراوەتـەوە، کـە لێکۆڵینـەوە لە ناوبراو و هاوکارانی بکرێت و رێگە نەدرێت کاری چەتەی ئەنجام بدەن، بۆ ئەمەش فەرمانـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت بـە ویلایەتـی موسـڵ رابگەیەندرێـت، تکا کـراوە فەرمان، لـە ٢١ حوزەیـران ٣٢٣.<br>فەهمی والی دیاربەکر</td></tr>
</table>




I.TKS.00017.00045.001

هەواڵنامەی کتێب

| I.TKS. | 00017.00045 | 6 ڕەبیعی یەکەم 1324 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی<br>
فەرمانگەی سەدارەت<br>
.... دیوانی هومایۆن<br>
٨٠٣<br>
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>
پشـت بەسـتن بە كۆڵكەی بڕیارنامەی تایبەتی قائیمقامی پێشـووی قەزای زاخۆ خورشید بەگ مانگانە بە ١١١٩ قوروش مووچە خانەنشین دەكرێت، بۆ ئەم مەبەستە داواكاری فەرمانگەی تەنزیماتی شورای دەوڵەت بەیەكەوە ڕاگەیەندراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـەم ڕاگەیاندنـە نـووسراوی نـوسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆماركـرا ئەفەندم، لـە ٦ ڕەبیعی یەكـەم ٣٢٤ لە ١٧ نیسـان ٣٢٢.<br>
سەدری ئەعززەم




هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00235.00019 | 15 زیلقەعدە 1324 |
|---|---|---|

- بۆ پایەبەرزەكانی سەدارەت


بەهـۆی جۆرەهـا كاری چەتەیـی كـە ئەنجامـی داوە لەلایـەن دەوڵەتـەوە داواكـراوە، ئەمـرۆش چۆتـە لای شـێخی بـارزان لـە زێبـار، عەبدولعەزیـز عەبدوڵلا ئیسـماعیل تاهیـر لەگـەڵ هاوكارەكانـی لـە قـەزای عەمادیـە پێچەوانـەی ویسـتی دەوڵـەت هەڵسـوكەوت دەكـەن و لـە ئەنجامـی رووبەرووبوونـەوە، چـوار مانـگ لەمەوپێـش قەزاكـە لـە ژێـر ئابڵوقـەدا بـووە، یـەك لـە دوای یـەك لـە ژێـر هێـرش كردنـدا بـووە، هەمـوو پارەوپـول و كەلوپەلمـان تـالان كـرا، لـە ئیشـوكار بێبـەش بوویـن و ژیانمـان لـە ژێـر هەرەشـەدایە، قەزاكەمـان بـە تەواوەتـی گەیشـتۆتە حاڵەتـی نەمـان، هـەر بۆیـە تـا ئێسـتا لەگـەڵ ئـەو هەمـوو سـەردانیەمان كەچـی هیـچ شـتێك نەكـراوە، بـە گشـتی تووشـی نائومێـدی بوویـن و كۆچكردنمـان بۆتـە كارێكـی پێویسـت، تـكا دەكەیـن بـۆ ئـەو حاڵەتـە سـەقامگیری ئاسـایش بگەڕێننـەوە و كۆتایـی بـەم حاڵەتـە بهێنـن، یاخـود بـۆ كۆچكردنمـان شـوێنێك بدۆزنـەوە تـا تێیـدا نیشـتەجێ بیـن، دادپـەروەری بـۆ پاشـایە و تـكا دەكەیـن، فەرمـان، لـە ٤ كانوونـی یەكـەم ١٣٢٢.

مودەرسی مەدرەسەی نوێ مەحمود

- ١٨ كانوونی یەكەم ٣٢٢

بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە

بە واژووی مودەریسی مەدرەسەی نوێ مەحمود لەگەڵ ١٣ هاوەڵی لە زاخۆوە بۆ پایەبەرزی سەدارەت لە مێژووی ٤ كانوونی یەكەم ٣٢٢ تەلەگرافنامە دەرچووە، كۆپیەیەكی بردراوە و خوێندنەوەی بۆ كراوە، راستی حاڵەتەكەی بە قۆمیسیۆن ووتراوە.



TÉLÉGRAMME
Le 190
N° d'arrivée
h. m. de
Réexpédié à
Transmis par
h. m. de
Commencé à
Fini à
L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphe
Signature de l'Employé
Signature de l'Employé
De pour
OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
365 125

DH.ŞFR.00365.00125.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 00365.00125 | 29 رەبیعی کۆتایی 1324 |
|---|---|---|

٩ حوزەیران ٣٢٢
تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٣١ مایس ٣٢٢ هاوپێچی تەلەگرافنامەی بەندەمانە، سبەی موسیو پونغ لەگەڵ وەرگێرەكەی بە ڕێگەی زاخۆ-جەزیرە دەچێتە بەتلیس، بۆیە تا سنووری ویلایەت بپارێزرێت، چۆنیەتی كارەكەش بە شیفرە بە ویلایەتەكانی بەتلیس و دیاربەكر و قائیمقامی زاخۆ ڕاگەیەندراوە، فەرمان، لە ٧ حوزەیران ٣٢٢.
مستەفا والی موسڵ



DH.ŞFR.00367.00023.001


<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00367.00023</td><td>25 جەمادی یەکەم 1324</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگراف نامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ٢ تەمموز ٣٢٢ سەرەتا لە بارەی ئەم بابەتە نووسراو هاتووە، لە وەڵام لە مێژووی ١٣ مایس ٣٢٢ تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە، لە ٢٢ مایسی هەمان ساڵ لەگەڵ تەلەگرافنامەی بەندەمان راگەیەندراوە، هێڵەکانی تەلەگراف لە ناو جەزیرە تووشی زیان بوونەتەوە، دیسان لەلایەن هۆزەکانی جەزیرەوە تووشی زیان بوونەتەوە، بۆ رۆژێکیش بێت لە قەزای زاخۆ تووشی زیان نەبووە، لەگەڵ ئەمە بە گوێرەی فەرمانی تەلەگرافەکان دووبارە ئاگاداری دراوەتە قائیمقامیەتی زاخۆ، راگەیەندراوە فەرمان، لە ٤ تەمموز ٣٢٢.<br>مستەفا والی</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00370.00108.001

| 1324 شەعبان 5 | 00370.00108 | DH.ŞFR. |
|---|---|---|

١١ ئەيلوول ٣٢٢
تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
قائیمقامەكانی شـەهربازار و هەولێـر بگوازرێنەوە قەزاكانی ویلایـەت، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی هەولێر قائیمقامی زاخۆ بگوازرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەرچی زووە بە گوێرەی بەرژەوەندی گشتی جێبەجێ بكرێت و رابگەیەندرێت، تكا كرا فەرمان.
١١ ئەيلوول ٣٢٢
مستەفا والی موسڵ




DH.MKT.01028.00068.003

هەواڵنامەی

| DH.MKT. | 01028.00068 | 11 شەعبان 1324 |
|---|---|---|

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٤٢٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
ژمارە ٤٦٢ مێـژووی ١ تشرینـی دووەم ٣٢١ هاوپێچـی نـووسراوی بەندەمانـە، ڕێـگا و پردەكانـی دەورووبـەری زاخـۆ تێكچـووە، نیـو كاتژمێـر دوور لـە زاخـۆ ئاژەڵەكانـی پۆسـتە یەكێـكی كەوتۆتـە ناو ئـاوەوە، ئـەو جانتایانەی پەیوەسـتن بـە بەغـداد و بـەسرا و موسـڵ نموونـە و ئەمانەتەكانـی بـە تەواوەتـی تـەڕ بـووە، لەسـەر ئامـاژەی بەڕێوەبەرایەتـی تەلەگرافـی موسـڵ ئەمجـارە لـە باش مودیرەتی بەغـداد تەلەگرافنامە هاتـووە و نووسراوە، لە نووسراوی پێشكەشـكراو ڕاگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێكـراوە، بـۆ ئـەوەی ڕێـگا و پـردە تێكچـووەكان چـاك بكرێنـەوە و ئاسـانكاری بكرێـت تاوەكـو پۆسـتەكان بـە ئاسـانی بپەڕێـن و بهێنرێـن بـە ووتـەی نەزارەتـی ئەنجوومەنـی كارگێـڕی داواكـراوە ئەمـر و فەرمـان بدرێتـە ویلایەتـی موسـڵ، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات.
لە ١١ شەعبان ٣٢٤ و لە ١٦ ئەیلوول ٣٢٢
نازری تەلەگراف و پۆستە





BEO.002842.213098.001

هەواڵنامەی کتێب

| 9 رەجەب 1324 | 002842.213098 | BEO. |
|---|---|---|


٩ رەجەب ٣٢٤
٢٠ مایس ٣٢٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بریارنامەی شورا حەواڵەی سندوق دەکرێت
٤٥٤
بە پشت بەستن بە کۆڵکەی بریارنامەی تایبەتی خورشید بەگ قائیمقامی پێشووی قەزای زاخۆ مانگانە ١١١٩ قوروش مووچەی بۆ دەبڕێتەوە، لە بارەی برینەوەی خانەنشینیەکەی بە بریاری شورای دەوڵەت، دوای مۆڵەت جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە هیممەت بکرێت لە ئەنجامدانی.



BEO.002975.223064.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>18 زیلقەعدە 1324</td><td>002975.223064</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٨ زیلقەعدە ٣٢٤<br>٢١ کانوونی یەکەم ٣٢٢<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ناو ویلایەتی موسڵ، مستەفا سەبری پاشا قائیمقامی قەزای هەولێر لە قائیمقامیەتێك دادەمەزرێت کە یەکسان بێت بـە چینـی ئەو، بۆیە بە دوورخسـتنەوەی لە کارەکەی نیهاد بەگ قائیمقامـی قەزای زاخۆ دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەسـتە نووسراوی مێژووی ١٨ شەعبان ٣٢٤ ژمارە ٣٠٦٤ بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە دوای مۆڵەت لە مێژووی ١٧ زیلقەعـدە ٣٢٤ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافەت بە فەرمانی پاشـا فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>





DH.MKT.01154.00020.001


هەواڵنامەی کتێب

| 6 سەفەر 1325 | 01154.00020 | **DH.MKT.** |
|---|---|---|

٦ سەفەر ٣٢٥
٧ مارت ٣٢٣
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
نیهـاد ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ ئەرکەکـەی گواسـتۆتەوە بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای هەولێـر، لـەو کاتـەی کـە لـە قائیمقامیەتـی زاخـۆ بـووە، لـە کاری داهـات و پاراسـتنی ئاسـایش و گشـت تایبەتمەندییەکانـی تـردا خزمەتـی بیـنراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕێـزی لـێ بگیرێـت لـە پلـەی دووەم یـەك نمـرە پلەکـەی بـەرز بکرێتـەوە، نـووسراوی مێـژووی ٧ کانوونـی دووەم ٣٢٢ ژمـارە ١١٨ لەگـەڵ تۆمـاری پۆسـتە پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنـی کارەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ رای پەیوەندیدارانـی خەلافـەت.



DH.MKT.01202.00066.001



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 01202.00066 | 13 شەوال 1325 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٥٥٦

دەرکەوتووە سەفوەت ئەفەندی قائیمقامی قەزای شەهربازار لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە ئاوێتە نابێت، لەم کاتەشدا قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ خاڵیە، لەگەڵ راگەیاندنی دامەزراندن و رۆیشتنی، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە لە مێژووی ١٢ تەمموز ٣٢٣ ژمارە ٤٦ نووسراو لە ویلایەتی موسڵ حەواڵە کراوە و تێدا ئاماژەی پێکراوە، لە کاتی پێداچوونەوە بە تۆمارەکان دەرکەوتووە قەزای زاخۆ لە چینی سێیەم و سەفوەت ئەفەندیش هێشتا لە هەڵبژێردراوەکانی ئەم چینەیە، هەروەها بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەی ویلایەت جێبەجێ کردنی کارەکە لەسەر رای جەنابی پاشای پەیوەندیداری نەزارەتە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ شەعبان ١٣٢٥ و لە ٣ ئەیلوول ١٣٢٣.

- ١٣ شەوال ٣٢٥
٦ تشرینی دووەم ٣٢٣
بۆ ویلایەتی موسڵی عالی

سەفوەت ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ دامەزراوە، لە مێژووی دەست بە کار بوونی مانگانە ١٥٧٥ قوروش مووچەی بۆ دابین کراوە، هەرچی مووچەی شوێنی پێشووی ٤٥٠ قوروش دەبێت، بە گوێرەی بڕیاری نیزام جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ راگەیاندنی مێژووی خزمەتی دەست بەکاربوونی و دەست لەکارهەڵگرتنی بە ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە راگەیاندنی.




DH.MKT.01209.00074.001

هەواڵنامەی کتێب

| 9 ڕەمەزان 1325 | 01209.00074 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |


بۆ سەرۆكایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم
كـه لـه بەڕێوەبەرایەتـی رسـوماتی سـانجەقی سـلێمانی بـووم، لـه دژی مـن داوا بـەرز كرابـووەوە، لـە دادگای پێداچوونـەوەی شـورای دەوڵـەت بریـار لەسـەر بەندەیەكـی وەكـو مـن دراوە، وێنەیەكـی پەسـەند كـراوی ئـەم بریـارە بـە بەندەتـان بـدەن، بۆیـە وێنەیەكـی ئـەم بریـارە بدرێتـە فەرمانگـەی ناوهاتـوو، تـا لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە بگاتـە دەسـتم؛ ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات.
له ١٥ حوزەیران ١٣١٥
بەڕێوەبەری پێشووی رسوماتی سلێمانی حافز نەجیب


İ.DH.01459

هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01459.000040 | 6 رەمەزان 1325 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٢٩٠٦
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای شـەهربازار سـەفوەت ئەفەندی لەگەڵ كەشـوهەوای خۆچێی ئاوێتە نابێت، لـە بـارەی دامەزراندنـی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ لەسـەر نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە بریارنامـە لە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولكیـە رێكخـراوە لەگەڵ كاغـەزی وەرگێردراوی زانیاری كەسـێتی بەیەكـەوە راگەیەندراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی ژمـارەی لەسـەر تۆمـار كـرا ئەفەنـدم، لـە ٦ رەمـەزان ٣٢٥ لە ٣٠ ئەیلـوول ٣٢٣.
سەدری ئەعزەم


تلغرافنامه
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2995 224597 3

BEO.002995.224597.003


تلغرافنامه
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2995 224597 2

BEO.002995.224597.002

کتێبی هەواڵنامە

| BEO. | 002995.224597 | 13 موحەررەم 1325 |
|---|---|---|

- تەلەگرافنامە


جەنابی پاشا لە پەیوەندیدارانی سەدارەت

بەندە لە دانیشتوانی ناحیەی سلیڤانی سەر بە قەزای زاخۆن، زەوی و زار و زەوی كشتوكاڵی فرۆشراوەتە باپیرم و لە ژێر دەستی ئێمەدایە، بە باج بە جوانترین شێوە رێكخراوە، لەبەر ئەوەی خەرجیەكەی لە دەرەوەی توانا دایە، تا ئێستا بە تاپۆ نەكراوە، بە میهرەبانی پاشا داوا دەكرێت كۆڵكە و رێنمایی نوێ تاپۆ جێبەجێ بكرێت، بەڵام قەزاكەمان لەم میهرەبانی پاشایە بێ بەش نەبن و دڵیان شكاوە، بە تكا و بەبەزەییەوە بە میهرەبانی پاشا یاسا نوێیەكە لە قەزاكەمان جێبەجێ بكرێت و تكا دەكەین پاشای جەلیلە یارمەتیمان بدات، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات.
سەرۆكی سلیڤانی سەر بە قەزای زاخۆ رەشید و چوار هاوەڵی هەژاری

- تەلەگرافنامە

جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت


لە ٣ شوبات ٣٢٢ فەرمان دراوە، وێنەیەكی بردراوە و خوێندنەوەی بۆ كراوە، ئەم جۆرە زەوییانە سەنەدات و زانیارییەكەی لە نەزارەتی دەفتەرخاقانی جەلیلە داواكراوە، لە كاتی هاتنی وەڵام، بە گوێرەی نیزام كارەكە ئەنجام دەدرێت، بە ووتەی فەرمانبەری دەفتەرخاقانی راگەیەندراوە، لە ١٣ شوبات ٣٢٢.
مستەفا والی موسڵ



BEO.003113.233458.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 003113.233458 | 19 جەمادی کۆتایی 1325 |
|---|---|---|
| ١٩ جەمادی کۆتایی ٣٢٥<br>١٧ تەمموز ٣٢٣<br>بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستەی بەهیە<br>لـە رێـگای موسـڵ و زاخـۆ و جەزیـرە بـۆ نەسـیبین ٣٠٠ کیلۆمەتـر هەروەهـا لـە رێـگای چۆڵەوانـی ١٥٠ کیلۆمەتـر دووری رێگایـە، بـۆ گەیشـتنی پۆسـتە رێـگا چۆڵەوانیەکـە هەڵبژێردرێـت هەروەهـا ئـەو ناوچانـەی کە ئاویـان تێدایە لـە یـەك یـا دوو شـوێن ژاندارمـە یاخـود بنکـەی پۆلیسـی نیزامیـە نیشـتەجێ بکرێـت، بـەم شـێوەیە دەتوانرێـت هێنـان و بردنـی پۆسـتە پارێـزراو بێـت و بـۆ کارەکـە سـوودی دەبێـت، لەسـەر هەندێـك ووتـە، لـە ویلایەتـی دیاربەکـری بەهیـە نـووسراو لـە مێـژووی ٧ جەمـادی کۆتایـی ٣٢٥ ژمـارە ٧ هاتـووە و بـۆ سـەروو نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە خوێندنـەوەی سـەروو رابگەیەندرێـت و هیممـەت بکرێـت لـە ناردنـەوەی بەراییـەکان. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| 1325 ڕەمەزان 13 | 003170.237690 | **BEO.** |
|---|---|---|

١٣ ڕەمەزان ٣٢٥
٧ تشرینی یەکەم ٣٢٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
سـەفوەت ئەفەنـدی قائیمقامـی قەزای شـەهربازار لە قائیمقامیەتـی قەزای زاخـۆ دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەسـتە لەسـەر نووسراوی مێژووی ١٨ شـەعبان ٣٢٥ ژمارە ٢٨٣ بە بڕیاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە دوای ڕەزامەندی لە مێژووی ١٠ ڕەمەزان ٣٢٥ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.




BEO.003180.238468.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003180.238468 | 3 شەوال 1325 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی شیفرە
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی دیاربەكر هاتووە

چەند مانگ پێش ئێستا عوسمان ئەفەندی جەزیرەیی خانەكەی بۆ زاخۆ گواستۆتەوە، هەر كاتێك دەرفەتی بۆ برەخسێت پیاوەكانی دەنێرێتە ناو جەزیرە و كاری نەگونجاو ئەنجام دەدەن، بۆیە نووسراوی دووپاتكردنەوە بۆ موسڵ نێردراوە و داوای دەستگیركردن و ناردنەوەی بۆ جەزیرە دەكرێت، بەڵام تا ئێستا نەنێردراوە و جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت سەركەوتوو بوونە كە ماوەیەكە هێرش كردنە سەر كەلەكەكان راگیراوە، بەڵام ئەمجارە بە هاندانی عوسمان ئەفەندی و سەرۆكی هۆزی تەیان (طیان) رەشید، ئەو كەلوپەلە بازرگانیەی كە بە رێگای رووبار لە جەزیرەوە بۆ موسڵ دەروات، بەبری ٦٠٠٠ قوروش كەلوپەلیان تالان كردووە، لەسەر راگەیاندنی موتەسەرفیەتی ماردین، هۆكارەكانی دەستگیركردن و تەمبێ كردنی بوێریكەرانی لای جەزیرە تەواو بووە، بەڵام عوسمان ئەفەندی زاخۆی كردۆتە شوێنی حەشارگەی خۆی و كاری چەتەیی ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوەی ناوبراو ئەمجارە بوێری ئەوەی كردووە زیان بگەیەنێت، لە ویلایەتی ناوهاتوو ئاماژە هاتووە و داوا كراوە هەر ئێستا دەست بەسەر بكرێت، بە پارێزراوی بىردرێتە ماردین، لەسەر ئەم ئاماژە پێكردنە بۆ ئەوەی كارەكە بەپەلە جێبەجێ بكرێت، فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت دەربچێت و تكا دەكرێت جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت فەرمان دەربكات، فەرمان.


لە ٢٧ تشرینی یەكەم ٣٢٣
فەهمی والی دیاربەكر




BEO.003188.239031.001

هەواڵنامەی کتێب


| 1325 شەوال 13 | 003188.239031 | BEO. |
|---|---|---|
| ١٣ شەوال ٣٢٥<br>٦ تشرینی دووەم ٣٢٣<br>بۆ لایەنی والای سەر عەسكەر<br>عوسمان ئەفەندی خەڵكی جەزیرە خانەكەی گواستۆتەوە بۆ زاخۆ، ئەوێی كردۆتە مەركەزی كارە چەتەییەكانی، هەر دەرفەتی دەستكەوێت پیاوەكانی دەنێرێتە جەزیرە و كاری خراپە دەكەن، بۆیە یەكسەر دەست بەسەر بكرێت و پێویستە بە پارێزراوی بگەیەندرێتە ماردین، لەسەر ئەو نووسراوەی كە لە ویلایەتی دیاربەكر نێردراوە، لە وەڵامدا لە ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٢ تشرینی دووەم ٣٢٣ دوو پارچە تەلەگرافنامە بۆ سەر عەسكەر نێردراوە، هەروەها لە ویلایەتی دیاربەكر لە وەڵامدا ئاگاداری دەرچووە و لە جێبەجێ كردندایە. | | |




BEO.003202.240076.002

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 003202.240076 | 1 زیلقەعدە 1325 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز<br>قەڵەمی تۆمار<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی دیاربەکرەوە هاتووە<br>لە ٦ و ١٨ تشرینی دووەم ٣٢٣، دووبارە عوسمان ئەفەندی چۆتەوە زاخۆ، هەروەها سورانەوەی لەم دەوروبەرە جێگەی سەلامەتی نییە، لە وەڵامی موتەسەرفیەتی ماردین بە ئاماژەکردن و دەستگیرکردنی بنێردرێتەوە ماردین، ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵ نووسراو کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە ئەمر و فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت ڕاگەیەندراوە، تکایە فەرمان، لە ٢٣ تشرینی دووەم ٣٢٣.<br>میری لیوا سەید بریکاری والی و قوماندانی دیاربەکر | | |





BEO.003215.241078.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>003215.241078</td><td>16 زیلقەعدە 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی گشتی ئەركانی جەنگی<br>یەكەی چوارەم<br>٣٥٧٥<br>راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە<br>لە ویلایەتی دیاربەكر راگەیەندراوە عوسمان ئەفەندی جەزیرەیی دووبارە هاتۆتەوە زاخۆ، بینباشی عومەر ئەفەندی كە لەگەڵ ١٠٠ سوارە هاتۆتە زاخۆ، بە رێگەی ناوبراوەوە لە شوێن خۆی كارەكە جێبەجێ بكرێت، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو كراوە لەگەڵ راگەیەندراوی عالی جێبەجێ بكرێت، لەسەر فەرمانی شەریفە لە ٢٨ تشرینی دووەم ٣٢٣ ژمارە ١٨٣٠ نووسراوی سەدری ئەعزەمی هاتوو، بۆ ئەوەی بە زووترین كات كارەكە جێبەجێ بكرێت ئاگاداری دراوەتە موشیرەتی لەشكری چوارەمی همایۆن، ئەمجارە لە وەڵامدا تەلەگرافنامە وەرگیراوە، بۆ ئەوەی كارەكە بە زووترین كات ئەنجام بدرێت نووسراو بۆ قۆماندانیەتی دیاربەكر كراوە، ئاماژەی پێكردووە كە چۆن عوسمان ئەفەندی دەستبەسەردەكرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ١٦ زیلقەعدە ١٣٢٥ و لە ٨ كانوونی یەكەم ١٣٢٣.<br>رزا سەر عەسكەر</td></tr>
</table>




DH.SYS.00026.00002.2.001




DH.SYS.00026.00002.2.006




DH.SYS.00026.00002.2.002

هەواڵنامەی کتێب


| 17 زيلحيجه 1328 | 00026.00002 | DH.SYS. |
|---|---|---|

- ٦ تشرینی دووەم ٣٢٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە زاخۆ ١٩٠٠ ئاژەڵی رەشکانیەکان تاڵانکراوە و ٣ کەسیش کوژراوە، لە حکوومەتەوەش ٥٠٠ ئاژەڵ گەرێندراوەتەوە، سکاڵا هەیە کە لە کاتی رادەست کردنەوەی کێشە دروست بووە، لەم بابەتەدا خوازیارە زانیاری و مامەڵەکە بەپەلە رابگەیەندرێت.

- تەلەگرافنامە
١٥ تشرینی دووەم ٣٢٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٧ تشرینی دووەم ٣٢٦، لەم ئاژەڵانەی کە لە رەشکانیەکانی زاخـۆ تـاڵان کرابـوو، ٥٠٠ سـەر ئـاژەڵ گەرێندراوەتـەوە و رادەسـتی خاوەنەکانیـان کراوەتـەوە، بـە تێروانیـن لـە قسـە شـەفافەکانی خـاوەن ئاژەڵـەکان ئـەو مەڕانـەی تـاڵان کـراوە ٧٠٠ سـەر مـەڕە، هەروەهـا بوێـری کەرانیـش بـە تونـدی چاودێـری دەکرێـن، لەسـەر وەڵامـی ئامـاژەی قائیمقامیـەت بـۆ رۆژێکیـش بێـت نـە مـەڕ و نـە بکـەرەکان بیـنراون، راگەیەنـدراوە.
لە ١١ تشرینی دووەم ٣٢٦
تاهیر والی موسڵ

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
وێنەی ئەو شیفرەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
بـە ووتـەی بەرێوەبەرایەتـی تەلەگرافـی موسـڵ لـە ٢١ تشرینـی دووەم ٣٢٦ بـە واژووی عەبـدو و هاوەڵـی تەلەگـراف دەرنەچـووە، بـەڵام لـەم رووداوە بـۆ دەسـتگیرکردنی بوێـری کـەران لـە مەرکـەزی ویلایەتیـش بـۆ ئامـادەکاری پێویسـت دەستپێشـخەری کـراوە، ئەنجامەکـەی رادەگەیەندرێـت، لـە ٧ کانوونـی یەکـەم ٣٢٦ و لـە ٨ هاتـووە.
تاهیر والی


هەواڵنامەی کتێب



DH.MKT.01255.00059.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01255.00059</td><td>18 رەبیعی کۆتایی 1326</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٨ رەبیعی کۆتایی ٣٢٦<br>٦ مایس ٣٢٤<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالی<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ٥ نیسـان ٣٢٤ ژمارە ١٥یە، شـەریف ئەفەندی وەکو فەرمانبەری ناسـنامەی قەزای زاخـۆ دامـەزراوە، هەرچەندە ئاماژە بە پەسـەندکردنی ئەرکەکەی کراوە، بەڵام هێشـتا کارەکـە لە جێبەجێ کردن دایە، پێویسـتە کاغەزی وەرگێردراوی کەسـێتی و تاقیکردنەوەی ناوبراو بنێردرێت، لە سەر ووتەی کارگێری گشتی تۆماری ناسنامە راگەیەندرا.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01271.00052 | 21 جەمادی کۆتایی 1326 |
| --- | --- | --- |


٢١ جەمادی کۆتایی ٣٢٦
٧ تەمموز ٣٢٤
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە

وەڵامــی نــووسراوی مێــژووی ١٧ مایــس ٣٢٤ ژمــارە ٣٣، شــەریف ئەفەنــدی وەکــو فەرمانبــەری ناســنامە لــە قــەزای زاخــۆ دامــەزراوە، لــە مێــژووی دەســت بــە کاربوونــی کــە دەکاتــە ٣٢٣ کانوونــی یەکــەم ڕۆژی ١٢ مانگانــە ٢٥٠ قــوروش مووچــەی بــۆ دەبڕێتــەوە، لەوێــش جێبەجــێ کردنــی کارەکــە و لــە بــارەی ئــەو پارانــەی کــە وەســتێنراون بــە گوێــرەی کۆڵکــەی نیــزام و ســوێند خواردنەکــەی دەبەســترێتەوە بــە مامەڵــەی جێبەجــێ کردنەکــەی، هەروەهــا فەرمانبــەری ناســنامەی قــەزای ناوهاتــوو بــە تۆمــار لەســەر یاســین ئەفەندیــە، بــە دەســت لــە کارکێشــانەوەی ناوبــراو، ئیبراهیــم ئەفەنــدی دەســت بــە کار بــووە، وێنــەی دامەزرانــدن و مێــژووی دەســت بــە کاربوونــی لــە ئەرکەکــەی ڕابگەیەندرێــت و لەگــەڵ کاغــەزی وەرگێــڕدراوی کەســێتی شــەریف ئەفەنــدی بــە مەبەســتی تۆمارکــردن بــۆ یەکــەی تۆمــار نێــردراوە، بــە ووتــەی ژمێریــاری ڕاگەیەنــدراوە و نــووسراو کــراوە.




| I.DH. | 01471.000008 | 20 شەوال 1326 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
٣٢٣٨
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لـە ویلایەتـی موسـڵ سـەفوەت ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ دەرکەوتـووە بەبـێ مۆڵـەت ئەرکەکـەی بەجـێ هێشـتووە و هاتۆتـە دەرسـەعادەت، بـە ئاسـایی بیـنراوە کـە لـە کارەکـەی بـووردرێـت، بۆیـە بـە دوورخسـتنەوەی لـە شـوێن ئـەو ئاسـف ئەفەنـدی قائیمقامـی سـنجار هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی سـنجاریش سری بـەگ قائیمقامـی گـەردەن و بـۆ قائیمقامیەتـی گەردەنیـش راغـب ئەفەنـدی لـە فەرمانبەرانـی ویلایەتـی سـەلانیك دابمەزرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرموێـت ئـەو جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم.
لە ٢٠ شەوال ٣٢٦ لە ٢ تشرینی دووەم ٣٢٤
سەدری ئەعززەم





DH.MKT.02632.00029.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT . | 02632.00029 | 10 ڕەمەزان 1326 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٥٣٥
سەفوەت ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ لە داهاتی ناحیەی سندی کللی کاری گەندەڵی ئەنجام داوە، لەسەر هەندێك هەواڵ کە لەلایەن هەندێك لایەنەوە هاتووە، بە دەست لە کار کێشانەوەی بە زانیاری فەرمانبەری تایبەت لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە و کاغەزەکانی نێردراوە، نووسراوی مێژووی ١٦ ئۆغستۆس ٣٢٤ ژمارە ٦٦ لە ویلایەتی موسڵەوە دراوەتە جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی نەزارەت، هەروەها لە نەزارەتی داواکاری بە وەکالەت باسکراوە کە پێویستە کاغەزی ناوهاتوو بنێردرێتە شورای دەوڵەت، بەم تێروانینە کاغەزەکان پێشکەش کراوە، بۆ ئەوەی یەك مانگ لە شورای ناوهاتوو ووردبینی بۆ بکرێت دەبێ رای جەنابی پەیوەندیدارانی نەزارەتی لەسەر بدرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی لە دەستە.
١٠ ڕەمەزان ١٣٢٦ و لە ئەیلوول ٣٢٤





هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02633.00024 | 22 رەمەزان 1326 |
| --- | --- | --- |
| - تەلەگرافنامە<br>بۆ پایەی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>لە کاتێکدا کە هەموو کەس سوود لە ئازادی و دادپەروەری وەردەگرێت، کەچی لە قەزای زاخۆی ئێمە، حامد خەلیفە ئەو چەتانەی کە دۆراون لەوێ بوونیان هەیە و گەیشتۆتە رادەیەك خەریکە خانەکانمان چۆڵ بکەین و لە شوێنەکە کۆچ بکەین، سەردانمان بۆ حکوومەتی خۆچێی ویلایەتی موسڵ بێ سوود بووە، کشتوکاڵەکانمان و ماڵمان و ژیانمان و ئابروومان لە مەترسیدایە و هەرچی زووە داوای یارمەتی دەکەین، تکایە بە گرنگیەوە کار بکرێت، فەرمان.<br>لە ٢٩ ئەیلوول ٣٢٤<br>زیرۆ موختار<br>کەشیش راهب حەننا لە گوندی بیرسفی<br><br>- ٥ تشرینی یەکەم ٣٢٤<br>بۆ ویلایەتی موسڵ/ تەلەگراف<br>لە مێژووی ٢٩ ئەیلوول ٣٢٤ تەلەگرافنامە بە واژووی موختار زیرۆ و هاوەڵانی لە موسڵەوە بۆ پایەی سەدارەت دەرچووە، وێنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە نێردراوە، بەپەلە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت. | | |




DH.MKT.02638.00008.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02638.00008 | 20 زیلحیجە 1326 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە بارەی شێخ عوبیدوڵڵا بە واژووی حەلیمە خاتوون داواكاری هاتووە، داواكاریەكە لەگەڵ راگەیەندراوی عالی نێردراوە، بە نووسراوی پەیوەندیدارانی نەزارەت لە مێژووی ١٢ تشرینی یەكەم ٣٢٤ ژمارە ٩٦ ئاماژەی پێكراوە كە دوای لێكۆڵینەوە رابگەیەندرێت و ئاماژەی پێ بكرێت، بۆ ئەمەش چۆنیەتیەكەی بە قائیمقامیەتی دهۆك نووسراوەتەوە، لە وەڵامدا ئەو نووسراوەی وەرگیراوە، خێزانی لە پۆستی نشینەكانی دهۆك شێخ محەمەدی ئەفەندی مردووە، بە رۆیشتنی بۆ شامی شەریفە لەوێ نیشتەجێ بووە، ئەو هەواڵەی كە هاتووە لە ویلایەتی وان قەزای شەمدینان لەلایەن شێخ عوبیدوڵڵا ٢٥ ساڵ لەمەو پێش روویداوە، بەڵام لە كۆتاییدا ناوبراو لە مەدینەی منەوەرە ئەركی پێ دراوە و تیدا نیشتەجێ بووە، لەوێش كۆچی دوایی كردووە، هەروەها لەم بابەتەدا داوای كردووە شوێنی لاشەكەی پێ بووترێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ٢٠ زیلحیجە ٣٢٦ و لە ٣١ كانوونی یەكەم ٣٢٤.
مۆری فەریق والی موسڵ


DH.MKT.02644.00037.001


DH.MKT.02644.00037.002


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02644.00037 | 7 شەوال 1326 |
|---|---|---|

- تەلەگراف نامە
بۆ پایەی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەتمان
لـەو كاتـەی هەمـوو كەسـێك سـوودی لـە دادپـەروەری و سـەربەخۆیی بینیـوە، كەچـی میللەتـی هاوشـێوەی مـن لـە پاشـكۆی ویلایەتـی موسـڵ، دانیشـتوانی گونـدی پرسـفی سـەر بـە قـەزای زاخـۆ، لـە زوڵم و دەسـت درێـژی چەتـەی یاخیبـوو حامـد خەلیفـە خەریكـە خانەكانیـان بەجـێ دەهێڵـن و بـۆ شـوێنی تـر كـۆچ دەكـەن، سـەردانی حكوومەتـی خۆچێـی و ویلایەتـی موسـڵ بـێ سـوود بـووە، كشـتوكاڵ و پارەوپـول و ژیـان و ناموسـیان لـە مەترسـیدایە، هەرچـی زووە ئامادەكاریـەك بكرێـت، بـۆ ئەمـەش داوای هـاوكاری كـراوە، تـكا كـراوە فەرمـان.
لە ٨ تشرینی یەكەم ٣٢٤
عەمانوئێل بەتریقی كلدانی

- تەلەگراف نامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ١٨ تشرینی یەكەم ٣٢٤ لەسـەر سـەردانی بەتریقی كلدانی عەمانوئێل ئەفەندی نووسراو بۆ قائیمقامیەتی زاخـۆ نـووسراوە تـا بە گرنگیەوە كارەكـە جێبەجێ بكرێت، بۆ تەمبێ كردنـی بوێری كەران لەم ڕۆژانەدا هێز بنێردرێت، ڕاگەیەندراوە فەرمان.


لە ٢٠ تشرینی یەكەم ٣٢٤
فەریق زەكی والی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003436.257627 | 22 شەوال 1326 |
|---|---|---|


٢٢ شەوال ٣٢٦
٤ تشرینی دووەم ٣٢٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی عالی
دەرکەوتووە سەفوەت ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ بەبێ مۆڵەت ئەرکەکەی جێ هێشتووە و چۆتە دەرسەعادەت، بۆیە بە ئاسایی دانراوە کە لە کارەکەی لێبووردرێت، بە دوورخستنەوەی لە کارەکەی لە شوێن ئەو ئاسف ئەفەندی قائیمقامی سنجار و بۆ قائیمقامیەتی سنجاریش سری بەگ قائیمقامی کەردەن هەروەها بۆ قائیمقامیەتی کەردەن راغب ئەفەندی فەرمانبەری ویلایەتی سەلانیك دادەمەزرێن، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی مێژووی ١٣ شەوال ٣٢٦ ژمارە ٣٢١٩، دوای رەزامەندی لە مێژووی ٢١ شەوال ٣٢٦ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.EUM.MH.</td><td>00010.00082</td><td>22 زيلحيجه 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">- بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی<br>لـە نـاو قـەزای دهـۆك پۆلیسـێك بـە وەكالـەت كاری داواكاری گشـتی جێبەجـێ دەكات، بۆیـە لـە داواكاری گشـتی بە پێویسـت زانراوە پۆلیسـێك ڕەوان بكرێت، ئەگەرچی لە ویلایەت ئاماژە بە پۆلیسـی قەزا كراوە، بەڵام هێشـتا نەهاتووە، لـە سـەر ڕای قۆمیسـیۆن گفتوگـۆی لەسـەر كراوە، تـكا كراوە لە ڕێكخسـتنی فەرمانەكە، لـە ١٩ كانوونی یەكـەم ١٣٢٥.<br>والی موسڵ و قوماندانی دەورووبەر فازڵ<br><br>- پوختە<br>تەلەگرافی ویلایەتی موسڵە لە بارەی پۆلیسی ویلایەت و شێوەی بەكارهێنانیان<br>لە ١٩ كانوونی یەكەم ٣٢٥ شـێوەی ڕێكخسـتنی پۆلیسـی ویلایەت بۆ پاشـكۆكانی و شـێوەی بەكارهێنانیان، پێویسـت نـاكات لـە ویلایـەت بابەتەكـە ڕابگەیەندرێـت و نـووسراو بنێردرێـت، ڕاگەیەنـدراوە، لـە ٢٢ كانوونـی یەكـەم ٣٢٥.</td></tr>
</table>





DH.ID.00081.2.00030.002

کتێب هەواڵنامەی

| DH.ID. | 00081.2.00030 | 9 ڕەبیعی یەکەم 1327 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٧٥
بۆ وەكالەتی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم


ئـەو تەلەگرافنامەیـەی كـە لـە مێـژووی ١٤ كانوونـی یەكـەم ٣٢٧ ژمـارە ٦٧ بـە واژووی عەلـی نیـازی قائیمقامــی زاخــۆ دەرچــووە، پوختــەی بابەتەكــە لــە وێنەیەكــی هاوپێــچ پێشــكەش كــراوە تێــدا ئامــاژەی پێكــراوە، بابەتەكــە جێــگای بــاس كــردن نییــە و لــە بابەتــە ئاســاییەكانە، هەرچــی قــەزای زاخۆیــە لــە مەركــەزی ویلایــەت زۆر نزیكــە، بۆیــە بــە تەلەگــراف گفتوگــۆ بكرێــت، ئــەم بابەتــە بــۆ بڕیارەكانــی كۆڵكــە ســوودی هەیــە، كرێیەكــەی ١٠ قوروشــە، لــە قائیمقامــی ناوهاتــووەوە وەربگیرێــت و ڕادەســتی مەركــەزی تەلەگــراف و پۆســتەی ناوەخــۆ بكرێــت، هەروەهــا زانیــاری بدرێتــە نەزارەتــی عاجیزانــەم، لــەم بابەتــەدا ئەمــر و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەو كەســەیە كــە فەرمــان دەردەكات، لــە ٩ ڕەبیعــی یەكــەم ٣٢٧ و لــە ١٤ شــوبات ٣٢٧.
نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن




DH.MUİ..00130.00076.001

| DH.MUI. | 00130.00076 | 22 جەمادی یەکەم 1327 |
|---|---|---|

٢٩ مایس ٣٢٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ١٧ مایـس ٣٢٥ لـە نـاو قەزایەکانـی زاخـۆ و دهـۆك و عەمادیـە بوونیـان هەیـە و هێمنـی و ئاسـوودەیی گشـتیان تێك داوە، لەبـەر ئـەوەی زۆرینەشـن بـە هێـزی پۆلیسـی پاراسـتن زیانیـان کۆتایـی نایـەت و ئـەم هـۆزە یاخیبووانـە تەمبـێ بکرێـن و ئامـۆژگاری بکرێـن، هەروەهـا لـە نـاو ئەمانـە هەیـە تاوانبـار و کاری کوشـتنی ئەنجـام داوە، بـۆ دەسـتگیرکردنیان لـە مەرکـەزی ویلایـەت یەکێـك لـە تابورەکانی لەشـکری چـوارەم بنێردرێتە قـەزای زاخـۆ، هەروەها بـۆ وەرگرتنـی رسـوماتی قـەرز هێزێکـی ١٥٠ بـۆ زومـار رۆیشـتووە، جگـە لەمـە موشـیرەتی دلیم سـوارەی پێویسـتی لـە دەسـتدا نییـە تـا بینێرێتـە شـوێنێك بـە نـاوی مغیـرە کـە ٢٠ کاتژمێـر لـە موسـڵ دوورە، جگـە لەمـە ئـەو پیـادە سـەربازیەی کـە لـە مەرکەزیـش هەیـە، ئەگـەر بەشێکیشـی بنێردرێـت، بـەڵام لـەم وەرزەدا بەهـۆی گەرمـاوە ئـەم پیادەیـە لـە بیابانێکـی بـێ ئـاو ناتوانێـت پشـکنین و چاودێـری ئەنجـام بـدات و سـەرکەوتوو نابـن، لـە کاتـی گەرانـەوەی هێـزی سـوارە بـە گفتوگـۆ لەگـەڵ قوماندانیـەت بـاس لـە چۆنیەتـی حاڵەتەکـە دەکـەن، راگەیەنـدراوە.
لە ٢٨ مایس ٣٢٥
رەشید والی موسڵ




هەواڵنامەی پێتر

ŞD.02202.00004.001

| ŞD. | 02202.00004 | 22 جەمادی کۆتایی 1327 |
|---|---|---|


٢٢ جەمادی کۆتایی ٣٢٧
٢٧ حوزەیران ٣٢٥
لەسـەر بڕیارنامـەی مێـژووی ١٣ جەمـادی کۆتایـی ٣٢٧ نـووسراو بـۆ سـەرۆکایەتی نەزارەتـی ناوەخـۆ کـراوە و تێـدا هاتـووە سـەفوەت ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ لـە داهاتـی ناحیـەی سـندی کللـی گەندەڵـی ئەنجام داوە، لەسـەر ئـەم هەواڵـە نـووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە و بـە پێویسـت زانـراوە هاوپێـچ حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت بکرێـت، نـوسراوی نەزارەتـی جەلیلـە حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، لەگـەڵ هاوپێچـی ویلایەتـی ناوهاتـوو دوای گفتوگـۆ ئـەو نووسراوانـەی کـە هاتـووە بەیەکـەوە لکێـنراوە، دوای خوێندنـەوەی لـە فەرمانگـەی مولکیـە نێردراوەتـە داواکاری گشـتی سـەرەتایی، لـەو پەراوێـزەی کـە نووسراوەتـەوە نیشـانی داوە وەڵامـی ناوهاتـوو جێبەجـێ نەکـراوە، هەروەهـا خۆشـی لـە دەرسـەعادەتە، پشـت بەسـتن بـە کۆڵکـەی نیزامنامـەی دادگاییکردنـی فەرمانبـەران پێویسـتە ووتـەی ناوبـراو وەربگیرێـت و دوای ڕێکخسـتن بنێردرێـت، کاغەزەکانـی ناوبراویـش پێشـکەش کـراوە تاوەکـو دووبـارە بنێردرێتـەوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.




DH.MKT.02724.00046.002


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02724.00046 | موحەڕڕەم 327 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>موحەڕڕەم ٣٢٧<br>١٨ کانوونی دووەم ٣٢٤<br>حوسێن بەگ قائیمقامی زاخۆ پێچەوانەی یاسا هەڕەشە لە دانیشتوان دەکات و سوکایەتیان پێ دەکات، لەلایەن عەبدو هربیان لە بەتریقخانەی ئەرمەن و دانیشتوانی قەزای ناوهاتوو تەلەگرافنامە دەرچووە، لەسەر بەرایییەکان و جموجۆڵ و بارودۆخـی قائیمقامـی ناوهاتوو لێکۆڵینەوە بکرێت، ئەنجامەکە و زانیارییەکان رابگەیەندرێت و هیممەت بکرێت. | | |


DH.MKT.02724.00098.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 02724.00098 | 9 موحەررەم 1327 |
|---|---|---|
| ١٨ كانوونی دووەم ٣٢٤<br>بۆ ویلایەتی موسڵ/ تەلەگراف<br>بـە واژووی عەبـد و هەریـان لەگـەڵ دوو هاوەڵـی لـە زاخـۆ بۆ پەتریقخانـەی ئەرمەنـی تەلەگرافنامە لە مێـژووی ٣١ كانوونـی یەكـەم ٣٢٤ دەرچـووە، وێنەیەكـی هێنراوە، بـە خوێندنەوەی تەمەنـا دەكرێت راسـتییەكەی رابگەیەندرێت. | | |



DH.MKT.02778.00022.001

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02778.00022</td><td>6 ڕەبیعی یەكەم 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">قەڵەمی تۆماری ناوەخۆی<br>٦ ڕەبیعی یەكەم ٣٢٧<br>١٥ مارت ٣٢٥<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>ئـەو كاتـەی كـە قائیمقامـی قـەزای بازیـان بـووە، بـە پێویسـت زانـراوە بـە وەكالـەت قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ وەربگرێـت و نێـردراوە، ئـەو ماوەیـەی كـە حوسـێن تەڵعـەت بـەگ لـەوێ بـووە، بـە نـووسراوی مێـژووی ٩ مـارت ٣٢٥ ی فەرمانگـەی دارایـی شـورای دەوڵـەت بـە گونجـاو زانـراوە چـوار یەكـی مووچـەی پـێ بدرێـت، لـە پاشـاوە فەرمـان دراوە نـووسراو بكرێـت، بـە گوێـرەی ئـەوە هیممـەت دەكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی.</td></tr>
</table>





ŞD.02780.00054.001

هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 02780.00054 | 6 سەفەر 1327 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٤٥٧٢
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
حوسێن تەڵعەت بەگ بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای زاخۆیە، کاتی خۆی کە قائیمقامی قەزای بازیان بووە، ئەو ماوەیەی لەوێ بووە، نیوەی مووچەی وەکالەتەکەی وەرگرتووە، هەرچی خۆیەتی لە هەڵبژێردراوەکانە، ئەو نیوە مووچەی کە پێی دراوە، شایەنی نەبووە و زوڵمی لێکراوە، بەم راگەیەندراوە تەلەگرافنامە لە ویلایەت وەرگیراوە بە نووسراو ئاماژەی پێکراوە کە مووچەکەی بە تەواوەتی پێ بدرێت، بەڵام لە کۆڵکەی بریارنامە هاتووە؛ ئەوانەی بە وەکالەت دادەمەزرێن، ئەگەر فەرمانبەر بێت، پێنج موچە جگە لەمە چوار و سێ یەکی مووچە و خەرجی رێگای پێ دەدرێت، بە تێروانین لە پاڵپشتی ویلایەت کە ئاماژەی پێکراوە، بێگومان بە نەگونجاو هەژمار کراوە، بە ووتەی ژمێریاری ناوبراو چوار یەك مووچەی وەکالەتی پێ دەدرێت، بەمەش رادەگەیەندرێت و رەزامەندی لەسەر دەدرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٦ سەفەر ٣٢٧ و لە ١٤ شوبات ٣٢٤.
راوێژکار بە ناوی نازری ناوەخۆ


OSMANLI ARŞİVİ
DH. MKT.
2788 | 74 | 1

DH.MKT.02788.00074.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02788.00074</td><td>12 ڕەبیعی یەکەم 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٣٩<br>بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی ناوەخۆ<br>ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە<br>لـە ڕۆژی ٨ی ئـەم مانگـەدا دزەكانـی تەلەگرافخانـەی زاخـۆ هاتوونەتـە نـاو شـارۆچكە هەمـوو پارەوپـول و شـتێكیان دزیـوە و هەڵاتـوون، لـە بـاش مودیرەتـی بەغـداد ئاماژەی پێكـراوە، كـە بـە تەلەگـراف بـە ویلایەتـی موسـڵ ڕاگەیەنـدراوە پێویسـتە بوێـری كـەران بدۆزرێنـەوە و ئاشـكرا بكرێـن، هەروەهـا كەلوپەلـە تاڵانكـراوەكان بگەڕێندرێتـەوە، بـە گوێـرەی ئامـاژەی بـاش مودیـرەت لـە مەركـەزی داهـات ٣١٦ قـوروش و ١٠ پـارە كەوتۆتـە دەسـت دزەكان، بۆیـە پێویسـتە بوێـری كـەران ئاشـكرا بكرێـن و ئـەوەی دزراوە بگەڕێندرێتـەوە، هەروەهـا لـە لایەنـی سـەدری ئەعزەمـی پەیوەندیـداری سـەدارەت فەرمـان و ئـاگاداری دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ١٢ ڕەبیعـی یەكـەم ٣٢٧ و لـە ٢١ مـارت ٣٢٥.<br>وەكیلی نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف</td></tr>
</table>



DH.MKT.02826.00102.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02826.00102</td><td>9 جەمادی یەکەم 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی<br>یەکەی سێیەم<br>٨٤٩<br>پوختە: لە ناو ویلایەتی موسڵ بۆ هەژمارکردنی هەندێك ناوچە ئامادەکاری سەربازی کراوە.<br>بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>راگەیەنداوی بەندەی بێ نرخە<br>دانیشتوانی ناحیەی سندی کللی کە سەر بە قەزای زاخۆی ویلایەتی موسڵە، فەرمانبەرانی هەژمارکردنی مەڕوماڵاتیان دەرکردووە، بۆیە تا ئێستا هەژمارکردنی مەڕوماڵات ئەنجام نەدراوە، بۆ ئەوەی مەڕوماڵاتی هۆزە کۆچەری و نیشتەجێ بووەکان هەژمار بکرێت و ئاماری مەڕوماڵاتی هۆزە کۆچەریەکان ئەنجام بدرێت، هەروەها لە قەزای جەزیرە کە سەر بە ویلایەتی دیاربەکرە ٢٠٠٠ سەر و هەندێك مەڕی هۆزی سەجانیان تاڵان کردووە، بۆ گەڕاندنەوەیان و دیسان بۆ کۆتایی هێنان بەو سەرپێچیانەی کە لە قەزایەکانی زاخۆ و دهۆك و عەقرەی سەر بە موسڵ دەکرێت، لەسەر داواکاری ویلایەت فەرمان دراوە تابوری سێیەمی ئالای ٣٠ لەگەڵ ٢ تۆپی چیایی لەشکری چوارەم بردراوەتە موسڵ، بە ئاماژەی وەکالەتی قوماندانیەتی موسڵ لە وەکالەتی قوماندانیەتی لەشکری شەشەم راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ جەمادی یەکەم ١٣٢٧ و لە ١٦ مایس ١٣٢٥.<br>نازری دارایی</td></tr>
</table>




DH.MKT.02844.00011.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02844.00011 | 25 جەمادی یەکەم 1327 |
|---|---|---|

٢٥ جەمادی یەکەم ٣٢٧
١ حوزەیران ٣٢٥
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
مێـژووی ٧ نیسـان ٣٢٥ ژمـارە ١٣ وەڵامـی نـووسراوی بەهیـە، لەبـەر ئـەوەی ناوبـراو لـە ئەرکەکـەی دەسـت بـە کار نەبـووە، بۆیـە لـە ئەرکـە بـە وەکالەتەکەیدا ئاسـاییە نیـو مووچـەی پـێ بدرێـت، خـۆی قائیمقامـی بازیانـە، لەبـەر ئـەوەی نەچۆتـە شـوێنی ئەرکەکـەی، لـە شـوێن ئـەو بـە وەکالـەت قائیمقامـی زاخـۆ کاری کـردووە، بـە گوێـرەی ئامـاژە پێکردنەکـە نیـو مووچـە لـە مووچـەی وەکالـەت دراوەتـە تەڵعـت بـەگ، پێویسـت نـاکات هیچـی لـێ وەربگیرێتـەوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری ئـاگاداری دەرچـووە.



| 22 سەفەر 1327 | 003518.263831 | BEO. |
| --- | --- | --- |


ژمارە ١٤

نووسراوی مێژووی ٦ سەفەر ٣٢٧ ژمارە ٤٥٦٢ ی نەزارەتی ناوەخۆ حەواڵەی شورای دەوڵەت كراوە، لە فەرمانگەی دارایی خوێندنەوەی بۆ كرا.

كـە قائیمقامـی قـەزای بازیـان بـووە، بـە وەكالـەت نێردراوەتـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ، ئـەو ماوەیـەی كـە حوسـێن تەڵعـەت بـەگ لـەوێ بـووە، بـە شـێوەی نیـوە، مووچـەی وەكالەتـی وەرگرتـووە، لەبـەر ئـەوەی بـە خـۆی لـە هەڵبژێردراوەكانـە، غـەدری لێكـراوە نیـوە مووچـەی پـێ دراوە، بۆیـە لـە ویلایـەت ئاماژەی پێكـراوە كـە مووچەكـەی نـەك بـە نیـوە بەڵكـو مووچـەی تـەواوی پـێ بدرێـت، چونكـە ئەوانـەی بـە وەكالـەت لـە فەرمانگـەكان دادەمەزرێـن و دەسـت بـە كار دەبـن، پێنـج مووچـە و دوای رەزامەنـدی مووچـەی سـێ یـەك و چـوار یەكـی مووچەیـان پـێ دەدرێـت، بـە تێروانیـن لـە كۆڵكـەی بریارنامـەی خەرجـی رێـگا لـە ویلایەتـەوە ئاماژەی پێكـراوە، گونجاو نییـە خەرجـی رێگای پـێ بدرێـت، هەروەهـا رەزامەنـدی دراوە لـە پلـەی چـوار یـەك مووچـەی پـێ بدرێـت، جگـە لەمـە بـە ئاماژەی نـەزارەت لـە فەرمانگـە بـە گونجـاو زانـراوە رێـژەی چواریەكـی مووچـەی پـێ بدرێـت، دوای رەزامەنـدی جێبەجـێ كردنـی كارەكـە حەواڵەی نەزارەتـی ناوهاتـوو كـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٢٢ سـەفەر ٣٢٧ و لـە ٢ مـارت ٣٢٥.

ئەندام سـەید نەشـئەت محەمەد/ ئەندام محەمەد بەهائەددین/ ئەندام میخالاكی/ ئەندام ...../ ئەندام سـەید سـاڵح وەحید كوڕی محەمەد نەجیب/ ئەندام زوهدی/ ئەندام غالب پاشا/ مەجدەددین سـەرۆكی دووەمی فەرمانگەی دارایی


هەواڵنامەی كتێب



هەواڵنامەی کتێب

BEO.003678.275782.002

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO.</td><td>003678.275782</td><td>29 زیلقەعدە 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ پاشای ئەفەندیمان<br>لەسەر ئەو سەرپێچی و زیانەی لە جەژن روویدا، ئەم بەندە غەریبەتان تێکەڵی ئەم کارە کراوە، بۆ ماوەی ٧ مانگە دەست بەسەرم، لە ئەنجام لەم دەستبەسەریە سیس بووم و منداڵەکانم پەرێشانن، بۆ خاتری میهرەبانی و ئاسمان تکا دەکەم ئازاد بکرێم.<br><br>مەلا تەیب زادە عەبدولرەحمان لە پاشکۆی زاخۆ</td></tr>
</table>




DH.MUI.00050.2.00012.001





DH.MUI.00050.2.00012.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUI. | 00050.2.00012 | 4 سەفەر 1328 |
|---|---|---|


- فەرمانگەی هەواڵگری گشتی نەزارەتی ناوەخۆ
٢ شوبات ٣٢٥
تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ
هاوپێچی ٩ کانوونی دووەم ٣٢٥، بە واژووی مەلا تەیب زادە تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ کانوونی دووەم ٣٢٥ لە موسڵ دەرچووە، کۆپیەیەکی ئەم تەلەگرافنامەیە بردراوە و دوای خوێندنەوە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی پێشوو بەپەلە کارەکە جێبەجێ بکرێت.

- ٢٧ کانوونی دووەم ٣٢٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
ئەوانەی لە ڕووداوەکەی جەژنی موسڵ بوونە ئالەتی گەندەڵی، بەندەتان لە پاشکۆکانی زاخۆیە و لە کاتی خۆی وەکو میوان لەوێ بوومە، بەندەتان خرایە ناو کارەکە، بێ دەسەڵاتەکەتان لە تەمەنی ٦٠ساڵیدا کارەساتێکی ئاوا ناکات، خاوەن ویژدانم و ماوەی ١٠ مانگە لە دەستبەسەری لەناوچووم، ماڵومنداڵم لە پەرێشانی دان، گریان و هاتوهاواریان و فرمێسکی چاویان دەچێتە ئاسمان، بۆ خاتری خوا بە ناو دادوەری و مەشروتیەت تکا دەکەم ئازادم بکەن.
عەبدولرەحمان مەلا تەیب زادە




DH.MUİ..00140.00041.001


<table>
<tr><th>1328</th><th>00140.00041</th><th>.DH.MUI.</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>فەرمانگەی گشتی هەواڵگری<br>یەکەی دووەم<br>پوختە<br>بـۆ هەژمارکردنـی مەڕوماڵاتـی ناحیـەی سـندی کللـی سـەر بـە قـەزای زاخـۆ، مەفـرەزە بـۆ ناوچەکە رۆیشـتووە، لەسـەر سـەرپێچی ئـەو کەسـانەی کـە رێگریـان لـە هەژمارکردنـی مەڕوماڵاتەکانـدا کـردووە، رووبەرووبوونـەوە روویـداوە، لـە مەفرەزەکـە یـەك کـەس بەهـۆی برینەکەیـەوە مـردووە، هەروەهـا مەفرەزەکـە گەراوەتـەوە مەرکـەزی قـەزا و بـە قائیمقامیـەت و بینباشـی رەدیـف راگەیەنـدراوە، لـەم بابەتـەدا ئامـادەکاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، لەبـارەی ئـەو کەسـانەی کـە بوێـری ئەوەیـان کـردووە رێگـە لـە هەژمارکردنـی مەڕومـاڵات بگـرن، وەڵام نووسراوەتـەوە و لـە تەلەگرافنامـەی وەکالەتـی ویلایەتـی موسـڵ وەرگیـراوە و راگەیەنـدراوە؛ بـە پەلـە بەدواداچوونی یاسـایی ئەنجـام بدرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01483.000004 | 13 شەعبان 1328 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی ڕاگەیەندراوەکانی ئەنجوومەنی وەکیلەکان
٢٤٠٧
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لە ناو ویلایەتی موسڵ ئاسف بەگ قائیمقامی قەزای زاخۆ بەردەوام سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت، بە ئاماژەی ویلایەت دوور دەخرێتەوە و لە شوێن ئەو محەمەد سەعید ئەفەندی قائیمقامی قەزای عجیلات بگوازرێتەوە، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی عجیلات محەمەد شوکری بەگ دامەزرێت کە لە سیاسییە بێ بەشەکانە، نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لێرەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ١٣ شەعبان ٣٢٨ لە ٥ ئۆغستۆس ٣٢٦.
نازری داد بە ناوی سەدری ئەعزەم




BEO.003795.284623.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO . | 003795.284623 | 17 شەعبان 1328 |
|---|---|---|


١٧ شەعبان ٣٢٨
٩ ئۆغستۆس ٣٢٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ دژی ئەسـغەر بـەگ قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ بـەردەوام سـكاڵا دێـت، بۆیـە بـە ئامـاژەی ویلایـەت دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای عەجیـلات بگوازرێتـەوە و دەسـت بـە كار بێـت، هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی عەجیـلات محەمـەد شـوكری بـەگ دامەزرێـت كـە لـە بێبەشـەكانە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی ١٣ ئۆغسـتۆس ٣٢٦ ژمـارە ١٣٢٨ دوای مۆڵـەت لـە مێـژووی ٧ ئۆغسـتۆس ٣٢٦ جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی كارەكـە.


OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
848 | 34 | 1

ML.EEM.00848.00034.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ML.EEM .</td><td>00848.00034</td><td>25 ڕەبیعی یەکەم 1329</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ٥<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بـۆ نۆژەنكردنـەوەی قۆناغـی حكوومەتـی زاخـۆ، لـە قائیمقامیەتـی خۆچێـی بـە پێویسـت زانـراوە ٨٠٠٠ قـوروش خـەرج بكرێـت، بـەڵام ڕێكخسـتنی نۆژەنكردنـەوەی قۆناغەكانـی حكوومـەت بـە تەواوەتـی داخـراوە، بـە ژمێریـاری ویلایـەت ڕاگەیەنـدراوە بـڕە پـارەی ناوهاتـووش بـە حەواڵەنامـە بنێردرێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ٢٥ ڕەبیعـی یەكـەم ٣٢٩ و لـە ١٣ مـارت ٣٢٧.<br>مۆری تاهیر والی موسڵ</td></tr>
</table>



TELEGRAMME

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. EMN
5 28

DH.EUM.EMN.00005.00028.001

| DH.EUM.EMN. | 00005.00028 | 29 جەمادی کۆتایی 1330 |
| --- | --- | --- |
| ژمارە ٣٢<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لـە ٢٨ نیسـان ٣٢٨، لـە خشـتەی داواکـراودا، خشـتەی کانوونـی یەکەمـی عەقرە و خشـتەی تشرینـی یەکـەم و کانوونـی یەکـەم و دووەمـی سـنجار و خشـتەی شـوباتی سـەڵاحیە پێشـکەش کـراوە، لـە سـنجار مانگـی تشرینـی دووەم و شـوبات و لـە کەرکـووك و زاخـۆ کانوونـی یەکـەم رووداو روونەداوە، ئـەو داواکاریانەی کە پێشـکەش کراوە، تۆمارکـراوە، هەروەهـا دوای هاتنـی خشـتەی مـاوەی پاشـکۆ پێشـکەش دەکرێـت، راگەیەنـدراوە، لە ١٠ نیسـان ٣٢٨.<br>تاهیر والی موسڵ | | |




DH.MB.HPS.00085.00095.001

هەواڵنامەی کتێب

| 25 جەمادی کۆتایی 1330 | 00085.00095 | **DH.MB.HPS.** |
|---|---|---|

٢٩ مایس ٣٢٨
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
وەڵامی نووسراوی مێژووی ١٠ مایس ٣٢٨ ژمارە ٦٠ی عالیە، بۆ ڕێکخستنی مووچەی گرتوخانەکانی ئەم ساڵ، دەرماڵەی تری تێدا نەبووە، ئەو برە پارەیەی کە پێشنیار کراوە لە بوودجە زیاد بکرێت، بۆ قەبوڵ کردنی پارەکە خراوەتە ساڵی داهاتوو، بۆ گرتووخانەکانی قەزایەکانی دهۆك و عەقرە و عەمادیە و زاخۆ داوای مووچەی گاردیانەکان کراوە، بەڵام دابین کردنی مەحاڵە، حاڵی حازر بە لێکۆڵینەوە تەمەنا دەکرێت لە کارگێری ڕێك بخرێت.




DH.ID.00136.1.00012.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00136.1.00012 | 4 جەمادی کۆتایی 1330 |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی داد و مەزهەبەکان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
ژمارە ١٥٣
پوختە: لە بارەی دامەزراندن و ناردنی پزیشکێکی شارەوانی بۆ قەزای زاخۆ.
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پزیشـکێکی گشـتی و هەنـاوی بـە بروانامـە لـە قـەزای زاخـۆ نییـە، لـە کاتـی ڕوودانـی تاوانـی وەکـو کوشـتن و بریندارکـردن، بـە شـێوەیەکی ئاسـایی ڕاپـۆرت لـە پزیشـك وەردەگیرێـت، بۆیـە بـە گوێـرەی ئـەو ئاماژەیـەی کـە لـە ناوەخـۆ هاتـووە، بەپەلـە پزیشـکێك لـە تەندروسـتی شـارەوانی زاخـۆ دامەزرێـت و ڕەوانـی شـوێنەکە بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایەنـی ویلایەتـەوە لـە مێـژووی ٣٠ کانوونـی یەکـەم ٣٢٧ نـووسراو بـۆ ئەنجوومەنـی پزیشـکی مولکیـە و سـەرۆکایەتی تەندروسـتی گشـتی کـراوە و ئامـاژەی پێکـراوە، ئەمجـارەش لـە داواکاری گشـتی ئیسـتینافی موسـڵ نـووسراو کـراوە و ئامـاژەی پـێ کـردووە، جێبەجـێ کردنـی کارەکـە و ڕاگەیاندنـی دەگەڕێتـەوە بـۆ پەیوەندیدارانـی نەزارەتـی عالـی، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٤ جەمادی کۆتایی ٣٣٠ و لە ٨ مایس ٣٢٨
ڕاوێژکار بە ناوی نازری داد





DH.MB.HPS.00145.00034.001

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MB.HPS.</td><td>00145.00034</td><td>8 رەبیعی كۆتایی 1330</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی تۆمار<br>ژمارە ١٠<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەسەر ووتەی بەڕێوەبەرایەتی كارگێری گشتی گرتووخانەكان، نووسراوی مێژووی ٣١ كانوونی یەكەم ٣٢٧ ژمارەی گشتی ٥٥٦، وەڵامی پەیوەندیدارانی نەزارەتە، ئەوەی پەیوەستە بە گرتووخانەكان، خشتەی ئاماری ویلایەتی ناوهاتوو لەگەڵ قەزایەكانی زاخۆ و عەقرە و عەمادیە بە چوار پارچە خشتە هاوپێچ پێشكەش كراوە، هەروەها ئەو خشتانەی كە لە ناوچەكانی تر وەردەگیرێن، پێشكەش دەكرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ٨ رەبیعی كۆتایی ٣٣٠ و لە ١٣ مارت ٣٢٨.<br>مۆری تاهیر والی موسڵ</td></tr>
</table>



ŞD.03097.00029.003




ŞD.03097.00029.001

هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 03097.00029 | 19 سەفەر 1330 |
|---|---|---|

- بۆ لایەنی سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
٢٤ ساڵ بەبێ دابڕان وەکو فەرمانبەری مولکیە کارم کردووە، لە کاتی خۆی کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتیم بەرز نەکراوەتەوە، بەم شێوەیە غەدرم لێکراوە، دوو ساڵە هەوڵ دەدەم، کەچی لە هیچ لایەنێك مووچەی دابراوانی فەرمانبەرانم وەرنەگرتووە، خودا دەزانێ پێداویستیم تا کۆتا ئاست هاتووە، تکا دەکەم ئەو بریارنامانەی کە لە بارەی منەوە لە شورای دەوڵەت دەرچووە، کۆپی دووەمی دەربهێنرێت و حەواڵەی تۆمار بکرێت، یارمەتی بۆ سەرۆکایەتیە، داوا دەکەم شایەنی وەڵامدانەوەم، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٦ کانوونی دووەم ١٣٢٧
ئیبراهیم ئەدهەم بەگ قائیمقامی پێشووی زاخۆ


- ئیبراهیم ئەدهەم بەگ قائیمقامی پێشووی زاخۆ لە ناوچەکەی ئێمە نیشتەجێیە، لە مووچەی دابراوانی فەرمانبەران و گشت ئەرکەکانی تری هیچ مووچەیەکی نییە، جگە لەمە مولکیشی نییە، بژێوی ژیانیشی خراپە، بۆ ئەم کارە کاغەز ڕێك خراوە و پێشکەشی فەرمانگەی پەیوەندیدار کراوە، لە ٢٥ کانوونی دووەم ٣٢٧.




ŞD.03101.00041.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ŞD.</td><td>03101.00041</td><td>26 رەبیعی کۆتایی 1330</td></tr>
<tr><td colspan="3">کاغەزی رەشنووسی تایبەتی شورای دەوڵەت<br>١ نیسان ٣٢٨<br>بۆ دووپاتکردنەوە، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلەی بە وەکالەت کراوە<br>ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ بە پشت بەستن بە یاسای .... پێویستە بە دەستپێشخەری بریارێك بدرێت و رابگەیەندرێت، شیفرە لە مێژووی ١٥ مارت ٣٢٨ نووسراوەتەوە، تا ئێستا وەڵامەکەی نەهاتووە، هەروەها دووبارە بۆ میهرەبانی و بەزەیی پێهاتنەوە ئەو داواکاریەی کە لەلایەن داواکار پێشکەش کراوە، هاوپێچ نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە بە ئاماژەی پێشوو هەرچی زووە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت، کاغەزە نێردراوەکانیش بگەرێندرێتەوە.</td></tr>
</table>




DH.EUM.EMN.00030.00011.001


<table>
<tr><th>DH.EUM.EMN.</th><th>00030.00011</th><th>6 شەوال 1331</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>فەرمانگەی گشتی هەواڵگری<br>یەكەی چوارەم<br>وێنەی تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٤ ئۆغستۆس ٣٢٩ی ویلایەتی دیاربەكرە<br>دوو كەس لە هۆزی هویری جەزیرە و ئەو یەزیدییانەی كە لە گوندی هەفەندكان نیشتەجێن، لەلایەن كەسانی نادیارەوە لە دووری دوو كاتژمێر لە زاخۆ كوژراون، لەبەر ئەوەی شوێنی تاوانەكە قەزای زاخۆیە، بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە نووسراو بۆ قائیمقامیەت كراوە، هەروەها بۆ لێكۆڵینەوە تەرمەكانیشیان نێردراوەتە تەندروستی شارەوانی، پێویستە بكوژەكانیش ئاشكرا بكرێن، ئەنجامەكەشی رابگەیەندرێت، لە موتەسەرفیەتی ماردین راگەیەندراوە كە ئاماژە دراوەتە بەرێوەبەرایەتی سلۆپی.</td></tr>
</table>


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارەسی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM.

DH.EUM.EMN.00033.00010.001

| DH.EUM.EMN . | 00033.00010 | 4 شەوال 1331 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە
فەرمانگەی تەلەگرافی دەوڵەتی عالیەی عوسمانیە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە هـۆزی هویـری جەزیـرە و گونـدی هفندکانـی یەزیـدی نیشـتەجێ بـوو، دوو کـەس لـە دووری ٢ کاتژمێـر لـە زاخـۆ لەلایـەن کەسـانێکی نادیـار کـوژراون، لەبـەر ئـەوەی شـوێنی تاوانەکـەش زاخۆیـە، بـۆ ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوەی پێویسـت نـووسراو بـۆ قائیمقامیـەت و بـۆ پشـکنینی لاشـەکانیش پزیشـکی شـارەوانی نێـردراوە، هەروەهـا بکوژەکانیـش بدۆزرێنـەوە و لەگـەڵ ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، بـۆ ئەمـەش ئامـاژە بـۆ بەرێوەبەرایەتـی سـلۆپی نێـردراوە، لـە موتەسـەرفیەتی ماردیـن راگەیەنـدراوە، لـە ٢٤ ئۆغسـتۆس ٣٢٩.
حەقی والی




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MTV. | 00062.2.00028 | 9 شەوال 1331 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆ
٩ شەوال ٣٣١
٢٩ ئۆغستۆس ٣٢٩
بۆ وەکالەتی عالی ویلایەتی موسڵ

لـە بـارەی سـلێمان ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری مەرکـەزی پۆسـتە و تەلەگرافـی زاخـۆ، لـە دادگای ئیسـتینافی شـورای دەوڵـەت دادگایـی کـراوە، لـە ئەنجامـی ئیسـتینافەکە داواکـە دووبـارە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری زاخـۆ ووردبینـی و سـەیر دەکرێـت، بۆیـە لـە مێـژووی ٢٠ کانوونـی یەکـەم ٣١٤ بڕیـار لـە هەڵوەشـاندنەوەی دراوە، لـە سـاڵی ٣١٧ خەرجیەکـەی ڕێکخـراوە و کاغەزەکانـی نێردراوەتـە خۆچێـی، بـەڵام لـە قـەزای زاخـۆ نەبینراوە، لـەم بابەتـەدا چاودێـری کردنەکـەی هێشـتا هیـچ ئەنجامێکـی نەبـووە، لـە گفتوگـۆ دەرکەوتـووە تـا ئێسـتا کاغـەزە باسـکراوەکان دەرنەهاتـوون، بۆیـە لـە نەزارەتـی پۆسـتە و تەلەگـراف و تەلەفۆنـی جەلیلـە ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا ڕاگەیەنـدراوە نەدۆزینـەوەی کاغـەزی باسـکراو جێگای تێروانینـە، بۆیە بە پەلە لێکۆڵینـەوە بکرێت و ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێت.





DH.MB.HPS.00148.00062.001

هەواڵنامەی کێڤ


| DH.MB.HPS. | 00148.00062 | 18 شەعبان 1331 |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٦٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
خشــتەی ئامــاری ئــەم ســاڵەی گرتووخانەکانــی ســلێمانی و زاخــۆ و عەقــرە پێشــکەش کــراوە، هاوپێــچ ٣
جەنابی میری میرانی ئەفەندم
بەرایـی داواکاری مێـژووی ٢٧ حوزەیـران ٣٢٩ ژمـارە ٦٣، بـۆ ئـەم سـاڵە سـێ پارچـە خشـتەی ئامـاری سـلێمانی و زاخۆ و عەقـرە هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٨ شەعبان ٣٣١ و لە ٩ تەمموز ٣٢٩
مۆری حەسەن موحەررەم والی موسڵ



داخلیه نظارتی
İ.DH. 01498

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01498.000028</td><td>20 رەبیعی کۆتایی 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەرێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٨٧<br>فەرمانی پاشا<br>عەلی نیازی ئەفەندی قائیمقامی قەزای زاخۆ گوازراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی سەلاحیە، زەکی ئەفەندی قائیمقامی سەلاحیەش بۆ قائیمقامیەتی سنجار و عاسم ئەفەندی قائیمقامی سنجاریش بۆ قائیمقامیەتی زاخۆ ئاڵوگۆریان پێ کراوە و جێبەجێ کراوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نەزارەتی ناوەخۆی ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ٢٠ رەبیعی کۆتایی ٣٣١ و لە ١٦ مارت ٣٢٩.<br>نازری ناوەخۆ/ سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





DH.MB.HPS.M.00017.00036.001




DH.MB.HPS.M.00017.00036.002




DH.MB.HPS.M.00017.00036.003




DH.MB.HPS.M.00017.00036.004

| DH.MB.HPS.M. | 00017.00036 | 8 زیلحیجه 1332 |
|---|---|---|

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٢٣٨ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

هاوپێچـی نـووسراوی بەندەمـان لـە مێـژووی ٢٤ ئەیلـوول ٣٣٠ ژمارە ٢٣٠، خشـتەی ئاماری چوار مانگـی گرتووخانەی قەزایەکانـی زاخـۆ و عەمادیـە و هەولێـر پێشـکەش کـراوە، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی لـە قـەزای رانیـە دەسـتگیرکراو نییـە، بـە پێویسـت نەزانـراوە خشـتەی بـۆ ئامـادە بکرێـت، بـە موتەسـەرفی کەرکـووك راگەیەنـدراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات، لـە ٨ زیلحیجە ٣٣٢ و لـە ١٤ تشرینی یەکـەم ٣٣٠.
والی موسڵ

- ویلایەتـی موسـڵ، خشـتەی ئامـاری چـوار مانگـی گرتووخانـەی قـەزای عەمادیـەی سـەر بـە سـانجەقی موسـڵ.

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | نێر | مێ | دەبێتە |
| کوشتن | | | | | | |
| ئاژاوە | 26 | | 26 | 1 | | 1 |
| کاری بەد | | | | | | |

لە ١ مارت ٣٣٠/ مۆری عەبدولەجید قائیمقامی عەمادیە

- ویلایەتـی موسڵ/ خشـتەی ئامـاری چـوار مانگـی گرتووخانـەی قـەزای هەولێـری سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووك.

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | نێر | مێ | دەبێتە |
| کوشتن | 10<br>26 | | 26 | 26 | | 26 |
| ئاژاوە | 25<br>26 | | 24 | 24 | | 24 |
| کاری بەد | 4<br>18 | | 18 | 18 | | 18 |
| 68<br>39-29 | لە شەست و هەشت زیندانی کراو بیست و نۆی دەرچووە ئەوەی ماوەتەوە سی و نۆیە. | | | | | |

لە مانگی مارتەوە تا کۆتایی حوزەیران خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانە قەزای هەولێر رێکخراوە و کاری پێکرا.
لە ١٢ رتەمموز ٣٣٠
مۆری گاردیانی گرتووخانەی هەولێر


- ویلایەتی موسڵ/ خشتەی چوار مانگی گرتووخانەی قەزای زاخۆیە.

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | نێر | مێ | دەبێتە |
| کوشتن | | | | 5 | | 5 |
| ئاژاوە | 1 | | 1 | 1 | | 1 |
| کاری بەد | | | | | | |


سەرەتای مانگی مارت تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٣٣٠ بە شێوەیەکی باڵا، ٢٦ سزادراو و ١ دەستبەسەرکراو تۆمار کراوە، لە ١١ تشرینی یەکەم ٣٣٠.

مۆری حلمی ئەحمەد سەرۆکی دادگای زاخۆ

هەواڵنامەی کتێب



DH.ID.00040.2.00035.002



DH.ID.00040.2.00035.005

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00040.2.00035 | 2 جەمادی کۆتایی 1332 |
| --- | --- | --- |

- تەلەگرافنامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە زاخۆوە بە رووبار دەچینە موسڵ، لەم كارە زوڵمان لێ دەكرێت، لەلایەن قائیمقامی زاخۆ باجی تێپەربووغمان لێ وەردەگیرێت، بۆیە چەند جار سەردانی لایەنی پەیوەندیدارمان كردووە، بەڵام قائیمقام داواكەمان بە نامەشروع دەزانێت، گوێ لە قسەكانمان ناگیرێت، بەهۆی دژایەتی كردنی یاسا داواكەمان بەرز كردۆتەوە، تكا دەكەین دادپەروەرانە داواكەمان جێبەجێ بكرێت.

یوسف سەعدۆ كەلەكچی


- تەلەگرافنامە

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە ٥ نیسان ٣٣٠، هەر لە ساڵانی كۆنەوە باجی كەلەك بە ناوی شارەوانی وەردەگیرێت، لە قائیمقامیەتی زاخۆش راگەیەندراوە و لە نوسراوی مێژووی ١٣ كانوونی دووەم ٣٢٩ ژمارە ٥٧٤ی دەوڵەت، لە وەڵامدا هەروەكو خۆی روون كردنەوە نووسراوەتەوە.

١٥ نیسان ٣٣٠


نەزیف والی




DH.EUM.EMN.00045.00029.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.EUM.EMN. | 00045.00029 | 10 موحەررەم 1332 |
|---|---|---|
| تەلەگرافنامە<br>٢٦ تشرینی دووەم ٣٢٩<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لە ناوچەكانی جەزیرە و زاخۆ، ئەحمەد كوڕی ئاغای سورك چەتەی شرناق كاری چەتەیی ئەنجام داوە، لە كاتی ڕۆیشتنی بۆ گوندی گوندول لە قەزای ئوروە دەستگیركراوە، نێردراوەتە جەزیرە، بە ئاماژەی قائیمقامیەتی جۆلەمێرگ، لە موتەسەرفیەتی هەكاری ڕاگەیەندراوە، ٢٥ هەمان ساڵ.<br>تەحسین والی | | |




BEO.004255.319092.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1332 ڕەبیعی یەکەم 5 | 004255.319092 | BEO. |
|---|---|---|

٥ ڕەبیعی یەكەم ١٣٣٢
١٩ كانوونی دووەم ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێـژووی ١٣ كانوونـی دووەم ١٣٢٩ وەڵامـی نـووسراوی عالیـە، وێنـەی هاوپێچـی لـە دەفتـەر نوسراوەتـەوە، لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ گونـدەكان لـە قەزاكانـی دهـۆك و ڕانیـە دابڕێـن و جیابكرێنـەوە، ئینجـا بـە قەزاكانـی زاخـۆ و كـۆی سـانجەق و بـە ناحیـەی شـێخانی قـەزای موسـڵ ببەسـترێنەوە، لـەم بارەیـەوە بـە ڕەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا بفەرمووێـت وێنـەی پەسـەند كـراوی هاوپێـچ بـۆ عالـی نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ كردنـی ئـاگاداری دراوە، نـووسراو بكرێـت تـا هیممـەت بكرێـت لـە ئەنجـام دانـی.


TELEGRAMME

تلغرافنامه


دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ DH.İ.UM.EK. 5 4

DH.İ.UM.EK.00005.00004.001

<table>
<tr><td>3 موحەررەم 1333</td><td>00005.00004</td><td>DH.I.UM.EK.</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>فەرمانگەی تەلەگرافی دەوڵەتی عالیەی عوسمانی<br>بـۆ لەشـکری چـوارەم ئەمـرۆ لـە مەرکـەزی ویلایـەت ٤١٢٠ قیـە گەنـم و ٥٣٢٢ قیـە جـۆ لەگـەڵ ١٨٨ تەنەکـە و ٩٤ سـندوق ...... ٣٦١٩ قیـە قاورمـە و رۆن لـە زاخـۆش ٦٨٩٥ قیـە سـاوار هەروەهـا ٢١٦٣ قیـە تـرێ و لـە عەقـرەش ٣١٥١ قیـە گەنـم و ١٥٤٨ قیـە جـۆ و ٢١٥ قیـە رۆن بـۆ سـەعرد نێـردراوە، لـە ٨ تشرینـی دووەم ٣٣٠.<br>والی سلێمان نەزیف (نظیف)</td></tr>
</table>


TELEGRAMME


ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ

DH.İ.UM.EK

DH.İ.UM.EK.00005.00014.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.I.UM.EK. | 00005.00014 | 15 موحەررەم 1333 |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بۆ لەشکری سێیەم، مانگی تشرینی دووەم ڕۆژی ١٦ لە دهۆکەوە ١٧٢٨ و نیو کیلۆ قۆری ترێ و ٩٤ تەنەکە قاورمە و ٣ سندوق هێلکە لەگەڵ ٤٠ یوك کیجە بۆ کۆگای سەعرد نێردراوە.<br>والی سلێمان | | |


ADMINISTRATION DES TÉLÉGRAPHES OTTOMANS

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

Il n'y a rien à payer au porteur

OSMANLI ARŞİVİ DH.İ.UM.EK 5 46

Dans les télégrammes imprimés, le premier nombre après le nom du lieu d'origine est un numéro d'ordre, le second indique le nombre des mots taxés, les autres désignent la date et l'heure du dépôt.

DH.İ.UM.EK.00005.00046.001

| 1 سەفەر 1333 | 00005.00046 | DH.I.UM.EK. |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>ژمارە ٢٩٦<br>هاوپێچ ٤ کانوونی یەکەم ٣٣٠، دوێنێ بە ڕێگەی نەسیبین-دیاربەکر بە ١٥٤ حوشتر ١٢٩٦١ قیە گەنم و ٦٣٨٣ قیە جۆ لە مەرکەزی ویلایەت هەروەها ٢٣٥١ قیە جۆ و ١٧٢٠ قیە ترێ لە زاخۆوە بۆ کۆگای سەعرد نێردراوە، لە ٦ کانوونی یەکەم ٣٣٠.<br>نەزیف والی موسڵ | | |




DH.I.UM.EK.00005.00073.001




DH.I.UM.EK.00005.00073.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.I.UM.EK.</td><td>00005.00073</td><td>9 سەفەر 1333</td></tr>
<tr><td colspan="3">- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>٥ كانوونی یەكەم ٣٣٠<br>پەیوەستە بە لەشكری سێیەم، ٢١٩٧ قیە جۆ هەروەها ٢٦٤٠ قیە گەنم و ١٦ تەنكە قاورمە و ٩٢ یوك ....... دوێنێ لە دهۆك بۆ سەعرد نێردراوە.<br>لە ٥ كانوونی یەكەم ٣٣٠<br>نەزیف والی<br><br>- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>هاوپێچ لە ١٣ كانوونی یەكەم ٣٣٠، ٢٧٩٠ قیە گەنم و ٣٧٧٠ قیە جۆ و ١٧ .... و ١ سەجادە دوێنێ لە دهۆكەوە بۆ كۆگای سەعرد نێردرا، لە ١٤ كانوونی یەكەم ٣٣٠.<br>بەسیم وەكیلی والی</td></tr>
</table>





DH.İ.UM.EK.00005.00153.001




DH.İ.UM.EK.00005.00153.003





DH.İ.UM.EK.00005.00153.004




DH.İ.UM.EK.00005.00153.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.I.UM.EK.</th><th>00005.00153</th><th>19 سەفەر 1333</th></tr>
<tr><td colspan="3">- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>ژمارە ٢١٠٨<br>هاوپێچ كانوونی یەكەم ٣٣٠ یەكەم رۆژ و دوێنێ لە زاخۆوە دوو كاروان ٢٠٩٩ قیە ساوار و ٢٣٠٢ قیە گەنم و ١٠٨٠٤ قیە جۆ بۆ كۆگای سەعرد رۆیشتووە، لە ١٣ كانوونی یەكەم ٣٣٠.<br>نەزیف والی<br><br>- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>وێنەكەی بۆ نەزارەتی جەنگی<br>هاوپێچ كانوونی یەكەم ٣٣٠ دوێنێ ٣٨٥٨ قیە جۆ لە زاخۆوە بۆ سەعرد رۆیشتووە، لە ٢٤ كانوونی یەكەم ٣٣٠.<br>بەسیم وەكیلی والی<br><br>- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>ژمارە ٤٠٠<br>هاوپێچ كانوونی یەكەم ٣٣٠ لە زاخۆوە ٥٢ تەنەكە قاورمە و ١٣٣٧ قیە گەنم و ٢٦٩٣ قیە جۆ و لە دهۆكیش لە پارەوپولی ..... ٢٦٠ قیە گەنم و ٣٧٧٠ قیە جۆ و ٧ تەنەكە رون بۆ كۆگای سەعرد رۆیشتووە، لە ١ كانوونی دووەم ٣٣٠.<br>رەشید والی<br><br>- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>تشرینی دووەم ٣٣٠ ئەمجارە لە زاخۆوە لەگەڵ ئەو كاروانەی دەرچووە، ٢٤١٢ قیە قۆری ترێ نێردراوە، هەروەها تا چوار پێنج رۆژی تر لەوێوە كاروانێكی گەورەی تر دەردەچێت، فەرمان، لە ١٠ تشرینی دووەم ٣٣٠.<br>نەزیف والی</td></tr>
</table>





DH.İ.UM.EK.00010.00056.001

هەواڵنامەی کتێب


| 29 شەوال 1333 | 00010.00056 | DH.I.UM.EK. |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی تایبەتی
موسڵ
هاوپێچی مێژووی ٢٣ ئۆغستۆس ٣٣١، لە قەزای زاخۆ بە ئاشكرا دە یەك رادەگەیەندرێت، كە بری دانەوێڵە لە ٢٧٢٤٧ كیلۆ گەنم هەروەها ٢٤٦١٩٧ كیلۆ جۆ پێك هاتووە.
لە ٢٧ ئۆغستۆس ٣٣١
بەسیم بە ناوی بریكاری والی


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İ.UM.EK
10 | 74

DH.İ.UM.EK.00010.00074.001


| 2 زیلقەعدە 1333 | 00010.00074 | DH.I.UM.EK. |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>قەڵەمی شیفرە<br>لە موسڵ دەرچووە<br>هاوپێـچ ٢٣ و ٢٧ ئۆغسـتۆس ٣٣١، لـە قـەزای دهـۆك لـە بەرامبـەر ئەرزاقـی لەشـكر، دە یەكـی ئـەو گوندانـەی كـە پێـی بەسـتراونەتەوە، لـە ١٣٦٧٨٢ كیلـۆ گەنـم و ٣٤٩٢٧ كیلـۆ جـۆ و ٣٣٦٢ كیلـۆ نـۆك و ٤٩٠٠ كیلـۆ نیسـك و ٢٩٣٥٣ كیلـۆ برنـج پێـك هاتـووە، لـە ٢٩ ئۆغسـتۆس ٣٣١.<br>نەسیم بە ناوی وەكیلی والی | | |




DH.MB.HPS.M.00021.00011.001

هەواڵنامەی دیار


| DH.MB.H.PS.M. | 00021.00011 | 27 رەبیعی كۆتایی 1333 |
|---|---|---|
| لـە ویلایەتـی موسـڵ، خشـتەی ئامـاری چـوار مانگـی گرتووخانـەی قـەزای دهۆكـی سـەر بـە سـانجەقی موسـڵ<br>ژمارەی دەستبەسەركراوان<br>نێر: ٦/ مێ: نییە/ دەبێتە: ٦<br>لە تشرینی دووەم تا كۆتایی شوبات<br>لە ١ مارت ٣٣١<br>مۆری وەكیلی قائیمقامی دهۆك | | |




DH.İ.UM.EK.00090.00069.001

هەواڵنامەی کیبر

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.I.UM.EK.</td><td>00090.00069</td><td>10 سەفەر 1333</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لە موسڵ دەرچووە<br>ژمارە ٢٢٤<br>هاوپێـچ ١٤ كانوونـی یەكـەم ٣٣٠، دوێنـێ ٥٢٠٩ گەنم لە زاخۆ بۆ كۆگای سـەعرد ڕۆیشـتوە، لە ١٥ كانوونـی یەكەم ٣٣٠.<br>وەكیلی والی</td></tr>
</table>





DH.İ.UM.EK.00093.00017.001

| DH.I.UM.EK. | 00093.00017 | 14 جەمادی کۆتایی 1333 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٣٥ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی نازر بەگی ئەفەندی

دوو سێ ڕۆژ بە بێ دابڕان باران زۆر بە لێشاو و چروپڕی باریوە، بۆیە لە شارۆچکەی کەرکووك دیواری ٤ خانە و حەوشەکەی هەروەها خانەیەك و شێوەی قەڵاکەی رووخاوە، هەروەها لە شارۆچکەی زاخۆش سێ چوار خانە رووخاوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە شوێنەکان راگەیەندراوە کە زیانی گیانی نەبووە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٤ جەمادی کۆتایی ٣٣٣ و لە ١٦ نیسان ٣٣١
حەیدەر وەکیلی والی موسڵ





DH.UMVM.00131.00076.002

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 24 رەجەب 1333 | 00131.00076 | **DH.UMVM.** |


ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆماركردن
٨٧ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی نازر بەگی ئەفەندم
لە قەزای زاخۆ ئەو مەكتەبە سەرەتاییەی كە دروست كراوە، سەر لە نوێ نۆژەن دەكرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن دانیشتوانەوە خۆبەخشانە ١٥٨٨٤ قوروش و ١٣ پارە كۆكراوەتەوە، پشت بەستن بە ئاگاداری گشتی لە بودجەی هاتوو تۆمار كراوە، هەروەها بۆ تەواوكردنی نۆژەنكردنەوەی مەكتەبی باسكراو لە بەشی دابینكردنی بودجەی تایبەتی ئەم ساڵەدا هیچ داهاتێك دانەنراوە، لە بەرامبەر ئەم پارەیەی كە كۆكراوەتەوە لە بودجەی ئەم ساڵەدا لە هەمان بەشدا لە وەرزی سێیەم، هەمان برە پارە لە داهاتی رێكخراو بدرێت، بە بریاری ئەنجوومەنی ویلایەت تكا كراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمانی بەدەستە.
لە ٢٤ رەجەب ٣٣٣ و لە ٢٥ مایس ٣٣١
مۆری ئەحمەد بەسیم دەفتەردار بە ناوی وەكیلی والی موسڵ




DH.UMVM.00132.00011.003

هەواڵنامەی کتێب


| 6 رەمەزان 1333 | 00132.00011 | DH.UMVM. |
|---|---|---|
| ٥ تەمموز ٣٣١<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە<br>وەڵامـی نـووسراوی عالـی مێـژووی مایـس ٣٣١ ژمـارە ٨٧، لـە قـەزای زاخۆ سـەر لـە نوێ بـۆ تەواوكردنی ئـەو مەكتەبە سـەرەتاییەی كـە دروسـت دەكرێـت، لـە ویلایەتـی عالیە لـە موازەنەی تایبەتی ئەم سـاڵەدا بۆ بەشـی سـێیەم، ١٥٨٨٤ قوروش زیادكراوە، بە ڕەزامەندی جەنابی پاشـا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، وێنەی پەسـەند كراوی هاوپێچ نێردراوە. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
DH.UMVM
132 | 33 | 1

DH.UMVM.00132.00033.001

کتێبی هەواڵنامە

| DH.UMVM. | 00132.00033 | 19 رەمەزان 1333 |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>١٨ تەمموز ١٣٣١<br>هاوپێچی نووسراوی ٢٥ مایس ٣٣١، بۆ مەکتەبی زاخۆ لەلایەن دانیشتووانەوە ١٥٨٠٠ و هەندێك بەخشراوە، وەکو نەریت خراوەتە سەر بوودجەی دەیەمین، پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە، لە ١٣ ئەم ساڵە.<br>حەیدەر وەکیلی والی | | |



I.HB.00176.00038.002


هەواڵنامەی کیژ

| 30 زیلحیجه 1333 | 00176.00038 | I.HB. |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی تۆمار
قەڵەمی تۆمار
١٦٦٠
فەرمانی پاشا


لـە میللەتـی ئەرمەنـی موسـا گوزەللـی لـە قـەزای زاخـۆی سـەر بـە موسـڵ نیشـتەجێیە، لـە کۆمەڵـەی تاشناقسـیۆنی ئەرمەنـی مورقیـس بوغوسـیان کار دەکات، هەروەهـا لەگـەڵ کۆمەڵـەی ناوهاتـوو گفتوگـۆی هەبـووە، لـە خانەکـەی بەیاننامـەی کۆمەڵەکـە دۆزراوەتـەوە، لەگـەڵ بەیاننامەکـە مەکتـوب و نیشـانی ئەرمەنـی و وێنـەی خۆبەختـکاران و وێنـەی شـیفرەی تایبـەت بـە گفتوگـۆکان بـە ووتـەکان پەسـەند کـراوە، ناوبـراو بـە یاسـانامەی سـزای مولکیـە مـاددەی ٥٤ دەسـتەواژەی ٢ و لـە مێـژووی دەسـت بەسـەر کردنـی ١٠ سـاڵ لـە قـەڵا بەنـد دەکرێـت، ئـەو بریـارەی لـە دیوانـی جەنگـی عورفـی موسـڵ پەسـەند کـراوە.

بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری جەنگی ئەرکی پێ سـپێردراوە، له ٣٠ زیلحیجه ٣٣٣ له ٢٦ تشرینی یەکەم ٣٣١.
وەکیلی باش قوماندان و نازری جەنگی/ سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>14 رەمەزان 1334</td><td>00044.000045</td><td>I.DUIT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەرێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>ژمارە ١١٥٩<br>فەرمانی پاشا<br>سادق بەگ قائیمقامی قەزای سەڵاحیە، بە مووچەی چینی سێیەم بۆ قائیمقامیەتی قەزای زاخۆ گوازراوەتەوە و دامەزراوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەرکی پێ سپێردراوە.<br>لە ١٤ رەمەزان ١٣٣٤ لە ٢ تەمموز ١٣٣٢<br>نازری ناوەخۆ/ سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00063.00317.001

هەواڵنامەی کێژ


| 1334 ڕەجەب 10 | 00063.00317 | DH.ŞFR. |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنیەت<br>٤٦٦٢٠ گشتی<br>٢٠ تایبەتی<br>بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە<br>لە ٢٤ نیسان ٣٣٢، مەسعود بەگ قائیمقامی زاخۆ لە بارەی کارە گەندەڵەکانی ئەرمەنییەکان، زانیاری لەسەر هۆکاری گەندەڵیەکان ڕاگەیاندووە، ٣٠ نیسان ٣٣٢.<br>نازر | | |





DH.ŞFR.00063.00319.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00063.00319</td><td>10 رەجەب 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتیی فەرمانبەران<br>بۆ ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە<br>لە ١٩ نیسان ٣٣٢ ڕەزامەندی دراوە لە دوورخستنەوەی قائیمقامی قەزای زاخۆ مەسعود بەگ، لەسەر جموجوڵ و بـارودۆخ و کاروکردەوەکانـی لێکۆڵینـەوە دەکرێت، لەگەڵ جێبەجـێ کردنی کاغەزەکانـی لێکۆڵینەوەکە بنێردرێت.<br>لە ٣٠ نیسان ٣٣٢<br>نازر</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب




| 14 رەجەب 1334 | 00114.000010 | I.DUIT. |
|---|---|---|

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی
ژمارە
٢٢٢٥٩
٢٠٤
بۆ جەنابی عالی لە پەیوندیدارانی سەدارەتمان
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
مەسـعود بـەگ قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ لـە کۆکردنـەوەی باجـی جەنگـی و لـە ئامادەکردنـی شـوێنگرەوەی پـارەی پەنابـەران هـەواڵ وەرگیـراوە، کاری خـراپ زۆر کـراوە، لـە بەشـێکی دەسـتی هەبـووە، لەگـەڵ ئەمـەش ئافرەتێکـی زۆری ئەرمەنـی لـە خانەکـەی کۆکردۆتـەوە، زیـاد لـە خـۆی لەسـەر ئـەم کارەی دەروات و پێـی خۆشـە، بۆیـە لـە چاوی دانیشـتوان و هـۆزەکان کاریگەرییەکـی زۆر ناشـیرینی دروسـت کـردووە، لەبـەر ئـەوەی قـەزای ناوهاتـووش لە شـوێنە گرنگەکانـە و خەڵـك و هۆزەکـەی بـۆ ئـەم کارە داوای هـۆکار لـە حکوومـەت دەکـەن، بـەم راگەیەنـدراوە بـە ئاماژەی ویلایەتـی موسـڵ بـە پێویسـت زانـراوە بگۆردرێـت، هەروەهـا بـە تێروانین لـە ئاماژەکـە دەبـێ ناوبـراو دووربخرێتەوە، لەگـەڵ راگەیاندنـی هۆکارەکـەی ئـەرك و بەرپرسـیارێتی خراوەتـە ئەسـتۆ بـە پێویسـت زانـراوە لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ بکرێـت، ئـەو لێکۆڵینـەوەی کـە ئەنجـام دەدرێـت بـە گوێـرەی ئەنجامەکەی بریـار لەسـەر ناوبـراو دەدرێت، لـە حاڵی حازریـش لـە شـوێن ناوبـراو کەسـێکی گونجـاو هەڵبژێردرێـت، ئێسـتا دوورخسـتنەوەکەی بـە بریـاری ئەنجوومەنـی بەرێوەبـەرەکان لەگـەڵ لیسـتی فەرمانـی پاشـا پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنـی یارمەتـی پایەبـەرزی دەوێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کە فەرمانی لە دەسـتە، لـە ١٠ رەجـەب ١٣٣٤ و لە ٣٠ نیسـان ٣٣٢.
نازری ناوەخۆ

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی
ژمارە ٧٠٤
فەرمانی پاشا
مەسعود بەگ قائیمقامی زاخۆ دوورخراوەتەوە.


بـۆ جێبەجـێ کردنـی فەرمانـی پاشـا نـازری ناوەخـۆ ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، لـە ١٤ رەجـەب ١٣٣٤ لـە ٤ مایـس ١٣٣٢.
نازری ناوەخۆ/ سەدری ئەعزەم




| I.DUIT. | 00129.000028 | 16 زیلقەعدە 1334 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆی ویلایەت
٣٧٤٨ گشتی
٥١٢ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
پوختە: جێبەجێ کردنی گواستنەوەی موازنەی تایبەتی ویلایەتی موسڵ

راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
بـۆ زەمانەتـی تەواوکردنـی مەکتەبـی سـەرەتایی زاخـۆ گواسـتنەوەی موازەنـەی تایبەتـی ویلایەتـی ئـەم سـاڵە، بـە بریـاری ئەنجوومەنـی ویلایەتـی موسـڵ بـە پێویسـت زانـراوە، لـەم بارەیـەوە لیسـتی فەرمانـی پاشـا رێکخـراوە، هاوپێـچ راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنـی کارەکـە یارمەتـی پاشـای دەوێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە، ١٦ زیلقەعـدە ٣٣٤ و لـە ١ ئەیلـوول ٣٣٢.
نازری ناوەخۆ
سلێمان فەهمی


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ DH.UMVM


DH.UMVM.00141.00041.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.UMVM. | 00141.00041 | 2 زيلحيجه 1334 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ناوەخۆی ویلایەت
١٧ ئەیلوول ٣٣٢
بۆ ویلایەتی موسڵ
تەلەگراف
لە ٢٧ ئۆغستۆس ٣٣٢؛ ٧٥١٩ قوروش بۆ تەوەرەی سێیەمی بوودجەی ئاسایی گوازراوەتەوە.

نووسراو
تەلەگرافنامەی واڵای مێژووی ٢٧ ئۆغستۆس ٣٣٢، بۆ نۆژەنكردنەوەی مەكتەبی سەرەتایی زاخۆ، بە بڕیاری ئەنجوومەن بە پێویست نیشان دراوە كە لە تەوەرەی هەشتەمی بودجەی ئاسایی ئەم ساڵدا، ٧٥١٩ قوروش بە جێگیر كردن بگوازرێتەوە بۆ تەوەرەی پێنجەمی بودجەی زیاد لە ئاسایی، بەڵام ناونیشانی بودجەی تەوەرەی پێنجەم بودجەی زیاد لە ئاسایی پەیوەستە بە (خەرجی دامەزراندنی پەیمانگای مامۆستایان)، بۆیە لەم تەوەرە ڕێكخستنی خەرجی دروست كردنی مەكتەبی سەرەتایی مەحاڵە، هەرجی خەرجی دروست كردنی مەكتەبە سەرەتاییەكانە دەرماڵەكەی لە تەوەرەی سێیەم تۆمار كراوە، لە وێنەی ئاماژە پێكردنەكە دەركەوتووە هەڵەیەك بووە، ئەو دەرماڵەی كە داواكراوە گوازراوەتەوە بۆ تەوەرەی سێیەم و لەم تەوەرەیە زیاد كراوە، هەروەها چۆنیەتی كارەكەش بە ڕەزامەندی جەنابی ملوكانە بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی و وێنەی پەسەند كراوی هاوپێچ بۆ واڵا نێردراوە، هیممەت بكرێت لە جێبەجێ كردنی كارەكە.





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004414.331046 | 18 ڕەجەب 1334 |
|---|---|---|

١٨ ڕەجەب ٣٣٤
٨ مایس ٣٣٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێـژووی ٣٠ نیسـان ٣٣٢ ژمـارە ٢٠٤ وەڵامی نووسراوی عالیە: مەسـعود بەگ قائیمقامی قەزای زاخـۆ دوور خراوەتەوە، دوای ڕەزامەنـدی جەنابـی پاشـا بـە فەرمانی پاشـا فەرمووپەتی وێنەی پەسـەند کراوی بـۆ دەوڵەت نێـردراوە ئەفەندم.

لەسەر فەرمانی پاشا لە مێژووی ٤ مایس ٣٣٢




BEO.004422.331602.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 0004422.331602 | 16 رەمەزان 1334 |
|---|---|---|

١٦ رەمەزان ٣٣٤
٤ تەمموز ٣٣٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێـچ وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ٢٩ حوزەیـران ٣٣٢ ژمـارە ٣٦٠: سـادق بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحییە، لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ دامەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوای رەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا فەرموویەتـی، وێنـەی پەسـەندكراوی بـۆ عالـی نێـردراوە ئەفەنـدم.

لەسەر فەرمانی پاشا لە مێژووی ٢ تەمموز ٣٣٢



OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS.M
30 | 20 | 1

DH.MB.HPS.M.00030.00020.001


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS.M
30 | 20 | 2

DH.MB.HPS.M.00030.00020.002

هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS.M
30 | 20 | 3

DH.MB.HPS.M.00030.00020.003

| DH.MB.HPS.M. | 00030.00020 | 26 شەوال 1335 |
|---|---|---|

- خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانەی قەزای عەمادیە

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | تێبینی | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوانی کوشتن | 0 | 0 | 0 | | 1 | | 1 |
| ئاژاوە | 0 | 0 | 0 | | 0 | 0 | 0 |
| کاری بەد | 0 | 0 | 0 | | 0 | 0 | 0 |

دوای ئـەوەی ئامـاری قـەزای عەمادیـە بـە ڕێسـا ئەنجـام دراوە، دەرکەوتـووە تەنیـا یـەك کـەس بـە تاوانـی کوشـتن دەستبەسـەکراوە، هەروەهـا سـزا دراو نەبـووە، لـەم ڕووەوە خشـتە ڕێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە، لـە ١ مـارت ٣٣٣.
قائیمقامیعەمادیە

- خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانەی دهۆك


| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | تێبینی | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوانی کوشتن | 0 | 0 | 0 | مارت 333 | 7 | 0 | 7 |
| ئاژاوە | 1 | 0 | 1 | نیسان هەمان ساڵ | 2 | 0 | 2 |
| کاری بەد | 0 | 0 | 0 | مایس هەمان ساڵ | 2 | 0 | 2 |
| دەبێتە | 1 | 0 | 1 | حوزەیران هەمان ساڵ | 11 | 0 | 11 |

لە ساڵی ١٣٣٣ لە سەرەتای مارت تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ خشتەی ژمارەی سزادراوان و دەستبەسەرکراوانی دهۆك ڕێکخراوە، لە ١ تەمموز ٣٣٣.
قوماندانی یوزباشی ژاندارمەی بلۆکی دهۆك

- خشتەی چوار مانگی گرتووخانەی زاخۆ لە مارت تا حوزەیران ٣٣٣.

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | تێبینی | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوانی کوشتن | 0 | 0 | 0 | | 0 | 0 | 0 |
| ئاژاوە | 1 | 0 | 1 | | 0 | 0 | 0 |
| کاری بەد | 1 | 0 | 1 | | 0 | 0 | 0 |

لەگەڵ تۆمار هاوشێوەیە لە ١٥ ئۆغستۆس ٣٣٣


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS.M
30 87


DH.MB.HPS.M.00030.00087.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MB.HPS.M. | 00030.00087 | 3 زيلحيجه 1335 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٠٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە

هاوپێچی داواكاری مێژووی ٨ ئۆغستۆس ٣٣٣ ژمارە ١٥٨، لە مانگی مارتی ئەم ساڵەوە تا كۆتایی حوزەیران خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانەكانی قەزاكانی دهـۆك و عەمادیە و زاخـۆ پێشكەش كراوە، لەبەر ئەوەی قەزای سنجار رێكخستنی دادی نییە، بۆیە گرتووخانەی نییە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات.
لە ٣ زیلحیجە ٣٣٥ و لە ٢٠ ئەیلوول ٣٣٣
وەكیلی والی موسڵ





هەواڵنامەی کتێب

| I.DUIT. | 00045.000041 | 25 جەمادی یەکەم 1335 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی
ژمارە ١١٦ تایبەتی
فەرمانی پاشا
بـە دوورخسـتنەوەی قائیمقامـی زاخۆ سـادق بەگ لە شـوێن ئـەو مەزهەر بەگ قائیمقامی عەقـرە و بۆ قائیمقامیەتی عەقـرەش مونیـر بـەگ قائیمقامـی رانیـە دادەمەزرێـن، بـە مووچەکانیانـەوە دەگوازرێنـەوە شـوێنی مەبەسـت.

بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٥ لە ١٩ مارت ١٣٣٣.
سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)


شورای دولت خصوص مسوده ورقه‌سی

OSMANLI ARŞİVİ
ŞD
89 | 8 | 2

ŞD.00089.00008.002

هەواڵنامەی کێڤ

| ŞD. | 00089.00008 | 20 شەوال 1335 |
| --- | --- | --- |
| كاغەزی رەشنووسی تایبەت بە شورای دەوڵەت<br>٢٠ شەوال ٣٣٥<br>٩ ئۆغستۆس ٣٣٣<br>ئەم بریارنامەیە هاوپێچی بریارنامەی مێژووی ٩ مایس ٣٣٣ ژمارە ٤٨ی ئەنجوومەنی كارگێری ویلایەتی موسڵە<br><br>ئیسماعیل ئەفەندی فەرمانبەری تاپۆی قەزای دهۆك لەسەر بابەتی وەرگرتنی بەرتیل بریار لە ئەنجوومەنی كارگێری ویلایەتی موسڵ دەرچووە كە دادگایی كردنەكەی قەدەغە كردووە، لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٢٧ حوزەیران ١٣٣٢ ژمارە ٦ ی دەفتەر خاقانی ئەمانەت نێردراوەتە شورای دەوڵەت، بریارنامە لەگەڵ كاغەزی پەیوەست بەم بابەتە هەروەها لە فەرمانگەی مەعاریف لە كاتی ووردبینی دەركەوتووە، لە مێژووی ٣١ تەمموز ٣٣٣ بریاری قەدەغەكردنی دادگاییكردنەكەی پەسەند كراوە، | | |





DH.ŞFR.00103.00041.001

هەواڵنامەی ڕێبەر

| DH.ŞFR. | 00103.00041 | 4 ئەیلوول 1335 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی تایبەت
٧٧١٦
بۆ موتەسەرفی سەعرد
شیفرە
لە بارەی ئەرمەنییەکان کە لە زاخۆ کۆبۆنەتەوە و سنووریان بریوە، هەواڵ هاتووە، لە مێژووی ٢٨ ئۆغستۆس ٣٣٥ تەلەگرافنامە نووسراوەتەوە و بە پەلە وەڵامەکەی رابگەیەندرێت.

لە ٤ ئەیلوول ٣٣٥
نازر



OSMANLI ARŞİVİ
DH.İ.UM.EK
107 28

DH.İ.UM.EK.00107.00028.001

هەواڵنامەی کێتێ

| DH.I.UM.EK . | 00107.00028 | 3 جەمادی یەكەم 1335 |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٩٠ تایبەتی
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لە ناو شارۆچكەی زاخۆ، شەوی نۆیەمی ئەم مانگە، كاتژمێر ٦ لە كاتی رۆژئاوا بوون، لە رۆژیش دوو جار بوومەلەرزە روویداوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا خەڵك و بیناكان زیانیان پێ نەگەیشتووە، لەسەر ئەم ئاماژەی ناوچەكە راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات.
لە ٣ جەمادی یەكەم ٣٣٥ و لە ١٢ شوبات ٣٣٢
حەیدەر والی موسڵ


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

تلغرافنامه

دولت عثمانيه

DH.ŞFR 538/83

DH.ŞFR.00538.00083.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.ŞFR. | 00538.00083 | 4 رەبیعی کۆتایی 1335 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

ژمـارە ٤، دەرکەوتــووە ســادق ئەفەنــدی قائیمقامــی زاخــۆ، قوماندانــی ژاندارمــە دوای بێزارکردنــی بــە دەمانچــە لووتــی برینــدار کــردووە، کەسـێك لــە داواکاری گشــتی مەرکــەز لەگــەڵ قائیمقامــی دهــۆك چوونەتــە شــوێنەکە، بــە گوێــرەی ئــەو لێکۆڵینەوانــەی دەکرێــت و بــە پشــت بەســتن بــە ئەنجامەکــەی مامەڵەیــان لەگــەڵ دەکرێــت، قائیمقــام بانگــی مەرکــەز کــراوە، ئەنجامەکــەی رادەگەیەندرێــت.

حەیدەر والی موسڵ




DH.ŞFR.00547.00022.001



DH.ŞFR.00547.00022.001


| DH.ŞFR. | 00547.00022 | 9 جەمادی یەكەم 1335 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>ژمارە ٤، بەسری بەگ قائیمقامی دهۆك لە یەكەم رۆژ بە موسی تراش گەروو لەگەڵ دەماری قۆڵی راست و چەپی بڕیوە، هەوڵی داوە خۆی بكوژێت، پشكێنەرێكی لێكۆڵینەوەی مولكیە بۆ یەك مانگ بچێتە قەزاكە چونكە ئەگەرێكی بەهێزە كاریگەری برینێكە وای لە خۆی كردووە، هەروەها پزیشكێك بۆ تیماركردنی بنێردرێت و لەگەڵ ئەمەش وەكیلێكی گونجاو بۆ ناوچەكە بنێردرێت.<br>لە ٣ مارت ٣٣٣<br>حەیدەر والی | | |




DH.EUM.2.Şb.00058.00057.001

| DH.EUM.2.SB. | 00058.00057 | 21 زیلقەعدە 1336 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
لە موسڵ دەرچووە
لەگەڵ قائیمقام و ژاندارمەی قوماندانی بلۆك، ١٠٠ ژاندارمە و بەشێك لە سەربازی پەراگەندە مەفرەزەیەك ڕێکخراوە و نێردراوەتە سەر هۆزی سندی کلی قەزای زاخۆ، بەم ئاماژە پێکردنە لە فەرمانگەی ئامادەکاری و ئامۆژگاری بەدواداچوون کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی حکوومەت تۆمار و هەژماری نهێنی بۆ مەڕومالات و دە یەك و داهاتی جۆراوجۆر دەستی پێکردووە، لەسەر ئاماژەی ناوەخۆ ڕاگەیەندراوە.
مەمدوح والی موسڵ



اسامی ولایت
ملاحظات
یکون عمومی
OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS

| DH.MB.HPS. | 00160.00050 | 18 جەمادی یەکەم 1336 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ/ ١ مارت ١٣٣٤/ خولی یەکەم

| ناوی ویلایەت | کاری بەد | | | ئاژاوە | | | تاوان | | | دەست بەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆی گشتی | نێر | مێ | کۆی گشتی | نێر | مێ | کۆی گشتی | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| مەرکەزی ویلایەتی موسڵ | 0 | 0 | 0 | 38 | 6 | 44 | 205 | 4 | 209 | 180 | 15 | 195 |
| قەزای عەمادیە | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 | 3 | 6 | 1 | 7 | 9 | 1 | 10 |
| قەزای زاخۆ | | | | | | | | | | | | |
| قەزای عەقرە | | | | | | | | | | | | |
| قەزای سنجار | | | | | | | | | | | | |
| قەزای زێبار | | | | | | | | | | | | |
| مەرکەزی لیوای کەرکووک | 0 | 0 | 0 | 7 | 0 | 7 | 87 | 0 | 87 | 194 | 0 | 194 |
| قەزای رواندز | | | | | | | | | | | | |
| قەزای کۆی سانجەق | | | | | | | | | | | | |
| قەزای رانیە | | | | | | | | | | | | |
| قەزای سەلاحیە | | | | | | | | | | | | |
| قەزای هەولێر | | | | | | | | | | | | |
| مەرکەزی لیوای سلێمانیە | | | | | | | | | | | | |
| قەزای گولعەنبەر | | | | | | | | | | | | |
| قەزای مەعمورەی حەمیدیە | | | | | | | | | | | | |
| قەزای بازیان | | | | | | | | | | | | |
| قەزای شەهرباژار | | | | | | | | | | | | |
| قەزای دهۆك | | | | | | | | | | | | |

هەولاتنامەی کتێب




DH.ŞFR.00573.00040.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00573.00040 | 21 سەفەر 1336 |
| --- | --- | --- |


تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
شیفرە
ژمارە ٤، بەبێ دادگای كردن لە شورای دەوڵەت بریاری لەسەر دراوە، لەگەڵ نووسراوەكانی ٨ تەمموز ٣٣٣ ژمارە ١٩٩ ئاگاداری دراوە، لەبارەی سزاپەكە قائیمقامی پێشوو مەسعود بەگ ماوەیەك بە وەكالەت لە قائیمقامیەتی عەقرەدا بووە، بەڵام قائیمقامیەتەكە بە كراوەیی ماوەتەوە، لە ویلایەتی دیاربەكر لە قائیمقامیەتێكی هاوشێوەی چینی خۆی دادەمەزرێت، تكا دەكەم.
٦ كانوونی یەكەم ٣٣٣
مەمدوح والی



DH.KMS.00053.1.00009.002

هەوالنامەی کتێب


<table dir="rtl">
<tr><td>DH.KMS.</td><td>00053.1.00009</td><td>7 شەعبان 1337</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>قەڵەمی شیفرە<br>لە وان دەرچووە<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرە<br>سـبەی بـە هــەزاران کـەس لـە هۆزەکانـی جەزیـرەی دیاربەکـر هەروەهـا زاخـۆ و عەمادیـەی موسـڵ، لەگـەڵ مەروماڵاتەکانیـان دەیانەوێـت بێنـە قەزاکانـی وان، بیتولشـەباب، نـەورۆز، شـتاق و مەکـس، ئـەم سـاڵەش بـە هاتنیـان کێشـە و ئـاژاوەی زیاتـر بـۆ دەوڵـەت دروسـت دەکـەن، بـۆ ئـەوەی هـۆکار نەدرێتـە دەسـت، لـە ئێسـتاوە کار بکرێـت تـا نەیەنـە ناوچەکـە، تـکا دەکرێـت، لـە ٨ مایـس ٣٥.<br>حەیدەر والی</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00099.00178.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00099.00178</td><td>12 شەعبان 1337</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>قەڵەمی تایبەتی<br>٥٥٥٣<br>بۆ ویلایەتی وان/ شیفره<br>لە ٦ مایس ٣٣٥، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت هۆزەكانی ناوەخۆ هاوبەشی سەرپێچیەكانی هۆزەكانی عەمادیە و زاخۆ بكەن و ڕێگە نەدرێت ڕێكبكەون، ئامادەكاری بكرێت و ڕێگەیان پێ نەدرێت، لە ١٣ مایس ٣٣٥.<br>نازر</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
99 192

DH.ŞFR.00099.00192.001


هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00099.00192</td><td>13 شەعبان 1337</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی<br>شیفرە<br>بۆ ویلایەتی وان<br>زۆر گرنگ و بە پەلەیە<br>بۆ یەکەی ئاسایش<br>ئـەو ئامۆژگاریـەی دراوەتـە سـەرۆکی هـۆزی شرنـاق عەبدولرەحـمان ئاغـا سـوودی هەبـووە، ئـەو تەلەگرافنامەیـەی کـە لـە ناوبـراو وەرگیـراوە، بـە هیـچ شـێوەیەك بیرۆکـەی سـەرپێچی فەرمانـی حکوومەتـی نییـە و چۆنیەتـی کوشـتنی حاکمـی سیاسـی زاخـۆش لەلایـەن ئەرمەنییەکانـەوە ئەنجـام دراوە، هەروەهـا لـە دژی ئینگلیـز لـە حکوومەتـەوە هیـچ فەرمانێـك نەبـووە، بۆیـە بـە هیـچ شـێوەیەکیش بیرۆکـەی جموجۆڵـی نەشـیاوی نییـە، دوای ئـەم دڵنەواییـە، بـە ویلایەتـی بەتلیـس ڕاگەیەنـدراوە، بـە تێروانیـن لـەم حاڵەتـەدا بـە بەرقـەرار بوونـی ئاسـایش سـەرقاڵە، لـەوێ هیـچ نیـازی دەسـت لـە کارکێشـانەوەی نییـە، لـە ١٤ مایـس ١٣٣٥.<br>بە ناوی نازر</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00600.00101.001

| 25 موحەررەم 1337 | 00600.00101 | **DH.ŞFR.** |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>هاوپێـچ، مەركـەزی ویلایـەت بـە تەواوەتـی دەگوازرێتـەوە زاخـۆ، دوێنـێ لـە لەشـكرەوە ئـاگاداری هاتـووە، ئـەو كاغـەز و تۆمـارە گرنگـەی كـە لـە فەرمانگـەكان ماوەتـەوە، لەگـەڵ فەرمانبـەران بـە گشـتی هەروەهـا زیندانیـان و دەستبەسـەركراوانیش بـە تەواوەتـی دەگوازرێنـەوە زاخـۆ، ئەوانـەی ماوەتـەوە رێككەوتـن كـراوە، لـە سـەر تەلەگرافنامـەی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت دەستپێشـخەری كـراوە لـە هێنانیـان بـۆ موسـڵ، راگەیەنـدراوە.<br>٣١ تشرینی یەكەم ٣٤<br>نوری وەكیلی والی | | |





DH.ŞFR.00626.00151.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00626.00151 | 25 رەجەب 1337 |
|---|---|---|


تەلەگرافنامە
٢٦ نیسان ١٣٣٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچی شیفرەی ١١ نیسان ٣٥، سێ فرۆكەی ئینگلیز هاتوونەتە سەر سەربازان، ٢ بۆمبیان فرێ داوە، بەڵام خاڵی خۆی نەپێكاوە، هەروەها لەگەڵ جێبەجێ كردنی پشكنین گەڕاونەتەوە، ٩ سەرباز هاتوونەتە زاخۆ، بە هەواڵگری قائیمقامیەتی شەرناق بە موتەسەرفیەتی سەعرد ڕاگەیەندراوە، زانیاری ڕادەگەیەندرێت.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIGI (BOA)
تلغرافنامه
دولت عثمانيه
DH.ŞFR 629/24

DH.ŞFR.00629.00024.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00629.00024</td><td>7 شەعبان 1337</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>ژمـارە ٢، هۆزەكانـی جەزیرەی سـەر بە دیاربەكر و زاخۆ و عەمادیەی سـەر بە موسـڵ سـبەی لەگەڵ هـەزاران مەڕوماڵات و ئاژەڵـەوە هەروەكـو كـۆن دەیانەوێـت بێنـە هێڵـی وان، كـە قەزایەكانی بەیتولشـەباب و نەورۆز و شـەتاق و مەكسـەر دەگرێتـەوە، ئـەم سـاڵەش لـە كاتـی هاتنیان ئەوا زیاتر لە پێویسـت بۆ سـەر سـەری دەوڵـەت دەبنە كێشـە و تەنگانە، بۆ ئـەوەی رووبەرووبوونـەوە رووندادات تكا دەكرێت لە ئێسـتاوە بۆ هاتنیان رێگەی پاراسـتن بگیرێتە بەر، لـە ٨ مایس ٣٣٥.<br>حەیدەر والی</td></tr>
</table>


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)
تلغرافنامه
دولت عثمانیه
DH.ŞFR- 642/39

DH.ŞFR.00642.00039.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ŞFR.</td><td>00642.00039</td><td>20 زیلقەعدە 1337</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>زۆر بە پەلەیە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>١٥٠٠ ئینگلیـزی پیـادە و ٣٠ ئۆتۆمبێـل و چەندیـن ئۆتۆمبێلـی بچـووك و ٢ فرۆکـە لەگـەڵ حاكمـی سیاسـی موسـڵ هاتوونەتـە زاخـۆ، هەروەهـا لـەم كۆبوونەوەیـان مەبەسـتیان تەمبـێ كردنـی كلیكوبانـە، ئەگـەر مەبەسـتیان تەمبـێ كردنـی كلیكوبـان بێـت، ئـەوا گومـان هەیـە بـۆ جەزیـرە پێـشڕەوی بكـەن، ئامـاژە لـە قائیمقامیەتـی جەزیـرە هاتـووە و زانیـاری پێویسـتیش دراوەتـە لەشـكری قـول و قـەزا.<br>فائق كەمال والی</td></tr>
</table>



DH.ŞFR.00643.00090.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00643.00090 | 28 زیلقەعدە 1337 |
| --- | --- | --- |

تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچـی شـیفرەی ژمـارە ٢٩٣ی ئەمرۆیـە، ئـەو ژمـارە گونجـاوەی فەرمانبـەران کـە بـۆ ڕووداوەکانـی زاخـۆ بەکاردەهێنرێـن، بـە تەلەگـراف فەرمـان دراوە بـۆ خـەرج کردنـی بڕێکـی گونجـاوی داهـات، لـە موتەسـەرفیەتی ماردیـن ئامـاژەی پـێ دەکرێـت، بـۆ خەرجـی ئەرکەکـە لـە ویلایەتـەوەش بـڕی گونجـاوی داهـات بدرێـت، لـە ٢٥.
والی عالی



مجلس وكلاء
مذاكراته مخصوص ضبطنامه
تاريخى
خلاصه سى
قرارى
MV. 218/11

هەواڵنامەی کتێب

| 20 رەبیعی کۆتایی 1338 | 00218.00011 | **MV.** |
|---|---|---|

ئەنجوومەنیبریکاران
بریارنامەی تایبەت بە گفتوگۆ
٢٠ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٨
١٢ کانوونی دووەم ١٣٣٦
پوختەی بابەت
جەلال بەگی بەدرخان سـەرۆك هۆزەكانی قەزای شرناخی داوەت كردووە تا گفتوگۆ لەسـەر كوردسـتان بكەن، لەسـەر وێنـەی تەلەگرافنامـەی موتەسـەرفیەتی سـەعرد كـە بـۆ نەزارەتـی ناوەخۆ نێـردراوە، لـە وەڵامـدا ئـەو ئاگاداریانەی كە ئەنجـام دراون، لـە قوماندانیەتـی ١٣ی قولـی لەشـكر تەلەگرافنامە هاتـووە، وێنەیەكی نێـردراوە، هەروەهـا بۆ ئەوەی رێگـە نەدرێـت حاكمـی سیاسـی زاخـۆ لەگەڵ هۆزەكانـی ناوچەكەمـان گفتوگۆ بكەن، دەسـت پێشـغەری بكرێت، بۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی مێـژووی ١ كانوونـی یەكـەم ٣٣٥ ژمـارە ٦٩٣٧ لەگـەڵ هاوپێچەكانـی خوێندنـەوەی بـۆ كرا.

بریار
وێنەی نووسراو بۆ نەزارەتی دەرەوە نێردرا تا دەستپێشغەری بكەن لە ئەنجام دانی كارەكان.




HR.İM.00094.00010.001

هەواڵنامەی کتێب

| 24 جەمادی یەکەم 1342 | 00094.00010 | HR.IM. |
|---|---|---|

كۆماری توركیا
وەكالەتی دەرەوە
ژمارە ٣٠٤٠١٤
لە وەكالەتی دەرەوە بۆ دەزگای مۆڵەت وەرگرتنی دەرسەعادەت
وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ٥ كانوونـی یەكـەم ٣٩ ژمـارە ٣٨٠/٨٧٨ عالیـە، داود كـوڕی شـامون ئەفسـەری پۆلیسـی ناحیـەی زاخـۆ سـەر بـە لیـوای موسـڵ لەلایـەن سـەربازەكانمانەوە دەسـت بەسـەر كـراوە، بـۆ ئـازاد كردنـی لـە نوێنەرایەتـی ئینگلیـز نـووسراو رۆیشـتووە، بـە گوێـرەی ناوەرۆكەكـەی لـە شـوێن خۆیـدا لێكۆڵینـەوە ئەنجـام دراوە، هەروەهـا ئـەم جـارە لـە ویلایەتی موسـڵ لـە فەرمانگـەی ئاماژەكان ڕەشنووسـی نـووسراوی وەڵام نێـردراوە، هاوپێچ پێشـكەش كراوە، دوای سـپی كردنەوەی ئەم ڕەشنووسـە، پێویسـتە بە نوێنەرایەتی ناوهاتوو ڕابگەیەندرێت ئەفەندم.
لە ٢ كانوونی دووەم ٣٤٠
ڕاوێژكار بە ناوی وەكیلی دەرەوە